تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
کەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5665) یەک شەممە 6ی کانونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

کەمال کەرکووکی: تا دۆخەکە ئاسایی نەکرێتەوە پارتی ناگەڕێتەوە کەرکووک

کەرکووک 4 فیرقە پۆلیس و فیرقەیەکی دژەتیرۆر و 24 جۆر حەشدی شەعبی تێدایە

دکتۆر کەمال کەرکووکی بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کەرکووک/گەرمیانی پارتی، لە لێدوانێکیدا بۆ بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکا، ئاماژە بەوەدەکات کەوا پارتی ناگەڕێتەوە کەرکووک تا دۆخەکە ئاسایی نەکرێتەوە هۆکاری نالەباری دۆخی کوردیش بۆ 16ی ئۆکتۆبەر دەگێڕێتەوە کە یەکێتی بە بەرپرسیار زانی. کەمال کەرکووکی، ئەوەشی ئاشکرا کردووە: کەرکووک 4 فیرقە پۆلیسی ئیتیحادی و فیرقەیەک دژەتیرۆر، لەگەڵ 24 جۆر هێزی حەشدی شەعبی تێدایە دەبێت ئەمانە بڕۆنە دەرەوە و شار ڕادەستی پۆلیس بکرێت، ئینجا وەکو پارتی دەگەڕێینەوە شارەکە.

عێراق پابەندی بڕیارەکەی ئۆپێک دەبێت لەبارەی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت

غەزبان رایگەیاند کە عێراق پابەندی ئەو بڕیارە دەبێت کە ولاتانی ئەندام لە ئۆپێک و ولاتانی بەرهەمهێنەر لەدەرەوەی ڕێکخراوەکە دەریانکردووە لەبارەی سنووردارکردنی بەرهەمهێنانی نەوت بەڕێژەی ملیۆنێک و دووسەد هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

فازڵ میرانی بۆ (العربیە):

کورد مافی خۆیەتی لەسەر خاکی خۆی دەوڵەتی هەبێت



لە میانی بەرنامەی (الذاکرة السیاسیە) کە لە کەناڵی (العربیە) پێشکەش دەکرێت و لە ئەڵقەی یەکەمی بەرنامەکەدا فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: خودی سەربەخۆیی کوردستان خەونی هەموو کوردێکی ڕاستگۆیە و هەر کوردێکیش بەپێچەوانەی ئەوەوە قسە بکات، ڕاست ناکات، دووپاتیشی کردەوە هیچ دەقێکی ئاسمانی نییە مافی سەربەخۆیی لە کورد حەرام بکات، کورد تورک و عەرەب و فارس نییە و عەرەب 22 دەوڵەتی هەیە و کورد خاک و جوگرافیا و ئابووری هەیە و کورد پێشی هەزاران ساڵیش لەو خاکەدا هەبووە و بە قەناعەتی خۆیەوە چووە نێو ئایینی ئیسلام و کورد مافی خۆشیەتی لەسەر خاکی خۆی دەوڵەتی خۆی هەبێت، وەکو گەلانی دیکە کە شانازی بە مێژوو و دەوڵەتی خۆیانەنەوە دەکەن لە کاتێکدا ئەوان خاوەنی ئەو خاکە نین، بەڵکو بە کۆچەوە هاتوون.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

لە کەرکووک فەرمانی دەستگیرکردن بۆ فەرماندەیەکی کورد دەردەچێت

فەرمانی دەستگیرکردن بۆ بەرپرسێکی ئەمنیی کورد لە کەرکووک دەردەچێت و میدیا عێراقییەکانیش ناوەڕۆکی فەرمانەکە بڵاو دەکەنەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ککشار سلێمان

پێشمەرگەی کۆماری مەهاباد و هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان کۆچی دواییکرد



دوای ململانێیەکی زۆر لە گەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی فیداکار ککشار سلێمان مێرگەسۆری لە نەخۆشخانەکانی هەولێر کۆچی دواییکرد. لەمەراسیمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی قائیمقامی مێرگەسۆر و بەرپرسانی حزبی و حکومی و جەماوەری دەڤەری بارزان لە گۆرستانی قەزای مێرگەسۆر بە خاک سپێردرا.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

جوان حەسەن: ئەوانەی بۆ لابردنی ڕێبوار تاڵەبانی واژۆیان کرد ئێستا پەشیمان بوونەتەوە



جوان حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت هەر لە ئێستاوە هەوڵی لابردنی ڕێبوار تاڵەبانی شکستی خواردووە چونکە ئەوانەی واژۆیان کردووە پەشیمان بوونەتەوە. دەشڵێ، سەرەڕای بڕیاری دەستگیرکردن بۆ سەرۆکی ئەنجوومەن، پێش دوو ڕۆژ بە واژۆی ئەو مووچەی ئەندامانی ئەنجوومەن و فەرمانبەرانی شارۆچکەی داقووق خەرجکراوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بزووتنەوەی ئیسلامی لە کەرکووک: دەستێک هەیە نایەوێ کورد بگەڕێتەوە بۆ شارەکە

دوابەدوای ئەوەی دادگەی تێهەڵچوونەوەی کەرکووک بڕیاری دا کە ڕێبوار تاڵەبانی لە پۆستەکەی دووربخاتەوە و ئێستاش عەرەب و تورکمان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لە هەوڵی ئەوەدان کە ڕۆژی 8ی ئەم مانگە دانیشتنی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک ئەنجامبدرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سوپای عێراق

سەلام عەبدوڵلا

لە دامەزراندنی سوپای عێراقیەوە، کە کورد بەشداریەکی کارای لە پێکهێنانیدا گێڕاو زۆربەی ئەفسەرە باڵاو شارەزاکانی تێیدا بەشداربوون، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەو سەرەتایەوە هەڵوێستی بەرامبەر کورد و دۆز و داواکارییەکانی نەرێنی بووە، هەر بۆیەش بەرەنگاری گەلەکەمان بۆتەوە، هەرکاتێک داوای مافە ڕەواکانی خۆی کردبێت، جا ڕژێمەکە شانشینی بووبێت، یان کودەتای سەربازی وەکوو کودەتای چواردەی تەمموز، یاخود دیکتاتۆری بووبێت، وەک لە قۆناغی حوکمڕانی دوور و درێژی بەعسدا، ئەوا هەڵوێستی سوپا هەر دژی گەلەکەمان وەستاوە و لە هیچ تاوانێکدا بەرامبەر گەلەکەمان نەپرینگاوەتەوە و تا ئاستی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆساید ملی لێناوە.

ئێمە واماندەزانی ئەمە هەڵەی سیستەمە یەک لەدوای یەکەکانی حکوومەتی عێراقییە کە بەوجۆرە سوپای پەروەردە کردووە کە تەنها ئامێرێکی داپلۆسێنەر بێت بۆ کورد و هیچی دیکە. بەڵام وەک دەرکەوت ئەم تێزەش ڕاست دەرنەچوو، چونکە بەکۆتاییهێنان بە ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام وا دەزانرا کە سوپای نوێ کە ئەمجارەش بە هاوکاری کورد بنیاتنرایەوە جیاواز دەبێ لە سوپای پێشوو و تەنها ئالەتێکی سەر کوتکەر نابێ بۆ گەلانی عێراق، بەڵکو سوپا بۆ پاراستنی وڵات دژی دوژمنی دەرەکی دەبێت کە بەداخەوە ئەمجارەش وا دەرنەچوو.

گۆڕینی ڕژێم هیچ کاریگەرییەکی لەسەر عەقڵییەتی سوپا نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە هەمان شێوەی پێشوو پەروەردە کرایەوە کە تەنها کاری، بەپلەی یەکەم، بەرەنگاری داخوازییەکانی کوردبێت و هیچ دیکە.

هەموو دیمان، هەر لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە سوپا بە جۆرێک پەروەردە دەکرا و لە کورد پاک دەکرایەوە وەکو بە بەرنامەیەکی دارێژراوبێت بۆ ئەرکی داهاتووی کە بەرەنگاری هەموو داخوازییەکانی گەلەکەمان بێتەوە، وەک دیمان هەر کە سوپا خۆی گرتەوە و چەکی قورسی پەیداکرد، ئەوا ڕووی بۆ کوردستان وەرگێڕاو دەیویست هەموو ئەو دەستکەوتانەی دوای ڕووخانی ڕژێم دەست گەلەکەمان کەوتبوون لەناوبەرێت و سوپا بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان.

هەر ئەم سوپایەی کە ئاوا بە گەرمی خۆی بۆ شەڕی کورد ئامادە دەکرد، نەیتوانی بەرامبەر بە تیرۆریستانی داعش بۆ چەند ڕۆژێک بەرگە بگرێ، بەڵام بۆ شەڕی کورد وەک بۆ غەزا بچێت ملی دەنا.

ئەم سوپایەی ئەمڕۆ کە بڕیاربوو لە ململانێ سیاسیدا بەشدار نەبێ و دەستووریش ئەو ڕێگەیەی پێ نەدەدا، بەڵام چونکە پەروەردەببوو بە هەمان عەقڵییەتەوە بەڕێوەدەچوو، سوپا جارێکی دیکە بۆوە بە تەرەف و لە سوپای نیشتمانیەوە بووە سوپای تاقم و لایەن.

لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی هەستی نیشتمانپەروەرانەی حکوومەتی هەرێم بکەین کە ئەمساڵ شەشی کانوونی نەکردە پشووی فەرمی، چونکە گەلەکەمان تا ئەمڕۆ لە نەهامەتی زیاتر هیچ خێرێکی لەو سوپایە نەدیوە.



جەیمس جێفری
لە جێگەی مەکگۆرک دامەزرا

دوای دەستلەکارکێشانەوەی بریت مەکگۆرک، نوێنەری تایبەتی ئێستای ئەمەریکا بۆ سووریا جەیمس جێفری، وەک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش دامەزرێندرا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



کوردی سووریا بە نیازی مسۆگەرکردنی سەودایەکن لەگەڵ حکوومەتی ئەسەد

کاربەدەستێکی باڵای کوردی رایگەیاندووە کەوا ڕێبەرانی کوردی سووریا بە نیازی مسۆگەرکردنی سەوداییەکی ڕامیارین بە ناوبژیوانی ڕووسیا لەگەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد سەرەڕای پلانەکانی ئەمەریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لە ناوچەکە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



هاووڵاتیان گلەییان لە بەشە ئاردی بریکاری خۆراک هەیە

هەموو مانگێک لەرێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە بەشە ئاردی هاووڵاتیان دابەشدەکرێ، بۆیە نرخی ئارد و نان و سەموون لە بازارەکان گران نابێت. بەگوتەی بەڕێوەبەری دروستکراوی دانەوێڵەی هەولێر، ئیشوکاری دروستکراوی دانەوێڵەی هەولێر سەرپەرشتیکردنی بەشە ئاردی هاووڵاتیانە.

(زیاتر لە ل12 بخوێنەوە)



ککشار سلێمان پێشمەرگەی کۆماری مەهاباد و هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان کۆچی دواییکرد

بارزان- خەبات: سەفەر ژاژوکی:

دوای ململانێیەکی زۆر لە گەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی فیداکار ککشار سلێمان میرگەسۆری لە نەخۆشخانەکانی هەولێر کۆچی دوایی کرد. لەمەراسیمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی غەفور ئەحمەد مالەسواری قائیمقامی میرگەسۆر و بەرپرسانی حزبی و حکومی و جەماوەری دەڤەری بارزان و هاوسەنگەر و کەسوکاری تەرمی خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی فیداکار ککشار سلێمان میرگەسۆری لە گۆرستانی قەزای میرگەسۆر سەربەدەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی قارەمان مام ککشار سلێمان میرگەسۆری لە سالی 1914 لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ لە میرگەسۆر لە دایکبووە، لە سالی 1932 لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی تورکیا بووە، بەشداربووی شۆڕشی دووەمی بارزان 1943-1945و کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە لەگەڵ برایەکانی چەکیان لە شان بوو و باوەڕپێکراو لای بارزانیی نەمر، برای قارەمانی حەسەن سلێمان میرگەسۆری کە لە 17-3-1947شەڕی قەلاتوکان لە نێوان نەغەدە و شنۆ دوای بەرگریکردنێکی زۆر لە شوێنی خۆی نەبزوت تا زنجیری تانک وەسەریان پەڕی و پانیکردنەوە و خۆی فیدای کوردستان کرد. بۆ ترپش حاجی لەو کۆمارە دا شەهیدبوو، خوالێخۆشبوو مام ککشار لەسەر ڕێبازی برای شەهید و کەسوکاری شەهید بەردەوام و چەند ساڵ لە بەندیخانەی کەرکووک لەگەڵ پیاوە بارزانییەکان بوو، یەکێک لە سەرقولەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و خۆشەویستی بنەماڵەی بارزانیی نەمر، دوای نسکۆی شۆڕش لەگەڵ بنەماڵەکەی ئاوارەی ئێران بووە، بەشداری لە شۆڕشی گوڵان کردووە و کەسێکی نزیکی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و سەرۆک بارزانی بووە. لە شۆڕشی گوڵان کۆڕی قارەمانی محەمەد ککشار لە یەکێک لە داستانەکانی ناوبانگ شەهید دەبێت. دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە کوردستان. خوالێخۆشبوو مام ککشارسلێمان میرگەسۆری جگە لە پێشمەرگایەتی، کەسایەتی کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان و کەسێکی بەڕەحم و میهرەبان بووە، هەمیشە لە سەنگەری خەبات بووە بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای گەلی کورد، ماوەی چەندین ساڵ لەبەر خەبات و تێکۆشانی تووشی نەخۆشی ببوو، دوای نەخۆشیەکی زۆر لەگەڵ 105 ساڵی دا کۆچیدوایی کرد.

فازڵ میرانی لەگەڵ کۆنسوڵی ئەمەریکا کۆبۆوە

ستێف ڤیگن: بەردەوام دەبین لە هەماهەنگیی نێوانمان بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان



دوێنێ شەممە لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی، پێشوازی لە کۆنسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان ستێڤ ڤیگن و، جێگری کۆنسوڵی سیلڤیا بۆ کاروباری بازرگانی کرد. فازڵ میرانی، وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان، سەری ساڵی نوێی لێیان پیرۆز کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کارەکانیدا و هیوایشی خواست کە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا پەرەیان پێ بدرێت. هەروەها سکرتێری مەکتەبی سیاسی لەم دیدارەدا ئاماژەی بە پەرەسەندنەکان و پێشهاتەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق کرد و گوتی: لە لای ئێمە ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک گرینگە و هەروەها هەنگاوەکان و هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی تری هەرێم بۆ پێکهێنانی حکومومەتێکی نوێی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان، کە لە خزمەت خەڵکی کوردستاندا بێت بەردەوامن و، لەم پێناوەدا گفتوگۆکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گونجاو، درێژەیان دەبێت.

لە تەوەرێکی دیکەدا، میرانی جەختی کردەوە کە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە پڕۆسەیەکی سەرکەوتووی دیموکراتی بوو، پارتی پلەی یەکەمی بە دەست هێنا، بەڵام لای پارتی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان و پاراستن و سەقامگیریی ئەمن و ئاساییشی هەرێمی کوردستان، لە پێش هەر پلە و پۆستێک یا دەستکەوتێکدایە و ڕاشیگەیاند: لای ئێمە ئیستیحقاقی ئینتخابی گرینگە، بەڵام نەک بە فیفتی بە فیفتی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیدا، چونکە ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو سەلماندی کە ئەم سیستەمە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام پارتی ڕەچاوی میژوو و سەنگی یەکێتیی نیشتمانی دەکات.

لە لای خۆیەوە، کۆنسوڵی گشتیی ئەمەریکا، ستیڤ ڤیگن، سوپاسی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی کرد بۆ ئەم پێشوازییە و هیوای خواست بە زووترین کات حکومەتی نوێی کوردستان پێکبهێنرێت، کە لە خزمەتی گەلی کوردستاندا بێت و گوتیشی: ئێمە بەردەوام دەبین لە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوانمان بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و عێراق بە گشتی.

جوان حەسەن:

ئەوانەی بۆ لابردنی ڕێبوار تاڵەبانی واژۆیان کرد ئێستا پەشیمان بوونەتەوە



جوان حەسەن، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت هەر لە ئێستاوە هەوڵی لابردنی ڕێبوار تاڵەبانی شکستی خواردووە، چونکە ئەوانەی واژۆیان کردووە پەشیمان بوونەتەوە. دەشڵێ، سەرەڕای بڕیاری دەستگیرکردن بۆ سەرۆکی ئەنجومەن، پێش دوو ڕۆژ بە واژۆی ئەو موچەی ئەندامانی ئەنجومەن و فەرمانبەرانی شارۆچکەی داقووق خەرجکراوە.

جوان حەسەن، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: هەفتەی ڕابردوو لیستی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ لیستی عەرەبی و تورکمانی ئەنجامدا، کە تورکمانیش تەنیا چوار ئەندامی ئامادە بوون تێیدا واژۆیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەن لابدەن و کەسێکی ئەوان ببێتە سەرۆکی ئەنجومەن، بەڵام پێویستە نیسابی یاسایی تەواو بکەن و لە کۆی 41 ئەندام، پێویستە 21 ئەندام ئامادە بن، بۆیە پێویستە نۆ ئەندامی تورکمانی و شەش ئەندامی عەرەبی و شەش ئەندامی یەکێتییش ئامادەبن تاوەکو نیسابی یاسایی تەواو بێت و بتوانن کۆبوونەوە ئەنجامبدەن، چونکە ئەندامانی پارتی و یەکگرتوو و بێلایەنەکان ئامادەنین بەشداری بکەن، بۆیە قورسە نیسابی یاسایی تەواو بێت، لەبەر ئەوەی هەر لە ئێستاوە ئەندامێکی عەرەب لە واژۆکەی پەشیمان بووەتەوە و تورکمانیش هەموو ئامادە نین، بەمەیش نیسابی یاسایی تێکچووە.

جوان حەسەن گوتیشی: هەر لە ئێستاوە هەوڵی لابردنی سەرۆکی ئەنجومەن و تەواوکردنی نیسابی یاسایی کۆبوونەوەی ئەنجومەن، شکستی هێناوە لەبەر ئەوەی عەرەب و تورکمان کۆبوونەوە لەگەڵ ئەوان ناکەن بۆ ئەوەی دەسەلاتیان کەم ببێتەوە، بۆیە بەژوەندیی خۆیان بۆ کەس تێکنادەن.

دەشڵێ: ئێمە داوامان کردووە کە ئەگەر ناتواندرێت نیسابی یاسایی ئەندامان تەواو بێت، با کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری ئەنجامبدرێت و سەبارەت بە کێشەکانی کەرکووک قسە بکەین، بەڵام تورکمان و عەرەب ئامادە نین بێنە ئەو جۆرە کۆبوونەوە ڕاوێژکارییانە، جا چۆن ئامادە دەبن دەستەڵاتیان کەم ببێتەوە، بۆیە زۆر ئەستەمە ئەو کارە بکرێت.

ئەو هەروەها ئاماژەیشیدا: دوای بڕیاری دەستگیرکردنی ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، هەر ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، بە واژۆی تاڵەبانی موچەی ئەندامانی ئەنجومەنی قەزا و فەرمانبەرانی داقووق خەرجکراوە، بۆیە بڕیاری دەستگیرکردنی شکستی بردووە و تا ئێستاش واژۆی ئەو کاری پێ دەکرێت و سەرۆکی ئەنجومەنە.

سااڵنە پارەیەکی زۆر بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی عێراق خەرجدەکرێت

سیروان محەممەد: هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێوەچوونی سەرژمێریی گشتیی دایە



دوای ئەوەی وەزارەتی پلاندانانی عێراق باڵاوی کردەوە کە لە کۆتایی ساڵی 2020دا سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق بەڕێوەدەچێت، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕەتیکردەوە کە ئەمە بڕیاری فەرمیی بێت و دەڵێت: ڕێگریی سیاسی هەیە لە بەڕێوەچوونی پڕۆسەکە و هەرێم و بەغدا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن.

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان لە سەدا سەد لەگەڵ بەڕێوەچوونی پڕۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراقە، بەڵام هێشتا بڕیاری کۆتایی لەبارەی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراق نەدراوە، ئەوەشی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەڵاو کراوەتەوە گوایە عێراق ڕەزامەندیی پێشان داوە بۆ بەڕێوەچوونی سەرژمێریی گشتی لە کۆتایی ساڵی 2020، ئەوە تەنیا ڕەزامەندیی زارەکییە و دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق لەوبارەیەوە داوایەکی ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کردووە و ئەوانیش ڕەزامەندییان نیشانداوە، بەڵام هێشتا زۆری ماوە تا بڕیاری لەسەر بدرێت.

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوتیشیەتی: ئێمە لە مانگی ڕابردوودا دواکۆبوونەوەمان لەگەڵ بەغدا ئەنجامدا و زۆربەی نوێنەرانی وڵاتانی بیانی و نەتەوەیەکگرتووەکانیش تێیدا بەشداربوون، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا بۆچوونی هەرێمی کوردستانمان پێ ڕاگەیاندن کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بەڕێوەچوونی پڕۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانین، چونکە پڕۆسەکە پێویست بوو چەندین ساڵ بەر لە ئێستا بەڕێوە بچێت و زۆریش لە وادەی خۆی دوا کەوتووە.

محەممەد ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: لە کۆبوونەوەی مانگی ڕابردوودا، وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان بە ڕاشکاوی لەگەڵ بەغدا باسی ئەوەی کردووە، کە دەبێت هۆیەکانی ئەنجامنەدانی سەرژمێری لە ساڵانی 2009 و 2010 لابرێن، تا نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پڕۆسەکەدا، چونکە ڕێگریی سیاسی هەیە و تا ئەو ڕێگرییە هەبێت، زەحمەتە پڕۆسەکە ئەنجامبدرێت.

دەشڵێ: ساڵی ڕابردوو لە وڵاتی لوبنان دوو کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریی پەیوەست بە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی بەشێوەیەکی سەردەمیانە بەڕێوەچوونە و لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا هەرێمی کوردستان ئامادە بووە، چونکە چەندین پسپۆڕی بواری ئامار و وڵاتانی جیهان تێیدا بەشدار بوونە، بەڵام بەداخەوە سااڵنە پارەیەکی زۆر بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری خەرج دەکرێت و پڕۆسەکەیش بەڕێوە ناچێت.

جەیمس جێفری لە جێگەی مەکگۆرک دامەزرا



دوای دەستلەکارکێشانەوەی بڕێت مەکگۆرک، نوێنەری تایبەتی ئێستای ئەمەریکا بۆ سووریا جەیمس جێفری، وەک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش دامەزرێندرا. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕۆبێرت پالادینۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند، بالێوز جەیمس جێفری ئەرکی نوێنەرایەتی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لەئەستۆ دەگرێت. پالادینیۆ ئاماژەی بەوەش داوە، جێفری لەسەر نوێنەرایەتیی تایبەتی سووریاش بەردەوام دەبێت و نووسیویەتی، بالێوز جێفری پەیوەندییەکانی وەزارەتی دەرەوەی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لەبارەی ئامانجەکانی ئەمەریکا بۆ لەناوبردنی داعش لە سووریا و عێراق بەڕێوەدەبات و دەستەبەری جێبەجێکردنی پڕۆسەی کشانەوەی سەربازانی ئەمەریکا لە سووریا دەکات.

جێی باسە 19ی کانوونی یەکەمی 2018 مەکگۆرک دوای بڕیاری کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا، دەستی لەکارکێشایەوە. سەرۆکی ئەمەریکاش دۆنالد ترەمپ لەوبارەوە ڕایگەیاندبوو، مەکگۆرک بڕیاربوو مانگی شوبات ئەرکەکەی کۆتاییبێت، بەڵام ئێستا دەستی لەکارکێشاوەتەوە و ئاماژەی بەوە دابوو، ڕاگەیاندنەکان بابەتەکەیان گەورە کردووە.

فازڵ میرانی بۆ (العربیە):

کورد مافی خۆیەتی لەسەر خاکی خۆی دەوڵەتی هەبێت

ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لە نێواندا دابەشکراوە هزری سیاسی پێشکەوتوویان نییە

لە میانی بەرنامەی (الذاکرە السیاسیە) کە لە کەناڵی (العربیە) پێشکەش دەکرێت و لە ئەڵقەی یەکەمی بەرنامەکەدا فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: خودی سەربەخۆیی کوردستان خەونی هەموو کوردێکی ڕاستگۆیە و هەر کوردێکیش بەپێچەوانەی ئەوەوە قسە بکات، ڕاست ناکات.



دووپاتیشی کردەوە هیچ دەقێکی ئاسمانی نییە مافی سەربەخۆیی لە کورد حەرام بکات، کورد تورک و عەرەب و فارس نییە و عەرەب 22 دەوڵەتی هەیە و کورد خاک و جوگرافیا و ئابووری هەیە و کورد پێشی هەزاران ساڵیش لەو خاکەدا هەبووە و بە قەناعەتی خۆیەوە چووە نێو ئایینی ئیسلام و کورد مافی خۆشیەتی لەسەر خاکی خۆی دەوڵەتی خۆی هەبێت، وەکو گەلانی دیکە کە شانازی بە مێژوو و دەوڵەتی خۆیانەوە دەکەن لە کاتێکدا ئەوان خاوەنی ئەو خاکە نین، بەڵکو بە کۆچەوە هاتوون.

فازڵ میرانی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد دوای کۆماری کوردستان لە مهاباد بە 10 ساڵ کاتێک لە سەرەتایی قوتابی بوو ئەو بە حوکمی ئینتیمای خانەوادەکەی بەتایبەتی باوکی بۆ پارتی زۆر شتی خوێندووە و زۆر شارەزایی لە بارەی مێژووی کوردەوە هەبووە بە تایبەتی کۆماری کوردستان لە مهاباد و بوونی بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت و ئەو ناوەش زۆر لەسەر زاری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دووبارە دەبووەوە .

لەبارەی کۆماری کوردستان لە مهاباد میرانی دژی ئەوە بوو کە پەلە لە پێکهێنانی ئەو کۆمارە کرا بەتایبەتی لەوکاتەی کە چەندین دەوڵەتی تازە دوای دابەشکاری ناوچەکە دروستکران لەنێوان سەرکەوتووانی شەڕی دووەمی جیهان، هاوکات یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوکاتیشی بەوە تۆمەتبار کرد کە دەستی لە کورد هەڵگرت.

لەبارەی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە، فازڵ میرانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئەو گوندەی ئەو تیایدا بوو شایی و هەڵپەڕکێ و ئاهەنگی تیادا گێڕدرا و لە خەڵکەوە دەیبیست هیوا بۆ گەلی کوردستان گەڕایەوە، ئاشکراشی کرد لە ساڵی 1967 ئەو بەشێوەیەکی شەخسی بارزانیی نەمری ناسی، ئەوەشی ئاشکرا کرد دوای گەڕانەوەی بارزانی یەکەمین جاربوو گوێبیستی هوتاف بوو بە زمانی کوردی و ئەو کاتەش پارتی مۆڵەتی فەرمی لە بەغداوە وەرگرت.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی ئەوەی دووپاتکردەوە کە گەلی کورد گەلێکە و کۆڵنادات و خۆی بەدەستەوە نادات و هیواکانی کورد زیندە بەچاڵ نەکران و سەرەڕای هەموو ئەو تاوانانەی لە دژی ئەو گەلەدا ئەنجامدران، بەڵام ئەوان بە شانازییەوە هەستی نەتەوایەتیی لەنێو خۆیاندا بەهێزترکرد ئەوەشی خستەڕوو حکوومەتەکان بەپێی بەرژەوەندییەکانیان ڕێکدەکەون بە دیدی سەربازی یانیش حزبی. ئەوەشی دووپاتکردەوە گرنگترین گرفت لەنێوان کورد و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان لە نێواندا دابەشکراوە پرسی ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی و نەبوونی هۆشیاری سیاسییە لە لای ئەو حکوومەتانە و نەبوونی هاوشێوەیە لەنێوان دروشم و کردار و ناشکراشی کرد تا ئێستاش ئەو دەوڵەتانەی کە دەوڵەتی ئیسلامین و کوردستانیان لەنێواندا دابەشکراوە هزری سیاسی پێشکەوتوویان نییە و بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئیسلام ناجوڵێن، چونکە لە ئیسلامدا گرنگترین شت لە ڕەوشتی تاک ئەوەیە خواستی خێر بۆ خۆی بۆ برای خۆیشی بێت.

لە باسی شۆڕشی ئەیلوول و هۆکارەکانیشی میرانی دووپاتی کردەوە هەمان ئەو ڕەفتارانەی لە دژی کورد کران و وای کرد کورد ڕیفڕاندۆم ئەنجام بدات کە لە کاتی شۆڕشی ئەیلوولدا هەبوون واتا شۆڕشی ئەیلوول پەرچەکردار بوو لە دژی حکوومەتی عێراق، ئەگەرچی هەبوونی ناوی کورد لە دەستووری عێراقی ئەوکات دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ کورد، بەڵام ئەو هاوبەشییەی دەیستا بە میزاجی حکوومەتی عێراقی بوو وەکو ئەوەی ئێستا حکوومەتی عێراق مامەڵە لەگەڵ دەستووری عێراقدا دەکات و حکوومەتی عێراقیش کە قسەیەک دەکات کردارەکەی وەکو خۆی ئەنجام نادات .

میرانی دووپاتیکردەوە کرانەوەی بزاڤی نیشتیمانیی عێراقی بۆ پرسی کورد لە پرسی کورد لە تورکیا و سووریا و ئێران جیاوازترە بە هۆی جیاوازی مامەڵەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردی لەگەڵ بەغدا و مامەڵەی حزبە عێراقییەکان لەگەڵ کورد بەتایبەتی حزبی شیوعی عێراق و حزبی ئیشتیراکی عێراق و حزبی بەعس کە هەموویان لەگەڵ مافی کورد بوون وەکو دروشم، بەڵام حزبی بەعس کە تاکە حزب بوو حوکمی عێراقی کرد هیچ یەک لە دروشمەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد . هاوکات ئاشکراشی کرد حزبی شیوعی تورکیا کە لە حزبی شیوعی عێراق کۆنترە لە ساڵی 1991 دانی بە مافی کورد نا. لەبارەی پاڵپشتی ئیسرائیلیش میرانی ئەوەی نیشاندا کوردستان هیچ سنووریکی لەگەڵ ئیسرائیل نییە، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە ئەگەر پاڵپشتیی کوردستان کرابا لەگەڵ ئیسرائیل کوردستان ڕەتیدەکردەوە.

لە کەرکووک فەرمانی دەستگیرکردن بۆ فەرماندەیەکی کورد دەردەچێت



فەرمانی دەستگیرکردن بۆ بەرپرسێکی ئەمنیی کورد لە کەرکووک دەردەچێت و میدیا عێراقییەکانیش ناوەڕۆکی فەرمانەکە بڵاو دەکەنەوە. بە گوێرەی باسنیوز، لە شاری کەرکووک فەرمانی دەستگیرکردن بۆ شێرزاد مارف، فەرماندەی پێشووی پاسەوانی دامودەزگاکان دەکراوە. شێرزاد مارف پێش خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 کە گرووپێکی خیانەتکاری ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شارەکەیان ڕادەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کرد، فەرماندەی پاسەوانی دامودەزگاکانی کەرکووک بوو.

دوای داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن حەشدی شەعبییەوە، زۆرینەی بەرپرسانی کورد لە کەرکووک لەسەر کارەکانیان دەکراون و فەرمانی دەستگیرکردنیش بۆ بەشێکیان دەرکراوە. جێی باسە ڕۆژی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کەرکووک کەوتە دەست هێز و میلیشیاکانی عێراق، دواتر کۆمەڵە ڕەسوڵ و مەلا بەختیار و شێخ جەعفەر لەگەڵ چەندان سەرکردەی بالای دیکەی یەکێتی، ئەوەیان ئاشکرا کرد کە گرووپێکی نێو حزبەکەیان خیانەتیان کردووە و ڕێککەوتنی ژێر بە ژێریان لە پێناو دەستکەوتی تایبەتی کردووە و ناوچەکەیان ڕادەست کردووە.

عێراق پابەندی بڕیارەکەی ئۆپێک دەبێت لەبارەی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت

وەزیری نەوتی عێراق، سامر غەزبان رایگەیاند کە عێراق پابەندی ئەو بڕیارە دەبێت کە ولاتانی ئەندام لە ئۆپێک و ولاتانی بەرهەمهێنەر لەدەرەوەی ڕێکخراوەکە لەسەرووبانەوە ڕووسیا ڕێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەبڕی ملیۆنێک و دووسەد هەزار بەرمیل ڕۆژانە وەک پاڵپشتییەک بۆ نرخی نەوت بەجۆرێک ولاتانی ئەندام بڕی 800 هەزار بەرمیل و ولاتانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە 400 هەزار بەرمیل ڕۆژانە کەمکردنەوەکە دەگرنە ئەستۆ.

سنووردارکردنی بەرهەمهێنانی نەوت بەڕێژەی ملیۆنێک و دووسەد هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. سامر غەزبان لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ولاتەکەی لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت هەنگاوی پێویستی ناوە بۆ کەمکردنەوەی لە سەدا 3ی بەرهەمهێنانی نەوت لە ڕۆژێکدا کە ئەمەش دەکاتە 140 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا. جێی باسە ولاتانی

بزووتنەوەی ئیسلامی لە کەرکووک:

دەستێک هەیە نایەوێ کورد بگەڕێتەوە بۆ شارەکە



خەبات/تریفە ئازاد:

دوابەدوای ئەوەی دادگەی تێهەڵچوونەوەی کەرکووک بڕیاری دا کە ڕێبوار تاڵەبانی لە پۆستەکەی دووربخاتەوە و ئێستاش عەرەب و تورکمان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لە هەوڵی ئەوەدان کە ڕۆژی 8ی ئەم مانگە دانیشتنی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک ئەنجامبدرێت.

سەید حەسەن شێخانی، بەرپرسی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کەرکووک بۆ خەبات گوتی: لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، حکوومەتی عێراق و پەرلەمانی عێراقی کۆمەڵێک یاسایان دارشتووە و ڕێنماییان دەرکردووە لە ژێر خواستەکانی گەلەکەمان، تاکو گەیشتە ئەوەی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری لێ بکەوێتەوە، کە چەند کەسانێک لەناو حزبێکی دیاریکراو ڕێککەوتنیان ئەنجامدا بۆ هێنانەوەی سوپای عێراق بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و بووە هۆی مالوێرانی و سەرگەردانی هاووڵاتیانی ناوچەکە بەتایبەت شاری خورماتوو کە نزیکەی 17000 کوردی لێ ئاوارە بوو و زیاتر لە 2000 ماڵیش خاپوورکران و کەوتنە بەر تاڵانکردن و وێرانکردنی لە لایەن حەشد و سوپای عێراقەوە. ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کەرکووک گوتیشی: لە کەرکووک و ئەو ناوچانە ناشەفافییەتێکی زۆر لە دۆسیەی نەوتی کێڵگەکانی کەرکووک و دەوروبەری هەیە و هەر جارێک و دادگاکانی کەرکووک بە مەبەستێکی سیاسی هەر جۆرە بڕیارێک دەردەکەن دژی کورد و بەرپرسانی کە ڕۆڵیان لە ریفراندۆم و لە بەرزکردنەوەی ئاڵا و ئەو فەرماندانەی کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە پارێزگاریکردن لە کەرکووک و دەوروبەری. سەبارەت بە هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی لەبارەی بڕیارەکەی دادگەی کەرکووک بۆ دەستگیرکردنی ڕێبوار تاڵەبانی، سەید حەسەن گوتیشی: سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕێبوار تاڵەبانی کراوەتە ئامانج و ڕای ئێمە وەکو بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوەیە ئەو جۆرە بڕیارانە تەنیا مەبەستی سیاسییان لە پشتەوەیە و دەستێکی ژەنگاوی هەیە نایەوێت کوردی ڕەسەن بگەڕێتەوە شارەکە و بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسی و ئەمنی و کارگێڕی، هەروەها گەڕانەوەی ئیدارەیەکی مەدەنی و دووڕخستنەوەی کەرکووک لەم حاڵەتە سەربازییە.

بەگوێرەی توێژینەوەیەک ڕێژەیەکی زۆر ئەمەریکیەکان دەیانەوێ وڵاتەکەیان جێبهێڵن

بە گوێرەی توێژینەوەیەکی دامەزراوەی Gallup نزیکەی 16٪ ئەمەریکییەکان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی بەلایانەوە باشترە وڵاتەکەی خۆیان بەجێبهێڵن. دامەزراوەی Gallup ئاماژەی بەوەشکردووە ژمارەی ئەو ئەمەریکیانەی ئامادەی کۆچکردنن لە وڵاتەکەی خۆیانەوە بۆ شوێنێکی دیکە ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کردووە کە لە هیچ ڕاپرسییەکی دیکەی هاوشێوەدا پێشتر تۆمار نەکراوە. شارەزایانی دامەزراوەکە تەکیدیان کردووەتەوە کە گەیشتنی دۆناڵد ترەمپ بە لوتکەی دەسەڵات، هۆکاری سەرەکی جوواڵاندنی خواستی کۆچە لای ئەمەریکییەکان. بەگوێرەی ماڵپەڕی کوردستان24 شارەزایانیGallup ئەوەشیان بیرهێناوەتەوە کە 40٪ ژنان و کچانی ئەمەریکا کە هێشتا تەمەنیان نەگەشتووەتە 30 ساڵان، لە دوو ساڵی یەکەمی ئیدارەی ترەمپدا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی پێویستە ئەمەریکا جێبهێڵن و بچنە وڵاتێکی دیکە بژین. بەڵام لە هەمان ئەو تەمەنانەدا 20٪ پیاوان ئەو خواستەیان هەیە. لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، ڕێژەی 26٪ ئەوانەی دەیانەوێت ئەمەریکا جێبهێڵن، پێیان باشە بچنە کەنەدا، لە کاتێکدا ساڵی 2016 ڕێژەی ئەوانەی کەندایان لە ئەمەریکا پێ باشتر بوو 12٪ بوون. ئەوە لە کاتێکدایە لە سەردەمی ئیدارەکانی باراک ئۆبامادا خواستی جێهێشتنی وڵات 10٪ و لە سەردەمی جۆرج دەبلیو بوش ڕێژەکە 11٪ بوو.



کاروان محەمەد سینۆ

لەپەراوێزی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا

سەرەڕای رادەستکردنی، سەودا و موزایەدەش بە کەرکووکەوە دەکەن

لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و لە کۆی 111 کورسیی پەرلەمان، پارتی دیموکراتی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ توانی 45 کورسی مسۆگەر بکات و بەم شێوەیەش پارتی لە توانایدا هەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان حکوومەتی زۆرینە (نەک بنکەفراوان) پێکبهێنێت، بەڵام وادیارە پارتی دەخوازێت ئەگەر حکوومەتی بنکە فراوانیش نەبێت، حکوومەتی شەراکەت پێکبهێنێت (ئەگەرچی پێموایە حکوومەتی زۆرینە زیاتر لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندایە، چونکە حکوومەتی زۆرینە بەرپرسیارێتییەکەی لە ئاستی خەڵکی کوردستاندا زیاتر بەرجەستە دەبێت).

نزیکەی دوو مانگە پارتی لە هەوڵدایە حکوومەت پێک بهێنێت و بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار سەردانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی کردووە (ئەوانەی دەخوازن بەشداری حکوومەت بکەن). بەپێی ڕاگەیاندراوەکان، لەمیانەی ئەم سەردانانەی پارتی بۆ لایەنە سیاسییەکان بەتایبەت یەکێتی و گۆڕان کە براوەی دووەم و سێیەمی هەڵبژاردن، وادیارە خواستەکانی ئەم دوو حزبە بۆ چەند پۆستێک بوونەتە ئاستەنگ و لەمەڕ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم دوو حزبە وەکو براوەی دووەم و سێیەمی هەریەکەیان چەند پۆستێک بە مافی خۆیان دەزانن و پێگیری لەم خواستەی خۆیان دەکەن. بۆ دەربازبوون لەم گرێیە (ناچار) پێویستە پارتی پێودانگی مافگەری هەڵبژاردن (استحقاق انتخابی) پەیڕەو بکات و پێویستە لایەنە سیاسییەکانیش وەکو بنەمایەکی دادپەروەری بەم پێودانگە ڕازی بن، بەڵام وەکو لە ڕاگەیەندراوەکانی بەرپرسیانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبینین و دەیبیستین، یەکێتی خواست و بۆچوونێنیکی دیکەی هەیە بۆ پێکهێنانی حکوومەت! ئەویش مەرج و هاوبەستکردنی کێشەی کەرکووکە بە پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەمە لە لایەک و لەلایەکی دیکەش یەکێتی دەخوازێت هاوشێوەی جاران ڕێککەوتنێکی ستراتیجی لە نێوان پارتی و یەکێتی فەراهەم بکرێت بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا. هەڵبەت ئەم دوو خواستەی یەکێتی ئاستەنگ و لەمپەڕی سەرەکین لەبەردەم پێکهێنانی حکوومەت لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم: پەیوەستکردنی کێشەی کەرکووک بە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خواستێکی نالۆجیکییە (غیر منطقی) یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە چونکە:

أ-کەرکووک دەڤەرێکی کوردستانییە و تاکو ئێستاش لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. واتا هیچ هاوبەستێک لە نێوان ئیدارەدانی کەرکووک و حکوومەتی هەرێمی کوردستان نییە، بۆیە نابێت کێشەی کەرکووک هاوبەستی پێکهێنانی حکوومەتی کوردستان بکرێ.

ب-بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کەرکووک هەڵبژاردن نەکراوە، بۆیە پێویست ناکات یەکێتی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی کەرکووک هاوبەست بکات و بیکاتە ئاستەنگ و مساوەمە و موزایەدە بە کەرکووکەوە بکات.

ت-پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کەرکووک لە لایەن تاقمێکی ناو یەکێتی ڕادەستی حەشدی شەعبی و دەسەڵاتی عەسکەری عێراق کراوە و کەرکووک داگیرکراوە و ئێستاش هیچ و ئیمزا و مامەڵەیەکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرکووک ڕایی ناکرێ، بۆیە پێویست ناکات یەکێتی کێشەی کەرکووک پەیوەست بکات بە پێکهاتنی حکوومەتی کوردستان و سەودا و موزایەدەی پێوە بکات؟!.

دووەم: داوای یەکێتی بۆ ڕێککەوتنێکی ئیستراتیجی، ئەمەش خواستێکی نالۆجیکی (غیر منطقی)ی یەکێتییە چونکە:

أ-لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەموو خەڵکی کوردستان ئاگادارن کە خودی سەرکردایەتیی سیاسیی یەکێتی نکۆڵیان لە ڕێککەوتنی ستراتیجی پێشووی پارتی و یەکێتی کردووە و مردنی ڕێککەوتنەکەیان ڕاگەیاندووە و بە ڕێککەوتنێکی ئیفلیجیش وەسفیان کردووە، ئیتر بۆچی ڕێککەوتنێکی هاوشێوە ئیمزا بکرێتەوە. بۆیە ئەم خواستەی یەکێتی نالۆجیکییە (غیر منطقی).

ب-ڕێککەوتنی ئیستراتیجی مانای ئەوەیە کە لایەنەکانی دیکەی سیاسی (ئەوانەی کە دەخوازن بەشداری حکوومەت بکەن) ئەو لایەنانە لە پرۆسەی سیاسی و لە نێو حکوومەتی کوردستانداپەراوێز بخرێن (بەتایبەت بزووتنەوەی گۆڕان). ئەمەش پێچەوانەی بنەمای پێکهێنانی حکوومەتی شەراکەتە. بۆیە ئەم خواستەی یەکێتی نالۆجیکییە (غیر منطقی).

ت-باشە ئەگەر ڕێککەوتنی ئیستراتیجی لە نێوان پارتی و یەکێتی بکرێ بۆ پێکهێنانی حکوومەت و دابەشکردنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا، کەواتە بۆچی هەموو ساڵێک هەڵبژادرن ئەنجام بدرێ و خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ماوەی مانگێک سەرقاڵی پڕۆگرام و پڕۆپاگەندای هەڵبژاردن بکرێ و بڕێکی زۆریش پارەی حکوومەت لەم پڕۆسەیەدا خەرج بکرێت و لە کۆتاییشدا هیچ حسابێک بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە نەکرێ و دەسەڵات لە نێوان پارتی و یەکێتی دابەشکرێت. بۆیە ئەم خواستەی یەکێتی نالۆجیکییە(غیر منطقی).

کەواتە لە کۆتاییدا ئاستەنگ و لەمپەڕەکانی بەردەم پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی نوێەم) ئاستەنگی دروستکراون لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کە هیچ خزمەتێک بە پرۆسەی سیاسیی کوردستان و خەڵکی کوردستان ناکات. پێموایە لەمپەڕ و ئاستەنگەکانی یەکێتی بێجگە لە (ئەجێندایەکی دەرەکی)؟! هیچ پاساوێکی دیکەی بۆ نییە. بۆیە واچاکە ڕایگشتی خەڵکی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی کوردستانیش هەڵوێستیان هەبێت بەرووی ئەم خواستە نالۆجیکییانەی یەکێتی و هەروەها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش هەڵوێستێکی نیشتیمانپەروەرانە بنوێنێت و بەپێی پێودانگی مافگەری هەڵبژاردن (استحقاق انتخابی) هەموو لایەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنن و هەموو بە یەکەوە خزمەتی گەل و نیشتمان بکەن.

یوسف کەننا: لە مووسڵ پێکەوەژیان نییە و پارەش لە خەڵک وەردەگیرێت



نوێنەرێکی مەسیحییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی، لە مووسڵ دۆخی ئەمنی باش نییە و پارە لە خەڵک وەردەگیرێت و پێکەوەژیان نییە، بۆیە مەسیحیەکان لە مووسڵ لە کۆی 10 هەزار خێزان، تەنها ٤٠ خێزان گەڕاونەتەوە و لە دەشتی نەینەوایش تا ئێستا خەڵکی تلکێف و باتنایێ نەگەڕاونەتەوە.یونادم یوسف کەننا، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕایگەیاندووە: تاوەکو ئێستا ئاوارەکانی مەسیحی لە تلکێف و باتنایێ نەگەڕاونەتەوە، چونکە بە هۆی کێشەی سیاسی و بوونی حەشدی شەعبییەوە، خەڵک ناتوانن بگەڕێنەوە، لەناو مووسڵیش لە کۆی 10 هەزار خێزانی مەسیحی، تەنیا ٤٠خێزان گەڕاونەتەوە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە سەردەڕای وێرانبوونی ماڵەکانیان، دۆخی ئەمنییش پارێزراو نییە، بۆیە ئاوارە مەسیحییەکان ناگەڕێنەوە. گوتیشی: خەڵکی ئێمە لەو خەڵکەی لە مووسڵیش هەیە دڵنیا نییە، چونکە پێشتر لەگەڵ داعش بوونە و ئێستایش گومانیان لێ دەکرێت، بۆیە کە لە ژیانی خۆیان دڵنیا نەبن، ناتوانن بگەڕێنەوە، چونکە پێکەوەژیان لەو ناوچانەدا نەماوە. ئەو نوێنەرەی مەسیحییەکان دەشڵێت، لە مووسڵ تا ئێستایش یاسا نییە و دۆخی ئەمنییش باش نییە، وەک سەردەمی بەعس پارە لە خەڵک وەردەگیرێت، بۆیە خەڵکی ئێمە بەو شێوەیە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ شاری خۆیان کە یاسا لێی سەروەر نییە.



کوردی سووریا بە نیازی مسۆگەرکردنی سەودایەکن لەگەڵ حکوومەتی ئەسەد

دەنگی ئەمەریکا: کاربەدەستێکی باڵای کوردی بە ئاژانسی ڕوێتەرزی ڕاگەیاندووە کەوا ڕێبەرانی کوردی سووریا بە نیازی مسۆگەرکردنی سەوادایەکی ڕامیارین بە ناوبژیوانی ڕووسیا لەگەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد سەردەڕای پلانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ کشانەوەی هێزە سەربازییەکانیان لە ناوچەکە. بەڕێوەبەرایەتی کوردی کە زۆربەی باکووری سووریا بەڕێوە دەبات نەخشەڕێگەیەکی پێشکەش کردووە بۆ ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەسەد لە دەمی کۆبۆنەوەی ئەم دووایانەدا لە مۆسکۆ و ئێستاش لە چاوەڕێی وەڵامی مۆسکۆ دان. بەدران ژیا کورد کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوو گوتوویەتی ئەگەر ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە لە سەری ڕێکبکەون ئەوا هەردوو بەشی گەورەی وڵاتەکە کە بە هۆێ شەڕەوە جیابوونەتەوە یەکدەگرنەوە و تەنها یەک سووچ لە باکووری ڕۆژئاوا دەمێنێتەوە کە لە ژێر دەستی سەرهەڵداوەکانی سەر بە تورکیا دایە.

هادی عامری: پێویستە حکوومەتی عێراق هیچ بنکەیەکی ئەمەریکی لە عێراق نەهێڵێت

ئەمەریکا داگیرکەرە و پێویستە ڕۆژی دەرچوونی بکرێتە ڕۆژی نیشتمانی



هادی عامری داوا دەکات حکوومەتی عێراق بەبوونی هیچ بنکەیەکی سەربازیی ئەمەریکی لەعێراق ڕازی نەبێت و هەڵوێستی جێگیری هەبێت بۆ بوونی ئەمەریکییەکان لە عێراق. سەرکردەی هاوپەیمانی البناو و ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی بەدر هادی عامری لە وتارێکدا دوێنێ شەمە ڕایگەیاندووە پێویستە ڕۆژی کشانەوەی ئەمەریکییەکان لە عێراق بکرێت بە ڕۆژێکی نیشتمانی و ڕۆژی پشووی فەرمی لە عێراق. عامری لەو وتارەیدا کە لە پەراوێزی ئاهەنگی ڕۆژی سەروەریی عێراق هاتووە کە هاوپەیمانێتییەکەی ئەنجامیداوە ئەوەشی گوتووە: پێویستە لەسەر حکوومەتی عێراق بوونی هیچ بنکەیەکی سەربازیی ئەمەریکی لە عێراق قبوڵ نەکات و هەڵوێستێکی جیددی و جێگیری هەبێت بۆ ڕەتکردنەوەی بوونی ئەمەریکا لە عێراق. عامری لەدرێژەی قسەکانیدا گوتووشییەتی: داوا دەکەم ڕۆژی دەرچوونی داگیرکەر لە عێراق بکرێتە پشووی فەرمی و ئاهەنگی تێدا سازبکرێت وەکو ڕۆژێکی نیشتمانی و لەو ڕۆژە باشتر نییە کە داگیرکەر لە عێراق دەچێتە دەرەوە. هەروەها ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە: کاتێک بوونی هەموو ئامادەگییەکی زەمینیی ئەمەریکییەکان یان بنکەی سەربازیی ئەمەریکا لە عێراق ڕەت دەکەینەوە ئەوا ئەم هەڵوێستە هەڵوێستێکی جێگیری گەلی عێراق و مەرجەعییەتی ئایینی و گرووپە چەکدارەکانیشە. هاوکات داواشی لەحکوومەتی عێراق کردووە هەڵوێستێکی جێگری بۆ ڕەتکردنەوەی بوونی ئەمەریکییەکان لەعێراق هەبێت.

400 هەزار ئێرانی بەرکەوتووی چەکی کیمیایی جەنگی عێراق- ئێرانن

بەڕێوەبەری بەشی کاروباری زیانبەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە وەقفی کاروباری شەهید و قارەمانانی ئێران، محەممەد ڕەزا سدقی موقەددەم ڕایگەیاند کە 400 هەزار کەس زیانبەرکەوتووی چەکی کیمیایی جەنگی عێراق-ئێرانن کە لە ساڵی 1980 هەڵگیرسا و ماوەی هەشت ساڵی خایاند 100 هەزار کەسیش لەو زیانبەرکەوتووانە بەردەوام چارەسەری پزیشکی وەردەگرن. ئەو بەڕپرسە ئێرانییە ئاماژەی بەوەش داوە کە لیژنەی تەندروستی لەبارەی هێرشەکانی چەکی کیمیاییەوە ناونیشانی قارەمانی بە 63 هەزار زیانبەرکەوتووی چەکی کیمیایی داوە و لە نێو بریندارانیشدا لە سەدا پێنجیان کەمترین زیانیان بەرکەوتووە و لە سەدا 70 یشیان زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە. ناوبراو ئاماژەی بەوەش دا کە بەهۆی ئەو هێرشانەوە زیانبەرکەوتووان تووشی نەخۆشییە دژێژخایەنەکانی چاو، پێست و هەناسەدان بوون. ئەو نەخۆشانەش لەلایەن یەکە تەندروستییەکانی بەشی کاروباری زیانبەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە وەقفی کاروباری شەهید و قارەمانانی ئێران چارەسەری پزیشکی وەردەگرن.

بەرپرسێکی ئەمەریکی: هیچ کاتێکمان بۆ کشانەوە لە سووریا دیاری نەکردووە

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت، کە وڵاتەکەی هیچ کاتێکی بۆ کشانەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا، دیاری نەکردووە. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی سپوتنیک، بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا (بەبێ ناوهێنان)، ڕایگەیاندووە، ئەمەریکا نایەوێ تا کاتێکی دیاری نەکراو هێزەکانی لە سووریا بمێنێنەوە. هەرچەندە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا بڕیاری کشانەوەی لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا داوە، بەڵام ئەو بەرپرسە ئەمەریکییە ڕایگەیاندووە، هیچ کاتێکمان بۆ کشانەوە دیاری نەکردووە. شەوی چوارشەمە 12/19/ 2018کۆشکی سپی (کۆشکی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا) ڕایگەیاند، کە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا بڕیاری گەڕاندنەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا، داوە. ئەو هێزە ئەمەریکییانە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و بۆ مەشقکردن بە هێزەکانی سووریای دیموکراتی (هەسەدە)، لە ڕۆژئاوای کوردستان و ڕۆژهەڵاتی سووریا جێگری ببوون. هەسەدە هێزێکی سەربازییە و بە پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ ڕزگارکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا لە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، پێکهاتووە.





وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی هەشت وڵات دەکات

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ گەشتێک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام دەدات و یەکێک لەو وڵاتانەی کە سەردانی دەکات سعوودیە دەبێت و لە میانیدا تاوتوێی دوایین پێشهاتەکانی دۆسیەی کوشتنی ڕۆژنامەنووس، جەمال خاشقجی دەکات. لە بەیاننامەیەکدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە کەنالی حورەی ئەمەریکی بڵاوی کردووەتەوە، تیایدا ڕوونکراوەتەوە کە گەشتەکەی پۆمپیۆ هەریەک لە وڵاتانی ئوردن، قەتەر، ئیمارات، میسر، بەحرێن، عومان و کوێت دەگرێتەوە. ڕاشگەیەنراوە کە پۆمپیۆ لە 8ی کانوونی دووەم بە سەردانیکردنی ئوردن دەست بە گەشتەی دەکات و لە 15ی هەمان مانگ بە سەردانیکردنی کوێت کۆتایی بە گەشتەکەی دەهێنێت. بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، بڕیارە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە سەردانەکەیدا بۆ ڕیاز تاوتوێی دوایین پێشهاتەکانی دۆسیەی کوشتنی ڕۆژنامەنووس جەمال خاشقجی بکات کە سێ مانگ لەمەوبەر لە ناو کۆنسوڵخانەی سعوودیە لە ئیستانبوڵ کوژرا. ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، داواکاری گشتی سعوودیە ڕایگەیاند یەکەمین دانیشتنی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کوشتنی خاشقجی کراوە، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە دادگاییکردنە بەس نییە و جارێکی دیکە داوای کرد کە لێکۆڵینەوەیەکی شەفاف و گشتگیر لەسەر دۆسیەکە ئەنجام بدرێت. گەشتەکەی پۆمپیۆ بۆ ناوچەکە دوای دوو هەفتە دێت لە بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا.

سالێکی برد و یەکی هەژاند



فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا*

لە 2017/1/3 بابەتێکم لە ژمارەی 5423ی ڕۆژنامەی "خەبات"ی بەڕێز بلاوکردەوە، بە ناونیشانی 2017 "سالّی مەسعود بارزانی"یە. کە تێیدا کۆمەڵێک بابەتم باسکرد بوو، ئەوەی جێگای شانازی و سەروەریبیە بۆ هەموو تاکێکی بە شەرەفی گەلی کورد بڕیارە پرشکۆ و مەزن و شەرەفمەندییەکەی مانگی حوزیرانی 2017 بوو کە سەرۆک مەسعود بارزانی تێیدا ڕۆژی دەنگدانی ڕیفراندۆمی کوردستانی ڕاگەیاند بە ئامادەبوونی زۆرینەی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە دەکرێ بگوترێ وەک جارێدانی بەندەکانی مافی مرۆڤ بوو لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکان لە سالّی 1945 بۆ کورد کە بوو بە مێژوویێک و دەکرێ بگوترێ سالّی 2017 سالّی ڕاگەیاندنی ماف و ویست و چارەنوسی کورد بوو کە جارێدانی سەربەخۆیی و بە فەرمیکردن و پالپشتیکردنی دەنگی گەلی کوردستانە بە ڕابەرایەتی سەرۆک مسعود بارزانی کە لە 25ی ئەیلوولی 2017 ئەو ئاواتەی سەرۆک مەسعود بارزانی هاتەدی و بوو بە مێژوویێک و تۆمارکرا بەناوی پێشمەرگەی خەباتگێڕ و مەزن سەرۆک مسعود بارزانی، ئەگەرچی دەستی خیانەت بوو بە بەربەست لە 16ی ئۆکتۆبەری هەمان سالّ کە بەقەدەر خیانەتی ڕێککەوتننامەی جەزائیری 1975 و بگرە زیاتریش گورزێکی کوشندەیان لە جەستەی کورددا، کە وەک خەنجەرە ژەهراوییەکەی ئەو سەردەم زۆر بە نامەردی لەپشتەوە لێیان دابن کە ئەو سەردەم بە پلان و پیلانێکی عێراقی، ئێرانی، جەزائیر، بوو و دەرئەنجامەکەی گەلی کوردستان تێیدا مالوێران بوو، بەڵام عێراق و ئێرانیش بە ئاگرەکەی سووتان و باجێکی گەورەیان دا و تا ئەمڕۆش نەهاتوونەتەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆیان و هەروەک بینیمان بە تەواوبوون و لە ناوچوونی سەرانی حوکمڕانی ئەو سەردەم کۆتایی هات و لە 1979 شای ئێران لەناوچوو و سەدامیش ئەنجامەکەی بەوەچوو کە بینیمان عێراق و ئێران شەڕێکی هەشت ساڵەیان لە نێوان بەڕەبابوو و هەردوو گەلی عێراق و ئێرانی تووشی مالوێرانی بوون و لە کۆتاییشدا کورد هەر مایەوە و ڕێگا لە خەباتی نەگیرا. بەڵێ ئەوکات شکست ڕەفزکرا و تواندرا بەردەوامی بدرێت بە شۆڕش و کاتێک ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراقی لە 1975 گوتی شۆڕشی کوردی بۆ هەتاهەتایە لەناوبردرا! شۆڕش وەڵامی داوە دەستبەجێ و مێژوو شاهیدە کە شەهید سامی عەبدولڕەحمان بەناوی سەرکردایەتیی پارتی گوتی: لن ولم ینتهی.

بەڵێ رایگەیاند و گوتی کۆتایی نایێت و ئێمە بەردەوامین و لە مەیدان دەبین و شێرەسواران و قوتابیانی ڕێبازی باوک بارزانیی نەمر بەرابەرایەتی پێشمەرگە و سەرۆک مەسعود بارزانی و شەهید ئدریس بارزانی و کۆمەڵێک سەرکردەی تری خۆنەویست بە دۆژمنانیان گوت مێژوو وەک ئێمە دەمانەویت دروستی دەکەین نەک وەک خۆفرۆشان، ئەمجارەش لە16ی ئۆکتۆبەری2017 جارێکی تر مسعود بارزانی بە دۆژمنانی کوردی گوت ئەگەرچی ئێوە نەوەی پیلانگێڕانی جەزائیرن ئەگەرچی ئێوە نەوەی سەدام و ئەحمەد حەسەن بەکرن، ئەگەرچی شای ئێران گۆڕاوە بە جوبە وعەمامە لە سەران، بەڵام ئێران هەر ئێرانی جارانە! و ئەگەرچی تەکنەلۆجیای تورک و عەجەم و عەرەب لە پشتتانە و ئەگەرچی سەرشۆڕی زلهێزەکان و بەرژەوەندی و بێرنەوتەکان سیاسەتی داگیرکەرانە! کەچی دەبێ باش بزانن ئێمەش ئەوەین کە مێژوو پێی گوتن و ناساندن! بەڵێ ئێمە نەوەی شێخ عەبدولسەلام بارزانین گەر لە سێدارەمان بدەن دەیانی تر لە ڕێگان بۆ لەناوبردنتان، ئێمە نەوەی شێخ سەعیدی پیرانین، بشمانسووتێنن داربەڕووین و زیندوو دەبینەوە لە شاخەکانی کوردستان وەک شێر و پلنگ بە گژتاندا دێینەوە، ئێمە نەوەی شێخ مەحمودی حەفیدین و ماندوونابین تا سەرنەکەوین ناحەسێینەوە، بەڵێ لە قۆتابخانەی کۆمارەکەی قازیش پەروەردە بووین لە مێژوودا ناسڕێینەوە و پێشمەرگە و هاوڕێ و هەڤاڵی بارزانیی نەمرین لە هیچ سنووردێک ناگەڕێینەوە، ئەمڕۆ لێرەین بەیانی خەبات دەکەین، هەرچوار پارچەش بۆ کورد بێنەوە. بەڵێ، بەدوای قوتابیەک کەوتووین و ئەخولێینەوە، ئالای کوردستانی لە دەستە و داوای سەربەخۆیی دەکات و بۆ ئەم زاتە دەمرین و دەژین، ناحەسێینەوە، بەڵێ لە 16ی ئۆکتۆبەر شێرەسواران و دڵسۆزان خاوەنشەرەف و غیرەت و مەردەکان گوتیان ئێمە لێرەین پردێ گۆڕستانتانە، سحێڵا قەسباخانەی خائینانە، ئێرە کوردستانە، کوردی تاوانەوەی دەبابەی ئەبرامزچییەکان و خۆفرۆشان و هەموو چەکەکانی ناوخۆی و بێگانانە، مەرج نییە چ چەکێکە (دەبابەی ئەبرامزی ئەمەریکی و کاتیوشەی ڕووسی، یان فڕۆکەی ئێرانی! یان جاسووسی بارەگای تورکی، یان کورتە بالاکانی سەردەمی عەفلییەتی خیانەتکاری 66 هەمووی دەتاوێنێتەوە و بەڵێ بە کوردی گەرمی، دڵی کوردی بە شەرەف و بەهێز و خۆینگەرمی ڕێبازی کوردایەتیی ڕەسەن خەونەکانیان لە گۆڕنان، سەرەکانیان پێ شۆرکردن خاوەن عەقلییەتە شۆڤینیە شەرانگیزەکانی بەچکە بەعسیان ڕوو ڕەشکرد بەڵێ هەر ئەم گەلە بوو بە ڕابەرایەتی مسعود بارزانی مێژووی گۆڕی و شکستی بە سەرکەوتن ڕازاندەوە (هەرێ هاتی قەزەمەکانی ناوخۆیی بازرگانە خۆفرۆشەکانی بە سەرکەوتن گۆڕی). هەروەک بەر لە 50 ساڵ لە مێژوو مێژوویان ڕەش و ڕەشترکرا، بەڵێ سەرۆک مەسعود بارزانی لە 2018 بەردەم دۆژمنانی وەک دانەوێڵە دوریەوە و لێی نەگەڕا بێبێت بە پاوان بۆ چەقەڵ و گورگ و سەگە هارەکانی ناوخۆشمان، بەڵێ ئەم ساڵەشی هەژاند، بەڵێ ئەو بەربەستەی کە وەک سەرڕێڕەوی ئاو لەبەردەم کورد هەبوو، و کرابوو، هەمووی شکاند، بەڵێ وەک ئاوی پەنگخواردوو بە سەرسەردا تێپەڕی، سەدەی داگیرکەرانی هەژاند و لە زۆرئاوە شکاند و ئەو هێندە ماوە بتەقێتەوە سەر سەریان، لەناویان ببات، بەڵێ سنووری داخراوی کوردستان و ئابلووقەی نەیارانی بە حیکمەتی خۆی شکاند، بەڵێ چۆکی بۆ دۆژمنان دانەنا و جارێکی تر دۆژمنانی ناچارکرد بێنە بەردەمگا و داوای برایەتی و تەبایی و پێکەوەژیان بکەن لە کورد، بەڵێ ئەوەی دوێنێ بە پاسدار و دەبابەی ئەمەریکی هێزی ئیقلیمی کوردی دەترساند، ئەمڕۆ لە ترسی کورد باسی برایەتی دەکات، بەڵێ کاتێکیش مەسعود بارزانی پالپشتیی خۆی بۆ سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق عادل عەبدولمەهدی ڕاگەیاند و سەردانی بەغدای کرد لە /2018 11/22 و سەردانی سەرکردە بالاکانی عێراقی کرد، تێکرا دڵخۆشی خۆیان دەبڕی و هاتنە ناخاوتن و پێشوازی، هەروەک عادل عەبدولمەهدی دەڵێت: (شەرەفمەندین بە سەردانی مەسعود بارزانی بۆ بەغدا و بەڕێزیان زیاترن لەوەی پێناسەیان بکەین و ئەو خەباتکارێکی دێرینە و تەنانەت چیاکانی کوردستانیش ئەو دەناسن کە سەرکردایەتیی پرۆسەی گۆڕانکای و بەرەو دیموکراتیبوونی لە عێراق دەکرد بۆ ڕووخانی دکتاتۆرییەت، ئەو خەباتی لە پێناو گەلی عێراق و گەلی کورد کردووە، گوتیشی: بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، ئەندازیاری پرۆسەی بونیادنانەوەی پەیوەندییەکان بووە، نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە ناوچەکە و لە جیهانیشدا و گوتی ئێمە پێشوازیمان لە ڕێبەرێکی گەورە کردووە و ئەو کەسێکە سیفەتی سەرکردەی تێدایە و ڕێزێکی زۆری هەیە و بەخێرهاتنی دەکەین). موقتەدا سەدر لە لایەنی خۆی گوتی: سەردانی سەرۆک بارزانی سەردانێکی گرنگ و مێژوویی و بووە مایەی خۆشحاڵی سەرجەم لایەنەکانی عێراق و سەرتایەکی نوێ و ئەرێنییە بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراقی). هەروەها سالح موتلەک گوتی: هەر شوێنێک بارزانی ڕووی تێ بکات، خێر و بەرەکەت ڕووی تێدەکات و سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد بۆ حەوانەوەی ئاوارەکان لە کوردستان. لە لایەن موقتەدا سەدر و لایەنەکانی تریش داوا لە سەرۆک بارزانی کرا کە نووسینگەیەکی خۆی لە بەغدا بکاتەوە و زۆر لایەنی تری عێراقی جەختیان لەسەر ڕۆڵی سەرۆک بارزانی کرد لە گۆڕەپانەکە و لە هەموو لایەکەوە جەخت لەسەر گەورەیی و گرنگی ڕۆڵی سەرۆک بارزانی کرا تا ئەو ڕادەیەی دەنگی شەقامیش گۆڕا بەچوونی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا، تێکڕای شەقامی عێراقی و ڕاگەیاندن و گشت کەناڵەکانی تری پەیوەندی بۆژانەوەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینی، تا ئەو ڕادەیەی لەسەر ئاستی جیهانی ئامارژەی پێکرا، هەر لە ئەمەریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەوروپی دەوراوپشت، هەر هەموو وەک ڕووداوێکی گرنگ پێناسەیان کرد و خۆشحاڵی خۆیان دەبڕی و دەستخۆشیان لە سەرۆک بارزانی کرد، ئەمە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی سەرۆک و سەرکردە و پێشمەرگەی کوردستان، مەسعود بارزانی، بەڵێ ئەم ڕابەرە ڕێڕەوی مێژوویی لەناو مێژوو گۆڕی، بەڵێ شکستی بە سەرکەوتن ڕازاندەوە و مێژوو شاهیدە هەر لەو ڕۆژەی بووە بە پێشمەرگە تا ئەمڕۆ ئەوەی گوتیەتی خەباتی بۆ کرد و کردی، بەڵێ ئەوکاتەی ناسنامە بە گەلەکەی نەدەدرا، ئەو گوتی: من هەم و پێشمەرگەم. ئەو کاتەی میللەتێک هاتە دەنگ لە گەڵی گوتی مافی خۆمانە و ئۆتۆنۆمیم دەوێ، ئەوکاتەی ڕۆژی هات گوتی فیدرالیمان دەوێ، کاتێک کاتی هات گوتی و لە گەڵی گوتمان سەربەخۆییمان دەوێ، بەڵێ 93% دەنگی میللەت لەگەڵ مەسعود بارزانی گوتیان سالّی 2017 سالّی ئێمەیە و ئێمە ئێمەین!

کاتێکیش ڕووڕەشان مێژووی ڕەشیان دووبارە و سێبارە و چەندین بارە کردەوە، وەک مێژووی 66 و 75 و 79 و 82 دوژمنان ئەوجارە سەرلەنوێ لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 نوێیانکردەوە و دیسان مەسعود بارزانی گوتی ئێوە مێژووتان ڕەشکرد، ئێمە بە ڕووی ڕەشی ئێوە دەیسڕینەوە، بەڵێ کارەساتی 16ی ئۆکتۆبەر ئازاری داین و بریندار کردین و خوێنی لە جەستە هێناین، بەڵام ئێمە نەمرین و نامرین و ناکەوین، بەڵێ ئەوە ئێمەین لێرە ماوین و دەمێنینەوە و مێژوویەکی نوێمان لە 2017 تۆمارکرد، پڕ لە سەروەری دەنگی 93%مان بە جیهان ناساند، بەڵێ چووە ناو مێژوو و ناسڕێتەوە، خیانەتی 16 ئۆکتۆبەری لە گۆڕنا و بەڵێ چەتەکانی ناوخو لەسەر ئەژنۆن و دەپارێنەوە هەموو کارێک دەکەن ئەم مێژووەیان لە یاد خەڵک ببەنەوە، دووژمنە بێ ئابڕووەکان، وەک سەدام و ساڵی ١٩٧٥ کەوتوونە ناو زۆنگاوێک لەناو هەڵەکانیان وا دەخنکێن، سەرانی عێراقی بێ وەفا و بێ ئەک، جارێکی تر وەک پیشەیان لە مێژوو وا دەپارێنەوە، چی ماوە بڵێین و باس بکەین، هەر هێندە نەبێت، گەر کورد یەکبگرێ، لە ساڵی 2017 تۆمار و تاپووی خاک بەناوکردن بوو، بۆی ساڵی 2018 لەگۆڕانی شکست بوو بە سەرکەوتن و هەستانەوە سەربێ و ڕووڕەشکردنی دوژمنان بوو، دەبا کار بکەین بۆ 2019 وبڵێین 2017 ساڵی مەسعود بارزانی بوو کە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ڕاگەیاند و ساڵی 2018 ساڵی شەرەف و غیرەت و هەڵوێست و بەرخودان بوو کە مەسعود بارزانی بالانسی ڕاگرت و جلەوی نەدا بە کەس و ڕەفزی شکستی کرد، ناخ و دەروونی خۆفرۆش و دۆژمنانی هەژاند، دەبا ساڵی 2019 بکەین بە ساڵی یەکدەنگی و تەبایی و برایەتی، بەرانگاربوونەوەی عەقلییەتی ناوچەگەرێتی و پاوانخوازیی و خۆ بەکەمزانین و بێگانەپەرستی، کە دەبن بە هۆی خۆفرۆشی و خۆکوژی و تا بتوانین بە ناحەز و دۆژمنان بڵێین لە 2017 ڕێگاتان لێگرتین، لە 2018هیلاکتان کردین، لە 2019 دەچەقینە ناو چاوتان و دەڵێین ئێمە کوردین و خاوەن خاکین، لە حەقیقەتدا دەوڵەتین لە پێناسەش شەرم ناکەین، ئێمە جیایین و سەربەخۆیمان دەوێ، ئێمە کوردین دەیان ساڵێکی تریش بەربەست هەبێ سنوور بگرن، سوودی نییە، چونکە خاوەنی 93% دەنگی مرۆڤی مەردین و سەربەخۆیی ئاواتمانە، دەوڵەت ڕێباز و خەباتمانە، بۆی دەژین و بۆی دەمرین، چونکە کوردین و هاوڕێ و هەڤاڵی مەسعود بارزانی، خەباتگێڕ و پێشمەرگەی مەردین.

*** ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێری (پ.د.ک)**

6ی کانوونی دووەم... مێژوویەکی خوێناوی



بارزان محەمەد عەلی*

سوپای عێراق مێژووەکەی بۆ 1921/1/6 دەگەڕێتەوە کە لەژێر ئینتیدابی بەریتانیادا و لە سەردەمی حکومی پاشایەتی دامەزرا، یەکەم فەوجی سەربازیش بەناوی فەوجی موسا کازم لە سەربازانی پێشووی سوپای عوسمانی لە کازمیەی بەغدای پایتەخت دروستکرا، سوپای عێراق وەک سوپای زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی سێیەهم هەر لە سەرەتاوە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و سەرکوتکردنی شۆڕش و جوڵانەوەکانی ئەم وڵاتەی پێسپێررا، بەتایبەتی سەرکوتکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد و شیعە لە دەیەی1920 دا، پاشان تێکشکاندنی جوڵانەوەی کەمایەتییە ئاییینییەکانی وەک ئاشوریی و ئێزیدیەکان و چاوترسێنکردنیان.

یەکەم دەستوەردانی سەربازی لە لایەن سوپای عێراق لە 29ی تشرینی یەکەمی 1936 بە سەرۆکایەتیی فەریق بەکر سدقی و هاوپەیمانانی بەشێک سوپا بوو، کە داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی یاسین هاشمی سەرۆکوەزیرانی سەردەمی پادشایەتی دەکرد و لە بری ئەو حیکمەت سلێمان، وەزیری ناوخۆ بکرێتە سەرۆکوەزیران. ئەو هەنگاوەی سوپای عێراق بە یەکەم دەستوەردانی سەربازی لە کاروباری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق دادەنرا.

مێژوی سوپای عێراق مێژوویەکی خوێناوییە، چونکە لە چەندین شەڕی ناوخۆیی و دەرەکییەوە گلاوە، لەوانەش شەڕی ساڵەکانی1941 و 1948 و 1958 و 1963 و 1967 و 1973؟

هەروەها جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران کە لە 1980 بۆ 1988 دڕێژەی هەبوو، دواتریش شەڕی دووەمی کەنداو، کە لە ساڵی 1991 بە هۆی داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە هەڵگیرسا، هەروەها لە ساڵی 2003 دا ڕووبەڕووی سەختترین شەڕ بووەوە و ئەنجامەکەی بە ڕووخانی بەعس کۆتاییهات. ئەو سوپایە چەندینجار دژی شۆڕش و جوڵانەوەکانی کورد لە باشووری کوردستان شەڕی کردووە، لە نێوان ساڵانی 1923-1927 و 1930-1931 بە یارمەتی هێزی ئاسمانی و زەمینیی بەریتانیا دژی خەباتی گەلی کورد بە سەرکردایەتیی شێخ مەحمود شەڕی کردووە، هەروەها لە ساڵانی 1942-1947 بە یارمەتیی هێزی ئاسمانی بەریتانی دژی خەباتی گەلی کورد وەستاوەتەوە بە سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی و لە 1961-1975 دژی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە ساڵی 1983 سوپای عێراق جینۆسایدی بارزانییەکانی ئەنجامداوە کە هەشت هەزار کەسی سڤیل بوونە قوربانی. هەروەها لە ساڵانی 1986-1989ئەنفالی نزیکەی 182 هەزار هاونیشتمانی کورد و ساڵی 1988 کیمیاباران هەڵەبجەی کرد کە پێنج هەزار کەس بوونە قوربانی.

ئەمساڵ 98 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر دامەزراندنی سوپای عێراقدا، ئەو سوپایەی کە بەدرێژایی ئەو ساڵانە ڕۆڵی سەرەکی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی عێراقدا بینیوە و ئەنجامدەری زنجیرەیەک کودەتا و گۆڕانکاریی گەورە و ماشێنێکی گەورەی جەنگ بووە. سوپای عێراق بزوێنەری سەرەکی زنجیرەیەک ڕووداوی گرنگی سەردەمی پادشایەتی و کۆمارییش بووە لەم وڵاتەدا، ئەفسەرانی پایە بڵندی ئەم سوپایەش بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو، کاراکتەری سەرەکی شانۆی سیاسەت بوون.

سوپای عێراق تۆمەتبارە بە بەشداریکردنی پرۆسەکانی کۆمەڵکوژی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان، فەیلەقی یەک و پێنجی سوپا، پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیاباران ئەنجامداوە. هێزەکانی پیادە دەیان تاوانی کوشتن، سووتاندنی ماڵ و گوندەکانی ئەنجامداوە. هێزە ئاسمانییەکانی ئەو سوپایە لە ساڵانی 1968 و 1974دا، بە فڕۆکە بۆمبی قەدەغەکراوی ناپاڵم و ڕۆکێتی بەسەر شار و گوندەکانی کوردستاندا باراندووە. هێزەکانی سوپا ڕۆڵیان هەبووە لە دەستگیرکردن، کۆکردنەوەی کوردە فەیلیەکان و دوورخستنەوەیان و کوشتنیان. بەشداری بەرچاوی لە شالاوەکانی ئەنفال و ئەنفالی بارزانییەکاندا بینیوە، کە ئەو ڕەفتارانە لە دادگای بالای تاوانەکان وەک جینۆساید ناسێنراوە.

سوپای عێراق کە ئەمڕۆ یادی دامەزراندنی دەکرێتەوە، ماشێنێکی گەورەی کودەتا و شەڕ و کوشتار بووە، لە ڕووی سیاسییەوە سوپای عێراق دامەزراوێکی بێڵایەن نەبووە، سوپایەکی کودەتاچی بووە کە لە ماوەی دە ساڵی 1958 بۆ 1968دا سێ کودەتای یەک لەدوای یەکی خوێناویی ئەنجامداوە، لە سەرەتای دەیەی 1980 شەوە عێراقی خستووەتە نێو دۆزەخی جەنگی هەمیشەییەوە، بەدرێژایی هەشت ساڵ بێ بڕانەوە شەڕی ئێرانی کرد، پرۆسەی ڕاگواستن و ئەنفال و کیمیاباران هەڵەبجەی کرد، لە دەیەی 1990 شدا هێرشی کردە سەر کوەیت و سەرەنجام لە گەردەلولی بیابانداندا لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا تێکشکا، بەڵام بەشی ئەوە هێز و بڕستی تیا مابوو کە ڕاپەڕینی1991 ی کوردو شیعەکان سەرکوت و خەڵتانی خوێن بکات بەپێچەوانەی سوپاکانی وڵاتانی جیهان، سوپای عێراق هیچ کاتێک نەیتوانیوە بێتە سوپایەک، گوزارشت لە تەواوی گەل بکات و ببێتە هۆکارێکیش بۆ سەقامگیربوونی وڵات، بە دڕێژایی مێژووی عێراق دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە سوپایان بۆ مەبەست و مەرامەکانی خۆیان بەکارهێناوە و زۆرترینجار بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە سیاسییەکان دەستێوەردانی کردووە، ئەمەش وایکردووە هەمیشە سوپا بەشێک بێت لە کێشە و ناکۆکییەکان نەوەک چارەسەرکاری کێشەکان. سوپای عێراق سوپایەکی تائیفی بووە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە ئینگلیزەکان هەوڵیاندا جەیشی عێراق هی هەموو پێکهاتەکان بێت و بەو هۆیەشەوە پێشتر هەوڵیاندابوو لە میانەی هێزەکانی)لیڤی(یەوە عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە، ئاسوری و کورد بەشداری پێبکەن، بەڵام دواتر و بە هۆی پەراوێزخستنی کورد و شیعە، وردە وردە داوودەزگاکانی حکوومەت و جەیش لە سێگۆشە سونییەکەی عێراقدا قەتیس ما.

سوپای عێراق بەتایبەتیش لە سەردەمی بەعسدا، سوپایەکی ئایدۆلۆژیست بووە. بەعس وەکو سیستمێکی تۆتالیتێر و جیاواز لە سیستمە دیکتاتۆرەکان، بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی و پایەدارکردنی هەر بە تەنها پشتی بە جەیش نەبەستبوو، لەوەتەی شۆڕشی چەکداریی کورد لە ساڵی 1961ەوە هەڵگیرسا ? سوپای عێراق سەرسەختترین دوژمنی داواکانی کورد و هێزی بەرگریکاری کوردستان بووە. ڕاستییەکەی سوپای عێراق شانبەشانی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی تری ڕژێمی عەرەبیی عێراق، ماکینەی قەلاچۆکردنی بەردەوامی کورد بووە. ئەوە قسەی پێناوێت کە شانبەشانی جەیش، دامودەزگا تۆقێنەرەکانی ئەمن و ئیستخبارات ڕۆڵی بەرچاویان لە سەرکوتکردنی کورد و گەلانی تری عێراقدا بینیوە، بەڵام مەحاڵ بوو بێ بوونی دامەزراوێکی زەبەلاحی وەکو جەیش، پرۆسەی قڕکردنی کورد بەڕێوەچووبایە. پێویست بە پاسا و هێنانەوە ناکات، جەیشی عێراق ئامرازی سەرەکی خاپوورکردنی کوردستان و قەتڵوعامکردنی گەلەکەی بووە.

هەرچەندە حاکمی مەدەنی عێراق، پۆل بریمەر دوای ڕووخانی حکوومەتی بەعس لە 2003؟ لە 2004 بڕیاری هەڵوەشانەوەی سوپای عێراقی دا، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت سالانە یادی دەکرێتەوە، هەرچەندە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، سالانە پابەند نابێت بە پشووی دامەزراندنی سوپای عێراق. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مێژووە خوێناوییە و یادەوەرییە تاڵەی کە گەلی کورد لەگەڵ ئەم سوپایەی هەیەتی، پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز پابەند نەبێت بە پشووی ڕۆژی دامەزراندنی ئەم سوپایە.

*** ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ.**

سووریا... بزووتنەوەکەی نووردین زەنگی هەڵوەشایەوە

سەرچاوە ناوخۆییەکانی سووریا ئاماژە بەوە دەکەن، بزووتنەوەی نووردین زەنگی کە دیارترین گرووپی چەکداری سووریا بوون لە گوندەواری ڕۆژئاوای حەلەب، پاش شکستهێنانیان بە دەستی دەستەی تەحریری شام خۆیان هەڵوەشاندووەتەوە. بەگوێرەی مالپەڕی کوردستان 24 چەند سەرچاوەیەک بە کەنالی ڕوسیا الیومیان گوتووە: سەرکردەکانی بزووتنەوەی نووردین زەنگی، چوونەتە ژێر پەرچەمی لیوای بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی کە لە لایەن تورکیاوە پالپشتی دەکرێن، سەرکردەکانیان بەرەو تورکیا و ناوچەکانی عەفرین و ئەو ناوچانەی دیکە هەڵاتوون کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سەر بە قەڵغانی فورات دایە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. لای خۆیەوە ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ دەڵێت: بینیومانە ڕۆژی هەیینی دەستەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی پێشوو) ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی چەکدارەکانی بزووتنەوەی نووردین زەنگیان لە گوندەواری ڕۆژئاوای حەلەب کۆنترۆڵکردووە و لەو شەڕانەشدا 100 چەکداری تونديۆ کوژراون، دوای ئەوە چەکدارەکانی دەستەی تەحریری شام ناوچەکەیان کێتومالّ کردووە و بەدوای پاشماوەی چەکدارانی گرووپەکەی نووردین زەنگیان گەڕاوون. ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بەوەشداوە ئەو شەڕە بووەتە هۆی کۆتاییهێنان بە بوونی بزووتنەوەی نووردین زەنگی لەو ناوچانەدا. ڕوانگەکە لە سەرچاوەکانی خۆیەوە زانیوویەتی گفتوگۆ هەیە بۆ ئەوەی ڕێوشوێنێک بدۆزرێتەوە تا بەرەو ناوچەکانی عەفرین بکشێنەوە و کۆتایی بە شەڕ بێت لە کەرتی ڕۆژئاوای حەلەب. بەڵام چەند پێگەیەکی ئەلیکترۆنی نەیاری ڕژێمی سووریا ئاماژەیان بەوەکردووە چەکدارەکانی بزووتنەوەی نووردین زەنگی ڕەتیانکردووەتەوە بچنە ریزی تەحریری شام و بەرەو ناوچەکانی عەفرین دەستیان بە کشانەوە کردووە و خۆیان هەڵوەشاندووەتەوە.





کوردستان لە میدیای جیهاندا

پارۆلین سەرۆکوەزیرانی ڤاتیکان لەلایەن مەسعود بارزانیەوە پێشوازی لێکرا

Nova Agency

پارۆلین سەرۆکوەزیرانی ڤاتیکان لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێشوازی لێکرا.لە کۆبوونەوەکەدا ، باس لە دۆخی ئاوارە مەسیحیەکان لە ناوچەکە کرا.دواتر کاردینال پارۆلین لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.قەشەی هەرە بەرزی ڤاتیکان ، کریسمەسی لە عێراق بەسەر برد و ئاهەنگێکی جەماوەری لە کەنیسەی گەورەی جۆزێف لە ناوچەی کەرادەی بەغدا رێکخست و لەگەڵ مەترانی کەنیسەی کلدان ، لوئیس ڕافائیل ساکۆ کۆبوونەوەکەدا ، شلەمۆن واردۆنی یاریدەدەری پاتریاک لە بەغدا بە مالێپەری دەنگوباسی ڤاتیکانی راگەیاندووە کە سەردانی سەرۆکوەزیرانی ڤاتیکان نیشانەی هاندانە بۆ هەموو مەسیحیەکانی عێراق.مەسیحیەکان پتر لە دوو هەزار ساڵە لە عێراق بوونیان هەیە.

پەلەی کشانەوەی ترەمپ لە سووریا کاتی گوماناوی بۆ کورد دەخوڵقێنێت

alaraby.co.uk

کشانەوەی بەپەلەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا لەلایەن ئەمەریکاوە ناوچەکە لە حاڵەتێکی ناسەقامگیری گەورە بەجێدێڵێت زیاتر لەوەی کە واشنتن هاتبووە سووریا....گەورەترین کاریگەری بڕیاری لەناکاوی ترەمپ بۆ سەر هەسەدە ژ هێزەکانی سووریای دیمۆکراتی هاوپەیمانی ئەمەریکا دەبێت کە تێیدا یەکینەکانی پاراستنی گەل – یەپەگە تێیدا بالادەستە و هاوبەشی گرنگی خۆجێیی بوون لە جەنگی دژ بە داعشدا.پێشتر کوردەکان لە نیازە درێژخایەنەکانی ئەمەریکا لە سووریا بەگومان بوون.دەستێوەرنەدانیان لەکاتی هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین لە سەرەتای ئەمساڵ بیرخەری سیاسەتی ئەمەریکایە پشتگیری ئەمەریکا جێی گەرەنتی نیە.لەکاتێکدا ئەمەریکا هەوڵی داوە هاوپەیمانە نەرینە هەرێمیەکەی هێور بکاتەوە و لەهەمانکاتدا پشتگیری لە کورد بکات ئەمە هەمیشە سیناریۆیەکی لاواز نیە.

پشتێکردن لە بەرەی جەنگەدا

Hindu

ئەمەریکا پابەندبوونێکی ئەخلاقی هەیە کە کوردانی سووریا بپارێزێت لەبری ئەوەی کە ئازادانە ڕێگە بە هێرشی تورکیا بۆ سەریان بدات ، چونکە بڕیاری ئەمدوایەی سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا پاشەکشەیەکێ و پشتێکردنێکی ئاشکرایە لە کوردانی سووریا ئەوانەی کە قارەمانانە جەنگی دژ بە داعشیان کردووە...ئەمەریکا میژوویەکی پشتیوانی و خیانەت کردن لە کوردی هەیە.لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ، سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا وودرۆ ویلسن پشتگیری لە بیرۆکەی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانی کرد لە چواچێوەی دەسەلاتی عوسمانیدا ، بەڵام زلهێزە هاوپەیمانان هەرگیز پشتگیری ئەم بیرۆکەیان نەکرد.دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمان کە سنووڕەکان سەر لە نوێ دەکێشران ، کورد بەسەر وڵاتانی تورکیا ، سووریا ، عێراق و سووریا دابەش کران.لە هەزار و نۆ سەد و حەفتاکان ، ئەمەریکا بە هاوپەیمانی ئێران ڕێکەوتنی ئەلجەزایریان دژی کورد لە ساڵی **1975**واژوو کرد.لە هەشتاکان چەکی کیمیایی دژی خەڵکی هەلەبجە و کورد لە عێراق بەکار هێنرا.ئەمەریکا تەماشاوان بوو کاتێک هەزاران کورد بەدەستی ڕژێمی سەددام حوسێن ئەنفال کران.بەداخەوە ، کوردانی سووریا دووچاری هەمان چارەنووس دەبنەوە...بۆیە بڕیاری ترەمپ بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا لە نێو گەردەلوول دەگوشێت.

کورد ڕوو لە ڕووسیا و ئەسەد دەکات دوای کشانەوەی ئەمەریکا

Middle East Online

داواکاری کوردانی سووریا بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی حکوومەتی سووریا بۆ سنووڕەکانی دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەوان دەیانەوێت ستراتیژیەتێک بگرنە بەر کە بەهێزیەوە بتوانن ناوچەکەیان لە تورکیا بپارێزن.هەروەها بەهۆی بڕیاری ئەمەریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا ، سەرکردەکانی کورد لە سووریا کە کۆنترۆڵی باکووری سووریایان بەدەستەوەیە داوای لە ڕووسیا وی هاوپەیمانەکەی دیمەشق دەکەن بۆ ڕەوانەکردنی هێزەکانی وەکو قەڵغانێک لە بەرامبەر گەف و هێرشی سووپای تورکیا بۆ سەر ناوچەکەیان.هەروەها لەکاتێکدا گۆڕانێک کەم لە سەر ئەرزی واقیع ڕوویداوە ، هێزەکانی ئەمەریکا هێشتا ڕەوانە دەکرێن و تورکیا گوتوێتی کە پاشەکشێی هێزە سەربازیەکانی لە سووریا بە سستی بەڕێوە دەچێت.کوردانی سووریا پێدەچێت دەست بە وتووێژ لەگەڵ دیمەشق و مۆسکۆ بکەن بۆ ئەوەی سیناریۆیی عەفرین بەسەریاندا دووبارە نەبێتەوە.

پێگەی بەهێزی بارزانی و کورت بینی هەندێک کەس؟!



هیمداد عەبدوڵا

سەرەتای بابەتەکەم بەقسەیەکی زانا و بیرمەندی جیهانی شەریعەتی دەست پێ ئەکەم کە دەڵێ"هیچ کارەساتێک لەنیوە ڕۆشنبیری خراپترنیە"ئەم وتەیە ڕێک بۆ ئێستا گونجاوە کە بەداخەوە کەسانێک لەژێرناوی ڕۆشنبیری و نووسەرییەوە لەڕوانگەیەک سەیری ڕووداوەکان دەکەن کورت بین و قین لەدڵن کە ناتوانن هەرگیز ڕووی ڕاستی خۆیان لەژێر ناوی ڕۆشنبیری بشارنەوە چونکە ڕووی ڕاستیان بۆ خەڵکی دیارە.

لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەو جۆرەکەسانە کەم نین و بگرە ڕۆژبەڕۆژ زیاتردەبن،لەجیاتی ئەوەی کۆمەڵگا هۆشیاربکەنەوە، بەپێچەوانە کۆمەڵگابەرەو هەڵدێر دەبەن و چەواشەی کۆمەڵگادەکەن بەنووسینەکانیان. ئەمەش ئیشی کەسێکی (ڕۆشنبیر و نووسەرنییە) ؟!

چونکە ئەگەر کەسێک خۆی بە نووسەر و ڕۆشنبیر زانی هەرگیز نابێ کورت بین و ناواقعیانە بیربکاتەوە پێچەوانەی ڕاستیەکان لەخەڵک بگەیەنێت و بەنەفەسی تۆڵەکاربکات.

ئەگەر وابوو نەڕۆشنبیرە نەنووسەرە بەڵکو دەچێتە قالبی ئەو ووتەیەی شەریعەتی کە جگە لەزیان بۆکۆمەڵگا هیچ سودی نابێت. بۆزیاتر بەرچاو ڕوونی و تیشک خستنە سەر کرۆکی بابەتەکەمان،لەوچەند ساڵەی ڕابردوو ئەگەر بەتەحدید وەریگرین و دووڕنەڕۆین دوای ئەنجام دانی ڕیفراندۆم بوو کە لە25ی ئەیلولی 2017ئەنجام درا. گەلێک بەناونووسەرو ڕۆشنبیرمان دەدیتن لەتی قی و ڕۆژنامەکانا چۆن و بەچ شێوەیەک باسی سەرۆک بارزانیان دەکرد،بەقەولی ئەوان دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئیتر بارزانی پێگەی جارانی نەما و چیتر لەسەرئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێ بەحوکمی ئەوەی ماوەی سەرۆکایەتی تەواو دەبێت!

بەڵام دەرکەوت کە بارزانی پێویستی بەکورسی سەرۆکایەتی نییە ،بەڵکو کورسی سەرۆکایەتی پێویستی بە بارزانییە ،چونکە بارزانی بوو سەنگ و قورسایی دابوو بە پۆستی سەرۆکایەتی،لەلایەکی تریشەوە ئەوانەی پێیان وابوو کە ئیتر کۆتایی ژیانی سیاسی بارزانی لەدوای ڕیفراندۆم تەواو بوو،دیسانەوە هەڵەبوون (یاخود هیوایان وابوو) بۆیە لەئاست ڕووداوەکانی کورت بین بوون و وەک هەرجارێک کەوتنەوەپەیڕەوی ئیرهابی فکری. چونکە بەسەردانی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و ئەوپێشوازیەگەرمەی کەلێیکرا لەوپایتەختەی کەهەڕەشەی دادگایی کردنی بارزانی دەکرد (کەخەونی ئەو کۆڵکەنووسەرانەبوو) کەچی فەرشی سوور بۆ بارزانی ڕاخرا و لەسەرئاستێکی بالای دیبلۆماسی پێشوازی لە بارزانی کرا بێ ئەوەی بارزانی هیچ پۆستێکی فەرمی هەبێت،لەلایەکی تریش هاتنی شاندی وڵاتان بۆکوردستان و بۆلای سەرۆک بارزانی دیسانەوە ئەوڕاستیەی سەلماند کە پێگەی بەهێزی بارزانی هیچ کاتێک لەق نابێت و سەرۆک مسعود بارزانی لە سەر ئاستی ئەقلیمی و جیهان وەکو مەرجەعی کورد تەماشادەکرێ. ئینجا ئەوانەی (خەونی حوشتر) دەبین بامیژووبخوێننەوە،ئەو نووسەر و کۆڵکە ڕۆشنبیرانەی کالفامی سیاسی کە دژی بارزانی و هەڵوێستەکانی بارزانین،بائارەقی شەرمەزاری بڕژێن و بێنەوە هۆشی خۆیان و بیر لە بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان بکەنەوە و هاوئاراستەی پارتی بکەونە بەر خەمی نیشتیمان و نیشتیمان پەروەری و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.



بەرەو کوردستانێکی ئارام و بەهێز

عومەر محەمەد

پارتی بەشێوەیەکی ژیرانە ودورلە دواخستن و هەردوو کاندیدی خۆیی بۆ پۆستەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیرانی کوردستان یەکلایی کردەوە، بەم هەنگاوەیشی پارتی ئەوەی نیشانی هەموو لایەکدا کە بڕیاردان لای پارتی دامەزراوەیی و ئاسانە، لەهەمان کاتدا ئەوەیشی سەلماند کە پارتی بۆ هەر قۆناغ وپۆستێک کەسی شیاو و لێهاتووی هەیە.

کاندیدکردنی مەسرور بارزانی بۆ سەرۆک وەزیری کوردستان، هەنگاوێکی گرنگی پارتیە بەئاراستەی چەسپاندنی کوردستانێکی ئارام و بەهێز وەک چۆن لە هەڵمەتی هەڵبژاردن پەیمانی بەخەڵک دابوو، مەسرور بارزانی کە ڕەمز وسیمبولی ئاسایش وسەقامگیری بەهێزی کوردستان لەماوەی ڕابووردا بێگومان دەتوانێت بێتە تایتلی دەسەلاتێکی جێبەجێکردنی بەهێز لەداهاتوودا، چونکە پاراستنی ئاسایش وسەقامگیری کوردستان ودابینکردنی ژیانێکی ئارام بۆخەڵکی کوردستان کارێکی ئاسان نەبوو لەکاتێکدا کە زۆربەی وڵاتانی دەوربەر بەتەواوی لەڕووی سەقامگیریەوە کەوتنە مەترسیەوە و تەنانەت وڵاتانێکی وەک عێراق و سوریا توشی لێکترازانی ناوخۆیی بوونەوە و بەشێک لەخاکەکەیان کەوتە دەست داعش و گروپە تیرۆریستیەکان، لەتورکیا گروپە چەکدارییە تیرۆریستیەکان لەناو پایتەخت بالۆێزی وڵاتانیان تیرۆر دەکرد، لە ئێران کێشە ناوخۆییەکان گەیشتنە تەقینەوە ودەسەلات ناچاربوو لەڕێگەی سەرکوتکردنەوە ڕوبەڕویان ببێتەوە. بەڵام لەهەڕێمی کوردستان سەردڕای هەبوونی ململانێی سیاسی نێوان هێزەکان وتەنانەت ناکۆکیش لەنێوان پارتە سیاسیەکان، بەهیچ شێوەیەک ئارامی وسەقامگیری هاوڵاتیان ڕووبەڕووی مەترسی نەبووە وهاوڵاتی کوردستانی بەوپەڕی هەستکردن بەئایشەوە بەبێ ترس لەژیانی ڕۆژانەی خۆی بەردەوامبوو، کە پشکی هەرە سەرەکی ئەم دەستکەوتە گرنگە دەگەڕێتەوە بۆ خودی مەسرور بارزانی وەک داڕێژەر وسەرپەرشتیاری جێبەجێکاری پلانی پاراستنی ئارامی وڵات. ئێستاش کە سەرکەوتوویەکی بواری پارێزگاریکردنی سامان وژیانی هاوڵاتیان دەچێتە سەرۆکایەتی دەسەلاتی جێبەجێکردن وپۆستی سەرۆکی حکومەت وەردەگرێت، ئەو ئومێدە لای خەڵک چڕ دەکات کە مەسروربارزانی وستافەکەی بەهیچ شێوەیەک سازش لەسەر مافی هاوڵاتیانی کوردستان نەکەن هەروەک چۆن بەهیچ شێوەیەک سازشیان لەسەر دابینکردنی ئارامی وڵات نەکرد لەڕابووردوودا، بێگومان ئەمەش بەوە دەبێت کە بەدەستێکی پۆڵاین لە سەرچاوەکانی گەندەڵی وبەهەدەردانی سامانی وڵات بدەن، بەجۆرێک کە سازشی حیزبی وتەنانەت سیاسیش نەبێتە ڕێگر لەوەی دەرفەتی یەکسان بۆ خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان بڕەخسێت، لێرەشەوە هەموان دەبنە پشتیوانی حکومەتی کوردستان بەهەردوو سەرۆکایەتی حکومەت و هەرێمەوە و ئیدی بناغەی کوردستانێکی بەهێز بەتەواوی دەچەسپێت، بێگومان هەر حکومەت و دەسەلاتێکیش پشتیوانی ناوخۆیی وبەهێزیی ناوخۆیی هەبوو، ئەوە بێگومان لەبەرانبەری دەرەوەی خۆید بەتەواوی بەهێزتر وشکۆدارترە، کە واچاوەڕوان دەکرێت ئەوە تایتلی حکومەتی داهاتوووی کوردستان بێت.



بزاف هیوا ئەحمەد

دیپلۆماسیەتی نێچیرڤان بارزانی


ساڵی 2018ساڵێکی پڕ دەسکەوت بوو بۆ هەرێمی کوردستان، ئەویش لە ڕێگەی دیپلۆماسیەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە بوو. ئەوەی من سەرنجم داوە، وەک خەڵکی کوردستان یادەوەریان لاوازە و زوو شتمان لە بیردەچێتەوە، بەڵام سەری ساڵی 2019وای لێکردم بیر لە 2018بکەمەوە و سەرنج بدەم بزانم کوردستان لە 2017 چۆن بوو، وە لە 2018گەیشتە کوێ؟!

لە بیرمە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە سەرکەوتووەکەی 25ی ئەیلولی 2017و خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ، وە دووواتریش داستانی سحێلا و پردێ، گەلی کوردستان لە چ حاڵێکی دژوار و لە چ دڵەڕاوکێ و دوو دڵیەکدابوو، بەهۆی ئەو هەموو گەمارۆ تونداندەی وڵاتانی هەرێمی و بەغداوە کە گشت دەرگاکانمان لەسەر داخرابوون.

لەناو ئەو هەموو گەمارۆیانەدا، لە کات و ساتی شەڕدا بووین و سەرەڕای ئەوەی کە لە مەیدانی جەنگدا سەرکەوتووبوین بەڵام نێچیرڤان بارزانی هەمیشە نەرمی پیشان دەدا و زۆر بەهێمنی لێدوانی دەدا. وای لێهاتبوو هەموومان پێمان ناخۆش بوو کە ئەو هەموو نەرمیەی حکومەتی هەرێمی پیشانی بەغدا و وڵاتان دەدات چونکە ئێمە براوەی جەنگ بووین. بەڵام دووایی کە ئەنجامەکانمان بینی، تێگەیشتین ئەوەی بارزانی کردی، ڕاستترین بژاردە بووە. لێرەوە نابێ ڕۆڵی فەرەنساش لەبەرچاو نەگرین کە چۆن دەرگای دیبلۆماسیەتی بەسەردا کردینەوە. نێچیرڤان بارزانی بوو جارێکی تر هەیبەتی ڕاستەقینەی بۆ (دیپلۆماسیەت) گێڕایەوە کاریگەریەکانی وەدەرخستن.

دڵنیام ڕۆژێک ئەو شێوە دیپلۆماسیەتەی بەڕێزیان دایهێنا و پەیڕەوی کرد لە ساڵی 2018دەخرێتە مەنهەجی بەشە سیاسی و دیبلۆماسیەکانی زانکۆکان لە داهاتوودا.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/1/6 ژمارە (5665)
خەبات





مەلا مستەفا بارزانی لە ئامێز جەماوەری شاری سولێمانی 30ی10ی.1958

مەلا مستەفا بارزانی لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی (مەزارگەی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی حەفید) 30ی10ی.1958

لەپەراوێزی کتێبی (کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری رووناکبیرانی شاری سلێمانیدا)

سلێمانییەکان ئامێز بۆ (مستەفا بارزانی) دەکەنەوە



د. کەیوان ئازاد ئەنوەر*

(سولەیمانی) نەک (سلێمانی) ئەو شارەی سالّی (1781ز) لەلایەن (ئیبراهیم پاشا) میری میرنشینی بابان بەردی بناغەی دانراو سالّی (1784ز) ئاوەدانکرایەوەو کرایە پایتەختی میرنشینی بابان، لەسالّی (1958ز)داو دوای 174سالّ لە ئاوەدانکردنەوەی، ئامێزی بۆ سەرکردە و رابەرێکی دیکەی کورد کردەوە، کە (مستەفا بارزانی نەمر) بوو. ئەو شارەی بۆ پایتەخت دروستکراو بۆ پایتەخت لەدایکبوو، تا ببێتە پێگەی ژیانی سیاسی سەرۆک و سەرکردەکانی کورد، لە ڕۆژگارێکی مێژوویيدا ئالّای بەرەنگاربوونەوەو (نا)ی هەڵکرد.

دیارە بەرەنگاربوونەوە لەبەرامبەر دوژمنانی کورد و ڕژێمە فاشیستە یەک لە دوا یەکەکانی ناوچەکە و ئیتراق هەڵوێستێکی مەردانە و گەورە بوو، بەڵام بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتێکی کوردی کارێکی قورس و هەڵوەستە لەسەر کردن بوو، کە لە چەندین سالّی رابردوودا کاری لەسەر کرا! ڕاستە (سولەیمانی) بە گەورەیی لەدایکبوو، بەڵام دەبوا هەموو ئەوانەی ئەو شارە دروستیکردن و پەروەردە و فێرکردن، لەو مانایە تێبگەین، کە نەدەبوو کارێک بکەن شارەکەیان وەک نەیار بەرامبەر هاونەتەوە و هاونیشتمانییەکانی و بەشێک لە سەرکردەکانی کورد بووبوستێت! وەک ئەوەی لەسالّی (1820ز)دا هۆکاری دەرکردن و ئاوارەبوونی ڕێبەرێکی گەورەی کورد و زانا و کەسایەتییەکی ئایینی گەورەی وەک (مەولانا خالیدی شارەزووی نەقشبەندی) بوو! تا دواجار ڕێگای ئاوارەیی گرتەبەر و لە شاری (دیمەشق) گیرسایەوە و هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد. واتە تەنیا دوای (36) سالّ لە بنیاتنانی، کاری وا لەگەلّ ڕێبەرێکی ئایینی گەورەی کورد و جیهانی ئیسلامی کرا؟

وەک ئامارژەمان پێدا ئەو شارەی (مەولانا خالیدی شارەزووی نەقشبەندی) ئاوارە کرد، بۆ چەند سالّێکیش وەک نەیار بەرامبەر (حکومەتی هەرێمی کوردستان) وەستا، لە (30ی تشرینی یەکەمی1958ز) پێشوازێکی بێوێنە و شاهانەی لە (مستەفا بارزانی نەمر) کرد. ئەو سەرکردەیەی دوای (11) سالّ ئاوارەیی لە (یەکێتی سۆڤیەتی جاران) لەسەر کوردایەتی و خەباتی شۆڕشگێڕی، لە (6ی تشرینی یەکەمی1958ز) گەڕایەوە شاری (بەغداد) پایتەختی دەوڵەتی ئێراق و وەک ڕێبەر و سەرکردە و سەرۆکی کوردان پێشوازیکرا. دوای (24) ڕۆژ لە گەڕانەوەشی بۆ (بەغداد) سەردانی (سولەیمانی) کرد. ئەوەش دوای ئەوەی لە (22ی تشرینی دووەم) گەیشتە شاری (هەولێر) و لە (30ی تشرینی یەکەم) سەردانی شاری (سولەیمانی) کرد.

سەردانی (مستەفا بارزانی نەمر) بۆ (سولەیمانی) یەکەمین جار نەبوو، بەڵکو پێشتر لەسالّی (1936ز) دوای نسکۆی (ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان) لەسالّی (1933ز) سەردانی کردبوو، بەڵام ئەو کات وەک کەسایەتییەکی بارزانی و فەرماندە و بەشدارێکی ڕاپەڕینەکە وەک پەنادان هاتبوو، بەڵام ئەمجارەیان وەک سەرۆک و ڕابەری کوردان پێشوازیکرا، تا ئەوەی هیچ کەس بەر لەو بەو شێوازە پێشوازی نەکرابوو. ئەو سەردانەش، کە ماوەیەکی کەمی خایاند، سەرنجی سەدان کەسایەتی و شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و تەنانەت کوردناسی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، تا چەندین تۆژینەوە و ڕاپۆرتی مەیدانی و کاری میدیایی و زانیاری لەسەر کورد و مێژووەکەی و تێڕوانینی هاوڵاتیانی بۆ سەرکردەکانی ئامادە بکەن. هەروەها سەدان دەقی شعیری لەو بارەوە دانران. هەر ئەو ڕووداوەش ڕۆژنامەنووسێکی وەک (زانیار سەردار قرگەیی) هاندا، (نۆ) سالّی تەمەنی خۆی بۆ دیداری ئەو کەسایەتی و ئاکادیمی و مێژوونووس و نووسەر و تۆێژەر و شاعیر و میدیاکارانی ئەم شارە و دەرەوەی ئەم شارە تەرخان بکات، تا بەرهەمێکی ناوازەی ڕۆژنامەوانی بە پێوەری مێژوویی بەناونیشانی (کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا) ئامادە بکات. دیارە بەندە کە لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو کارەی و کارەکانی پێشووتری کاکە (زانیار) بووم، شاهیدی بۆ ئەدەم، کە سەرباری ئەوەی زۆر بەو کارەوە ماندبوو، لەهەمانکاتدا کارێکی گەورەشی ئەنجامدا، کە تێدا دەیان دیدار و دەقی شیعری شاعیران و نامە و بەڵگەنامە و وێنەی گرنگی مێژوویی خستە نێو بەرهەمەکەیەوە. ئەو کارەشی بە (9) سالّ و لە نێوان سالّانی (2012-2003ز) ئەنجامدا. زۆریش پێدەچێت ئەو هۆکارەی وایان لە کاکە (زانیار) کردبێت، بەرهەمێکی وا ئامادە بکات، ئەو ڕق و کینەیە بێت، کە ئەو شارە و دەوروبەری بەرامبەر کوڕی ئەو سەرکردەیە هێژا (مەسعود بارزنی) وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتەکەی لەنێوان سالّانی (1994-2003ز) ئەنجامیانداو دواتریش لەسالّی (2011ز) هەمان شالّاوی نەیار بەرامبەر بەو سەرۆکە وەک (سەرۆکی هەرێمی کوردستان)و پارتەکەی دەستی پێکردەوە، کە تا ئێستاش بە شێوەیەک لە شێوەکان دڕێژەی هەیە! پرسیارەکەش ئەوەیە، کە دانیشتوانی ئەو شارە، بۆ لەسالّی (1958ز)و سالّانی دواتریش تا بە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەگات لەسالّی (1975ز) وا بە گەورەیی سەیری (مستەفا بارزانی)و (پارتی دیموکراتی کوردستان)یان کرد، بەڵام دواتر ئەو هەڵوێستانە گۆڕان؟ ئایا ئەوە هەڵەی تێشگەیشتنی ئەو شارە بوو بۆ پارتی و سەرۆکەکەی و مافّەکانی بارزانی؟ یان هەڵەی پارتی و سەرکرایەتی پارتی بوو بەرامبەر ئەم شارەو بێخەمییان بەرامبەری؟ هەموو ئەوانە وایان لە برای ڕۆژنامەنووس کاکە (زانیار سەردار قرگەیی)و دوای (8) سالّ لە چاوەڕوانی، دواجار لە کۆتاییەکانی سالّی (2018ز) بە تیراژی (2000) دانە بەرهەمەکەی چاپ و بڵاوکردەوە. کاکە (زانیار) هەر وەک بەشێکی زۆربەی بەرهەمە چاپ و بڵاوکراوەکانی پێشووی، چەندین بەڵگەنامە و وێنەی مێژوویی خستۆتە نێو بەرهەمەکەی، تا ڕووبەکی جوانتر و باشتر بە کارەکەی ببەخشێت. بۆ ئەو کارەشی سەردانی دەیان کەسایەتی و ئاکادیمی و شاعیر و ڕۆژنامەنووسانی کوردی کردووە، تا زانیاریان لەسەر (مستەفا بارزانی) پێببەخشێت، یان ڕای خۆیان لەسەر ئەو کەسایەتییە بخەنەڕوو. ئەمەو چەندین بەرهەمی مێژوویی و سیاسی و دیوانی شاعیرانی کوردی تاوتوێکردووە، تا لەنێو ئەواندا ئەو هۆنراوانە بدۆزێتەوە، کە شاعیرانی کورد لە قۆناغێکی ژیان و ویستگەیەکی خەبات و دەربەپینی ناخی خۆیاندا هۆنراوەیەک بۆ گەورەیی (مستەفا بارزانی) بەهۆنیوە. تەنانەت ماندووبوونێکی گەورەشی وویستووە، چەندین بەڵگەنامە و وێنەی مێژوویی لەسەر ئەو سەرکردەیەی کورد و خێزان و تاکەکانی کورد و دەسەڵاتدارانی سەدەی ڕابردووی ئێراق و باشووری کوردستان پەیدا بکات و کەلێنێکی ئەو بەرهەمەی پێ پڕبکاتەوە.

نووسەر لە (شانزە) لاپەڕەدا واتە لەلاپەڕەکانی (23-7)دا دەسپێکێکی باشی بۆ چوونە نێو باسەکە دەستپێکردووە، تا بەهۆییەوە هۆکاری بەدەنگەچوونی ئەو کارەوە چۆنیەتی دەستپێکردنی و شێوازی پەیداکردنی زانیارییەکانی بخاتەڕوو، لەپاڵ خستەڕووی مێژوویی هاتنی (مستەفا بارزانی) بۆ شاری (سولەیمانی)و ئەو پێشوازییە گەرمەی دانیشتوانی ئەو شارە بە گەورە و بچووک و ژن و پیاو و کوڕ و کچانی شار و سەرجەم تۆێژە جیاجیاکان لەو ڕابەرەی کوردیان کردووە. لەپاڵ خستنەڕووی ئەو وتار و هۆنراوانەی لەو کاتەدا بەبۆنەی هاتنی ئەو سەرۆک و سەرکردەیەی کوردەوە دانراوە. دواتر لە لاپەڕەکانی (32-24) باسی لە وێستگەکانی ژیانی (مستەفا بارزانی)و شێوازی هاتنی بۆ سولەیمانی و شێوازی ئەو پێشوازییەی لەلایەن هاوڵاتیانەی ئەو شارەوە لێی کراوە. بۆ ئەو کارەش گەڕاوەتەوە بۆ تۆمارەکانی مێژوو، کە باسیان لەو ڕووداوە مێژوویيە کردووە.

بەشێکی دیکەی کارەکەی کاکە (زانیار) وەرگرتنی ڕای دەیان کەسایەتی کوردی باشووری کوردستانە لە مێژوونووسان و پسپۆڕانی ئاکادیمی و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان لەسەر (مستەفا بارزانی)و بۆچوونی ئەوان لەسەر ئەو سەردانەی بۆ (سولەیمانی). بۆ ئەم کارەش لاپەڕەکانی (440-33)ی بۆ تەرخانکراوە، کە زۆرترین بەشی بەرهەمەکەی لە خۆگرتووە، بەهۆی ئەوەی دیدارێکی مێژوویی تایبەتی لەگەڵ هەریەک لەوان ئەنجامداوە. لەم بوارەشدا هەوڵیداوە دەستی بگاتە نزیکەی (54) مێژوونووس و پسپۆڕانی ئاکادیمی و نووسەر و ڕۆژنامەنوو، تا ڕای هەریەک لەوان لەو بارەوە بزانێت. لەم نێوەندەدا دیداری لەگەڵ پۆلێک کەسایەتی دیاری نەتەوەکەمان کردووە، وەک خوالێخۆشبووان (پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال خەیات و پرۆفیسۆر دکتۆر کاوەس قەفتان و پرۆفیسۆر دکتۆر ئیسحان فوئاد و پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەلمی و پرۆفیسۆر دکتۆر نەسرین فەخری و پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز) وەک پۆلێک پسپۆڕانی ئاکادیمی دیار و (فوئاد عارف و حەمەی مەلا کەریمی مودەپرس و غەفووری میرزا کەریم و جەلالی ئەمین بەگ، کەریم زەند،...تاد) تا بە هەریەک لە (پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد و پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفە ڕەسوڵ و پرۆفیسۆر دکتۆر هۆگر مەحمود فەرەج و پرۆفیسۆر دکتۆر موحەممەد مەحوی و جەمال بابان، جەلال دەباغ) دەگات، کە خۆشبەختانە تا ئێستا لە ژیاندا ماون. دیارە هەریەکیش لەوان پسپۆڕی بوارێکی ئاکادیمی و ناوێکی دیاری نێو گۆڕەپانی ڕووناکبیری کوردی بوون.

لەبەشێکی دیکەدا ئاوڕی لە شاعیرانی کورد داوەتەوە، کە لاپەڕەکانی (441-676)ە بۆ تەرخانکراوە، تا هەست و ناخی خۆیان لە قۆناغێکی مێژوویيدا بۆ (مستەفا بارزانی) خستۆتەڕوو. لەم بەشەشدا نزیکەی (95) هۆنراوەی (85) شاعیری ئەو شارە و دەوروبەری، لەوانە (فایەق بێکەس، پیرەمێرد، حەمدی، قانع، بەختیار زێوەر، کامەران موکری، ڕەمزی ولا مارف، مەلا ڕاجی، کاکەی فەلاح، حەسیب قەرەداغی، ئەحمەد هەردی، حەمە سالّح دیلان، شێرکۆ بێکەس، ...تاد) هێناوەتەوە، تا بۆچوون و هەستی ئەوان بۆ (مستەفا بارزانی) بخاتەڕوو، کە چۆن هەست و ویژدان و ناخی ئەو پۆلە شاعیرە ناسراو دەرکەوتەی کوردی لەو قۆناغە و دواتری هەژاندووە. تەنانەت هۆنراوەی هەریەک لەوانی وەک نموونەیەکی بەرزی ئەوان هێناوەتەوەو بەشێکی بەرهەمەکەی لێ پێکهێناوە.

بەشێکی دیکەی بەرهەمەکەی بۆ خستنەڕووی نامە و بەڵگەنامە مێژوییەکان تەرخانکردووە، کە لاپەڕەکانی (677-728) لەخۆگرتووە. لەم بوارەشدا چەند نامەیەکی خودی بارزانی نەمر و ڕێزدار (مەسعود بارزانی) وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێوان سالّانی (2005-2017) خستۆتەڕوو، لەپاڵ چەند نامەیەکی ڕێزداران (نێچیرەوان بارزانی) وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و (مەسرور بارزانی) وەک ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کە بۆ چەند کەسایەتییەک و خودی نووسەر نێردراون. کۆی نامە و بەڵگەنامەکانیش (40) نامە و بەڵگەنامەن. دوا بەشیش کە لاپەڕەکانی (883-729) بۆ خستنەڕووی زیاتر لە (400) وێنەی تایبەتی (مستەفا بارزانی) و هاتنی بۆ شاری (سولەیمانی)و پێشوازی بەرپرس و کەسایەتی و هاوڵاتیانی ئەو شارە و دەوروبەری لەو کەسایەتییە.

لە دوا لاپەڕەکانیشدا نووسەری ئەم بەرهەمە، کتێبە چاپ و بڵاوکراوانەی خۆی و ئەو بەرهەمانەشی چاوەڕوانی چاپن خستۆتەڕوو. بەوەش بەرهەمێکی (896) لاپەڕەیی ئامادەکردووە، تا لە ئاست گەورەیی بارزانی نەمردا بێت.

ماوەتە بڵێین: (مستەفا بارزانی کوڕی شێخ موحەممەد کوڕی شێخ عەبدلسەلام) لە (14ی ئازاری1903ز) لە گوندی (بارزان) لەدایکبووە و لە (1ی ئازاری1979ز) لە نەخۆشخانەی (جۆرج واشنتۆن) لە شاری (واشنتۆن)ی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە تاراوگە و دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد. واتە لە نێوان سالّانی (1979-1903ز) یەکێک بوو لە دیارترین سەرکردە و قارەمانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد ناسرا. ئەو پێناسەیەش لە (76) سالّی تەمەنییەوە سەرچاوەی گرت. بەوەی لە نێوان سالّانی (1933-1932ز) فەرماندەیەکی ڕاپەرینی یەکەمی بارزان کرد. لە نێوان سالّانی (1943-1945ز)ش سەرکردایەتی شۆڕشی دووەمی بارزانی کرد. دواتر بۆ ماوەی (یانزە) مانگ بەشداربییەکی کاریگەری لە کۆماری دیموکراتی کوردستاندا کرد، بەوەی لەلایەک پلەی جنرالّی پێدرا و لەلایەکی دیکە کرایە سەرۆکی تەواوی هێزەکانی بارزانی لە کۆمار، کە بە (1500) پێشمەرگە و فەرماندە مەزنده کرابوون. واتە فەرماندەیی گەورەترین هێزی چەکداری کۆمار بوو. کاتێکیش کۆمار لە (17ی کانوونی یەکەمی1946ز) بەرژەوەندییەکانی ولاتانی زلهێزی ئەو سەردەمە، بارزانی سەرکردایەت و پێشڕەوی (500) پێشمەرگەی کرد و بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بەرێکەوتن. لە کاتی بەجێهێشتنی کۆماری کوردستانیش و دەستپێکردنی ڕێڕەوە مێژوویيەکە لە (22ی مایسی1947ز) تا ئەو کاتەی لە (18ی حوزەیرانی1947ز) لە ڕووباری ئاراس بە خۆی و هاوڕێکانیەوە پەڕینەوە (پێنج) جار زۆر بە سەختی سوپای ئێرانی تێکشکاند. بەوەش خۆی و هاوڕێکانی گەیشتنە نێو سنووری ولاتی (یەکێتی سۆڤیەتی جاران).

دوای (11) سالّ ئاوارەبوونیش لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران (ڕووسیای ئێستا) لە (6ی تشرینی یەکەمی1958ز) گەیشتەوە شاری (بەغداد) پایتەختی دەوڵەتی ئێراق و دواتر سەردانی شارەکانی (هەولێر، سولەیمانی، کەرکوک، دهۆک)ی کرد. لەنێوان سالّانی (1975-1961ز) ڕابەرایەتی شۆڕشی ئەیلولی کرد، تا دواجار لە (1ی ئازاری1979ز) بۆ دواجار و لە تاراوگە و دوور لە نیشتمان کۆچی دوایی کرد. هەربۆیە کاکە (زانیار) کارێکی جوان و گەورەیی بۆ یەکێک لە کەسایەتییە کاریزما و گەورەکانی مێژووی نەتەوایەتیمان ئەنجامداوەو لاشمان وایە ئەو ماوەیەی تەمەنی بە هەدەر نەداوە. دیارە ئەوەش دوای چەندین کاری تری لە ڕابردوودا بۆ خزمەتی کورد و کتێبخانەی کوردی و مێژووی نەتەوایەتیمان.

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر

پێنج ملیۆن 667 هەزار و 508 کەس لێی سوودمەند بوونە
دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئاماری کار و چالاکییەکانی ساڵی 2018ی راگەیاند



سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتیی ناوەندی هەماهەنگی قەیرانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئاماری کاروچالاکییەکانی ساڵی ڕابردووی دەزگا دەخاتەڕوو هەروەها باس لە پرۆژەکانی ساڵی 2019ش دەکات.

موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە پرێس کۆنفرانسەکەدا باسی لە کێشەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان کرد و گوتی: پێمان وابوو کێشەو ئازاری پەنابەران دوای شەڕی داعش کەم دەبێتەوە، بەڵام بەردەوام ڕوو لە زیادبوونە. گوتیشی: کلتوری میواندۆستی لەلایەن کوردستانیانەوە، لەسەرجەم کۆڕو کۆنگرەو کۆنفراسە پەیوەندیدارەکان بەمرۆڤ و بەهاکانی کەم کەس هەیە ئەو کلتور و بەها مرۆڤیانەی کوردو کوردستان نەزانێت، کە ئەمەشیان سەرچاوەی مرۆڤدۆستیی سەرۆک بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە هەموویان دیارتر کلتوری کوردستانیان بووە، کە خۆماندووکردنی بەردەوامی پێشمەرگە ئاسای لایەنە پەیوەندیدارەکان و کارمەندانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەوێوە سەرچاوەی دەگرێت.

سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئاماری کاروچالاکییەکانی دەزگای لە ساڵی 2018خستەڕوو. موسا ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا، دەزگا توانیویەتی هەشت هەزار و نۆ چالاکی لە سەرتاسەری کوردستان و عێراق ئەو شوێنانەی کاری تێداکردووە ئەنجام بدا، کە توانیویەتی سوود بە یەک ملیۆن 800هەزار و 681 خێزان بگەیەنێت، کە ئەمەش بۆ کەس دەکاتە پێنج ملیۆن 667هەزار و 508کەس و گوزمەی تێچوو لەو چالاکییانە بریتی بووە لە 50 ملیار و 76ملیۆن 262 هەزار و 206دیناری عێراقی.

سەبارەت بە پلانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ساڵی نوێ بەڕێز موسا ئەحمەد ڕایگەیاند: دەزگای خێرخوازیی بارزانی گرنگیدەدات بە پرۆژەی ئازیزانی کوردستان کە ژمارەی سودمەندبووان لەو پرۆژە بریتیی بووە لە 24 هەزار 235کەس کە چاوەڕێ دەکەین لە ساڵی داهاتوو ژمارەی سودمەندبووان بگات بە 29هەزار 64کەس کە منداڵانی بێ دایک و باوکن.

هەروەها هۆشەنگ محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی ناوەندی هەماهەنگی قەیرانەکانی هەرێم کوردستان لە پرێس کۆنفرانسەکەدا ئاماری ئاوارە و پەنابەرانی خستەڕوو و گوتی: لە کۆتایی ساڵی 2017کە کۆتایی شەڕی داعش ڕاگەیەندرا، هیوایەک پەیدابوو کە قەیرانی مرۆیی لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی داعش کۆتایی پێبێت و ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و ژیانی خۆیان، بەڵام بە داخەوە قەیرانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە بە هۆکارگەلی جیاواز. ژمارەی ئاوارە و پەنابەران کە لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون بەمشێوەیە: کۆی گشتی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە یەک ملیۆن و چوارسەد و یازدە هەزار و پێنج سەد و سی و دوو کەس.

بەرپرسێ لقا ئێک سەردانا پێشمەرگەهێن هەردوو شورەشێن ئەیلوون و گولانێ و سەندیکا پارێزەرێن کوردستانێ دکەت



ژبو لێپرسینا ڕەوشا تەندروستیا پێشمەرگەهێن هەردوو شورەشێن ئەیلون و گولانێ ئەحمەد سەفەر، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک سەرا وی دا و ژ نێزیک هایداری ڕەوشا ساخلەمیا وی بۆ کول ڤان ڕوژێن چۆی ل وەلاتێ تورکیا نیشتەگەرییەک بو هاتبۆ ئەنجامدان و ژبال خوڤە سەربەست ترواشی خوشحالیا خول هەمبەر باشبونا ڕەوشا تەندروستیا وی دیارکر و دیسان ئامادەبونا خو بو هەر هاریکارییەکێ نیشاندا و ژبال خوڤە ئەحمەد سەفەر خوشحالیا خو ئاراستەی بەرپرسێ لقێ کر ژبۆ ڤێ سوزداریا وی بو پێشمەرگەهان کۆ ئەڤە ژی جهێ دلخوشیا من بویە و هاتنا تە زور ژ نازارێن گیانێ من کێم کرن.

هەروەسا ژ بۆ پیرۆزکرنا 26 ساڵیا دامەزراندنا سەندیکا پارێزەرێن کوردستانێ، بەرپرسێ لقا ئیک ب یاوەریا شاندەکی سەرا بارەگایێ دادگەها دهوکێ دا و دگەل کەیفخوشیا پارێزەرێن پارێزگەها دهوکێ شاد بۆ، ئەڤەو دڤێ سەردانێدا بەرپرسێ لقێ بناڤێ خو و لقائیک سالۆڕوژا دامەزراندنا وان پیروز کر و گوت دادوەر و پارێزەر ئێک ژ وان تەخێن هەری سەرەکینە دناڤ جڤاکیدا ژبۆ بەر قرارکرنا دادوەریێ دناڤ مۆئەسساتێن دەولەتێ دا و ستاندنا مافێن کەسی لەوما ئەڤرۆ ژی ئەم خو ب بەختەوەر دبینین د هەرێما کوردستانێدا ب تایبەتی ژی پارێزگەها دهوکی دا دادگەهـ دکاریت رولێ خو ببینیت و دگەل دام و دەزگەهێن پەیوەندیدار ئەمن و ئارامی و ئاسایشێ بەرقرار بکەن و رویێ کوردستانێ جوانتر بکەت.

لە ماوەی یەک هەفتەدا 136هەزار گەشتیار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان



گوتەبێژی دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان گوتی، بە مەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵ و یاریکردن لەناو بەفری ناوچە شاخاوییەکاندا لە ماوەی یەک حەفتەدا 136هەزار کەس سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە.

نادر ڕۆستی، گوتەبێژی دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتی: بە مەبەستی کاتبەسەربردن و بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ و یاریکردن لەناو بەفری ناوچە شاخاوییەکاندا، لە ماوەی 25ی 12تاکو 31ی 12ی 2018زیاتر لە 136هەزار گەشتیار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان. نادر ڕۆستی گوتیشی: بەراورد بە هەمان کاتی ساڵی ڕابردوو ڕێژەی گەشتیاران 152%زیادی کردووە، لە هەمان کاتی ساڵی پار 54هەزار گەشتیار هاتبوون. ڕۆستی باسی لەوەش کرد: بەشی زۆری گەشتیاران لە خوارو و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتبوونە هەرێمی کوردستان.

ڕۆستی گوتی: بنکەکانی گەشتیاری هۆتێل و موتێل و گوندی گەشتیاری پڕ ببوون لە گەشتیار. گوتەبێژی دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێم ئاشکرایشی کرد: ئەگەر هەر گەشتیارێک بە لایەنی کەمەوە 200دۆلاری بۆ بازاڕەکانی هەرێم هێنابێت، ئەوە 27 ملیۆن دۆلار هاتووەتە بازاڕەکانی هەرێمەوە، ئەمەش هۆکارێکی باشە بۆ جوولاندنی بازاڕەکان و بووژانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان.

هاوردەکردنی مریشکی بەستوو بۆ کوردستان قەدەغە دەکرێت



خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: لەبەر هۆکاری مەترسی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئەنفلۆنزای باڵندە، هاوردەکردنی مریشکی بەستوو قەدەغە دەکرێت.

لەمبارەیەوە دکتۆر جەمال ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی ڤێتەرنەری هەرێم ڕونیکردەوە: بە هۆی مەترسی سەرهەڵدانی نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندە هاوردەکردنی مریشکی بەستوو لە 31ولاتی جیهانەوە بە ولاتی ئێران کە بە یەکێک لە ولاتە نزیکەکان هەژمار دەکرێت، قەدەغە دەکرێت. دیارە ئامانجیش لەو بڕیارە بەمەبەستی ڕێگریکردنە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە، ئاماژەی بەوەشداو گوتی: زانیارییان هەیە کە لەولاتی ئێران ئەنفلۆنزای باڵندە تۆمارکراوەو ئەو قەدەغەکردنە هەرتەنها بۆ مریشک نییە، بەڵکو بۆ سەرجەم باڵندەو بەرووبومەکان دەرچوەو تا ئەو کاتەی نوسراومان پێدەگات لە نەمانی هەر حاڵەتێک ئەوا ئەوکاتە بڕیارێکی دیکە دەدەین.

وەزارەتی تەندروستی ژمارەیەک لە دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکان دادەمەزرێنێت

خەبات- فاتیح: دکتۆر خالس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕونیکردەوە: بڕیارە لە پلانی ئەمساڵی وەزارەتی تەندروستی نزیکەی 720لە دەرچووانی کۆلێژە پزیشکییەکان دامەزرێنین لەبەر ئەوەی لەماوەی چوار ساڵی ڕابردووداوە بەهۆی قەیرانی دارایییەوە پڕۆسەی دامەزراندن وەستابوو، جگە لەوەش بەهۆی وەرگرتنی مۆڵەت و چوونەدەرەوە زیاتر لە چوار هەزار پزیشک و کارمەندی تەندروستی وازیان لە کارەکانیان هێناوە، بۆیە ئێمە بیرمان لەو پلانەکردەوە، بەڵام جێبەجێکردنی بڕگەی پلانەکە پەیوەستە بە پەسەندکردنی بودجەوە.

باتیفا... بریکانا هاژوتنا ئوتومبێلان دناڤ بەفرێدا هاتەسازکرن



خەبات- زاخۆ: ناڤەندا دەڤەرا باتیفا یا ئێکەتیا لاوێن دیموکراتی کوردستان بەریکانەیەکا هاوژتنا ئوتومبێلان دناڤ بەفرێ دا سازکر. دڤێ بەریکانێ دا یا کو بو جارا دووەم دئێتە سازکرن هەژمارەکا گەنجێن دەڤەرێ تێدا بەشداربون، و هەورسا خەلات ژی ل سەر هەر سێ سەرکەفتێن یەکەم هاتن دابەشکرن. بەشدارێن ڤێ بەریکانێ خوشحالیا خوە دیارکرن ژبو سازکرنا ڤێ چالاکیێ وهیڤی خواستن کو ئەڤ بەریکانە ب ئاوایەکی بەرفرهتر بێتە سازکرن کو هەمی پاریزگەها دهوک بخوڤەبگریت. ژلایێ خوە ڤە زیرەک سالح کو ئێک ژبەشدارێن بەریکانێ بویە گوت: ئەڤان جورە چالاکیان دوەرزێ زستانێ دا گرنگێ یا خوە هەیە ژبەرکو بزاڤ ولڤێنێ ل دەڤەرێ پەیدا دکەت هەورسا دبیتە ئەگەر کو پتر بزاڤا گەشتیاری ژی ل دەڤەرێ چالاک ببیت ،دیسان هوکارەکی گرنگە ژبو ئەکتیفکرنا پەیوەندیان دناڤبەرا گەنجێن دەڤەرێ دا.

گەرمیان... لە 2018دا ڕووداوەکانی هاتووچۆ زیادیان کردووە



خەبات- سەربە یوسف:

بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان ڕایگەیاند، لە ساڵی 2018دا زیاتر لە 300ڕووداوی هاتوچۆی لە گەرمیان ڕوویاندااوەو بەوهۆیەوە 64کەس گیانیان لەدەستداوە.

لەوبارەوە، نەقیب کارزان مەجید وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی بەئاگانەهاتنەوە و بێ ڕێزیکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ و بەشێک لە ئۆتۆمبێلەکانیش مەرجی تۆندوتۆڵی تێدا نیە و لە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 38هەزار سەرپێچی هاتوچۆ لە گەرمیان تۆمارکراوە. ئاماژەی بۆئەوەشکرد، هەر بەهۆی ڕوداوەکانەوە لە ساڵی 2018دا 503ئۆتۆمبێل توشی زیان بوون، کە پێکهاتوون لە 234ئۆتۆمبێلی بەپێی ئامارەکانی هاتوچۆ لە ساڵی 56 ?2017هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە، بەڵام لە ساڵی 2018دا 64 کەس بووە.

لەبارەی زۆربوونی ڕوداوەکانی هاتوچۆ ،ئەو بەرپرسەی هاتوچۆی گەرمیان باسی لەوەکرد، جگە لە خراپی ڕێگاوبانەکان، بەکارهێنەرانی شەقام پابەند نابن بە تایبەت و 133بارهەڵگر و 54ئۆتۆمبێلی کرێ و 84 ماتۆرسکیل.

لەبارەی داهاتی بەڕێوەبەرایەتیەکەشیان کە بە سزای سەرپێچیکاران دەست کەوتووە، ئەوەی خستنەڕوو، کۆی داهاتی گشتی هاتوچۆی گەرمیان لە ساڵی 2018 زیاتر لە 875 ملیۆن و 838 هەزار دینار بووە.

www.xebat.net
یەکشەمە 2019/1/6 ژمارە (5665)

لیوا قارەمان: کەشوهەوا ڕێگربووە.. لەم مانگەدا نەخۆشخانەی پێشمەرگە تەواو دەبێت



بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە گوتی، بە هۆی کەشوهەواوە، دروستکردنی نەخۆشخانەی پێشمەرگە دوا کەوت، بەڵام لەم مانگەدا وەک قۆناغی یەکەم، بینای نەخۆشخانەکە و شەقامەکەی تەواو دەبێت و دواتریش ئامێر و پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکرێن. جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئۆپەراسیۆنەکان لە وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لیوا قارەمان کەمال، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دروستکردنی نەخۆشخانەی پێشمەرگە لە قۆناغی کۆتاییدایە و بە هۆی کەشوهەواوە تەواوکردنی بیانەکە هەندێک دوا کەوت، بەڵام لەم مانگەدا بیانەکە تەواو دەبێت و قۆناغی دووەمی نەخۆشخانەیش دەست پێدەکات، کە ئەویش ئامادەکردنی ناو نەخۆشخانە و دابینکردنی پێداویستییەکانی نەخۆشخانەکەن. لیوا قارەمان گوتیشی: بڕیارە هەر لەم مانگەدا ئەو شەقامەی بۆ نەخۆشخانەکە دەچێت، تەواو ببێت، چونکە جادەی بۆ ڕێبێشتووە و تەنیا قیرتاوکردنی ماوە، لە ئێستادا سەرقاڵی قیرتاوکردنی جادەکەن. کەمال باسی لەوەش کرد، هەر کاتێک نەخۆشخانەکە تەواو بێت، هەموو هێزەکانی پێشمەرگە، ئەوانەی پێویستیان بە چارەسەرکردنی پزیشکی هەبێت، لەو نەخۆشخانەیە چارەسەری پێویست وەردەگرن. ئەمەیش لە کاتێکدایە، پێشتر پەیوەست بە وادەی ڕاگرتنی ناسنامە و ڕەگەزنامەی عێراقی، دەڵێت: ڕاستە کارتی نیشتمانی خەرجییەکی زۆری لێ کراوە بۆ ئەوەی شوێنی کۆمەڵێک بەڵگەنامە بگرێتەوە، کە لە سەردەمی ئێستادا باویان نەماوە، هەر کاتێکیش بڕیار درا، ئەوە هاوواڵتیان تەنیا دەتوانن کارتی نیشتمانی بەکار بێنن و زۆرێک لە بەڵگەنامەکانی دیکە کاریان پێ ناکرێت، چونکە کارتی نیشتمانی زانیارین لەبارەی کەسەکەوە لەخۆ دەگرێت.

هاوواڵتی بتوانن سەردانی بنکەکان بکەن بۆ دەرکردنی کارتی نیشتمانی، ڕۆژانەش ژمارەیەکی بەرچاو سەردانی ئەو بنکانە دەکەن، کە زیاتر لە 40بنکەی دەرکردنی کارتی نیشتمانی هەن و ڕۆژانە بە ڕووی هاوواڵتیاندا کراوەن، بۆ ئەوەی هەموو هاوواڵتییەک ببێت بە خاوەنی کارتی نیشتمانیی تایبەت بە خۆی.

بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی هەولێر دەشڵێت: پێویستە هەموو هاوواڵتیان ئاگاداری ئەوە بن، کارتی نیشتمانی یەکێکە لە بەڵگەنامە هەرە گرنگەکانی حکوومەت و ئەرکە هەموو هاوواڵتییەک ببێتە خاوەنی کارتی تایبەت بە خۆی، چونکە بە شێوەیەکی پێشکەوتوو دروست کراوە و دەرفەتی بۆ ساختەکردن نەهێشتووە.

بڕیارە دوای ئەوەی زۆرینەی هاوواڵتیانی عێراق دەبنە خاوەنی کارتی نیشتمانی، کارکردن بە ناسنامە و ڕەگەزنامەی عێراقی کۆتایی بێت و کارتی نیشتمانی شوێنیان بگرێتەوە. لەو بارەیەوە، نەشئەت ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی کارتی نیشتمانی لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ڕایگەیاند: توانیومانە فەرمانگەکانی ڕەگەزنامەی عێراقی بگۆڕین بۆ کارتی نیشتمانی، بڕیارمانە لە ساڵی 2020دا کارکردن بە ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی ڕابگرین و تەنیا کار بە کارتی نیشتمانی بکرێت.

عەمید عەبدولڕەحمان گەردی، وەزارەتی ناوخۆی عێراق، وادەی کۆتاییهێنان بە ناسنامە و ڕەگەزنامەی عێراقیی ئاشکرا کرد.

بەرپرسێکی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ، پێویستە هەموو هاوواڵتییەک ببێتە خاوەنی کارتی تایبەت بە خۆی، چونکە ڕۆژێک دێت کار بە زۆرێک لە بەڵگەنامەکان ناکرێت، جگە لە کارتی نیشتمانی.

عەمید عەبدولڕەحمان گەردی، بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی هەولێر، ڕایگەیاند: ساڵی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لە بنکەی دەرهێنانی کارتی نیشتمانی لە هەرچوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا کراونەتەوە، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر هاوواڵتیان بتوانن سەردانی بنکەکان بکەن بۆ دەرکردنی کارتی نیشتمانی، ڕۆژانەش ژمارەیەکی بەرچاو سەردانی ئەو بنکانە دەکەن، کە زیاتر لە 40بنکەی دەرکردنی کارتی نیشتمانی هەن و ڕۆژانە بە ڕووی هاوواڵتیاندا کراوەن، بۆ ئەوەی هەموو هاوواڵتییەک ببێتە خاوەنی کارتی نیشتمانیی تایبەت بە خۆی.

عەمید عەبدولڕەحمان: ڕۆژێک دێت کارکردن بە ڕەگەزنامە و ناسنامەی عێراقی کۆتایی دێت




پۆلیسی سلێمانی: پێنج تۆمەتبار لە پێنجوێن دەستگیرکران

پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، بەشی پۆلیسی پێنجوێن 5 تۆمەتباری دەستگیرکرد و بنکەی پۆلیسی حەساری پۆلیسی سەیدسادقیش دەستیبەسەر 6ماتۆرسکیلدا گرت.

بە گوێرەی ڕاگەیەندراوێکی پۆلیسی سلێمانی، لەچوارچێوەی هەڵمەتە بەردەوامەکانی بەشی پۆلیسی پێنجوێن، لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بەپێی ماددەکانی 15 ?456ی جەوازات، 24ی هاتووچۆ، 432لەیاسای سزادانی عێراقی و بە تۆمەتی فێڵکردن و هەڕەشەکردن و سنووربەزاندن توانرا 5تۆمەتبار دەستگیربکرێن و ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە.

هاوکات پاش تۆمارکردنی سکاڵای هاوواڵتیان بەهۆی بێزاربوونیان لە ماتۆرسکیلە بێ مۆڵەت و بێ سەرەتاکاندا، بنکەی پۆلیسی حەساری سەر بە بەشی پۆلیسی سەیدسادق دەستیبەسەر 6 ماتۆرسکیلدا گرت و خاوەنەکانیان ڕووبەڕووی یاسا کرانەوە.

هەولێر... نرخی کارەبای موەلیدە ئەهلییەکان دیاری کرا



خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: ئەندازیار قارەمان مەولود سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی موەلیدە ئەهلییەکان لە پارێزگای هەولێر ڕونیکردەوە: ئێمە لەپارێزگای هەولێر بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوون بۆ سەرجەم موەلیدە ئەهلییەکان دەکەین و لەلایەن لیژنەکانیشەوە چاودێری و بەدواداچوونی تەواو لەسەر موەلیدەکان دەکرێت و مانگانەش نرخیان بۆ دادەنرێت و خشتەی پێدانی موەلیدەکان بۆ ئەو مانگە بەو شێوەیە دەبێت: لە کاتژمێر شەش و نیوی بەیانی بۆ کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی کارەبا بە هاوواڵتیان دەدرێت و لە کاتژمێر 4ی ئێوارە تا کاتژمێر ای شەو کارەبای موەلیدە بە هاوواڵتیان دەدرێت و لەکاتەکانی دیکەیش کارەبای نیشتیمانی دەدرێتە هاوواڵتیان و نرخی هەر کاتژمێرێک کارەبا بە 41 دینار دەبێت و نرخی هەر ئەمپێرێک کارەبا بەدووجۆر دەبێت هەندێکیان بە 9 هەزار دینارەو هەندێکی دیکەیش بە 10هەزار دینار دەبێت و هەرهاوڵاتیەکیش ئەگەر گلەیی هەبوو ئەوا دەتوانێت پەیوەندی بە لیژنەکانەوە بکات و ژمارەی مۆبایلی لیژنەکان لەسەر پسوڵەی پارەکە هەیە.

دیاله... لە 2018دا 114فەرمانی لەسێدارەدان و زیندانیکردنی هەتا هەتایی دەرکراوە

خەبات- سەبریە یوسف: پۆلیسی دیالە ئاشکرای کرد، زیاتر لە 100کەس بەهۆکاری ساغ بونەوەی تاوانی کووشتن و کردەوەی تیرۆریستی فرمانی لەسێدارەدان و زیندانیکردنی هەتا هەتایان بەسەردا سەپێنراوە. غالب عەتیە، وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دیالە، بە خەباتی ڕاگەیاند: لەماوەی ساڵی 2018دا لەتەواوی پارێزگای دیالە لەلایەن دادگاکانی شارو شارۆچکەکانەوە فرمانی لەسێدارەدان بۆ 30کەس دەرکراوەو فرمانی زیندانی کردنی هەتا هەتایی بۆ 84کەس دەرکراوە. وتیشی: ئەوانەی فەرمانی زیندانی کردنی هەتا هەتایی یاخود لەسیدارەدانیان بۆ دەرکراوە تاوانی کوشتن و کردەوەی تیرۆریستیان بەسەردا ساغ بۆتەوە لەتەواوی دیالە بە سنوری شارۆچکەی خانەقینیشەوە. ئەوەشی خستەروو، هەر لەساڵی پاردا فرمانی زیندانی کردنی 5ساڵ بۆ 15و 20ساڵ بۆ 179تاوانبار دەرکراوەبەهۆکاری ئەنجامدانی تاوانی جۆر بەجۆر.

چۆمان... ئۆتۆمبێلێک کەوتە ناو ڕووبارەوە



ئۆتۆمبێلێک لە جۆری تۆیۆتا کرۆلا، لە نزیک شارۆچکەی چۆمانی سەر بە پارێزگای هەولێر، کەوتە ناو ڕووبار، سەرنشینانی سەلامەتن و ڕەوشی تەندروستیان باشە.

عەبدولڕەحمان سوڵتان، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتووچۆی چۆمان، بۆ کوردستان 24ڕایگەیاند، ڕووداوەکە کاتژمێر 4ی ئێوارەی 4ی کانوونی دووەمی 2019ڕوویداوە و ئاگادارکراونەتەوە، کە شۆفێرێک و سەرنشینێکی تێدابووە و ئێستاش بۆ چارەسەر گوازراونەتەوە نەخۆشخانە و تەندروستیشیان باشە.

بە گوێرەی زانیارییەکانی پەیامنێری کوردستان 24 ئەوانەی تووشی ڕووداوەکە بوونە، خەڵکی ناحیەی قەسرێن و بە هۆی تەسکی و تەپبوونی ڕێگاکە، شۆفێرەکە کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەی لەدەستداوە و بەر لەوەی بگاتە شارۆچکەی چۆمان، کەوتووەتە ناو ڕووبار.

ئەوە لەکاتێکایە کە ئێستا وەرزی زستانە و ناوچەکە شاخاوییە، پۆلیسی هاتووچۆی ناوچەکەش، بەردەوام ڕێنمایی دەداتە شۆفێران، بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ وەرزی زستان بکەن و زنجیر لە تایەی ئۆتۆمبێلەکان ببەستن.

شارۆچکەی چۆمان، سەر بە پارێزگای هەولێرە و بە دووری 150کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر.

ژنێک لە شارۆچکەی حاجیاوا بەهۆی تەقینی چەرخێکەوە سووتا

گوتەبێژی پۆلیسی ئیدارەی ڕاپەڕین ڕایگەیاند، ژنێک بەهۆی چەرخێکەوە کە کاری نەکردووە، بەشێکی زۆری جەستەی سووتاوە و بۆ چارەسەریش ڕەوانەی نەخۆشخانەی سووتاوی شاری سلێمانی کراوە. شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ئیدارەی ڕاپەڕین بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: ژنێکی دانیشتووی گەڕەکی پێنجی ئازار لە شارۆچکەی حاجیاوای ئیدارەی ڕاپەڕین، لەکاتێکدا نەوتی کردووەتە زۆپاوە ئەو چەرخەی بەکاربهێناوە بۆ داگیرساندنی زۆپاکە بەباشی کارینەکردوە، ئەویش چەند جارێک چەرخەکەی بە زەویدا کێشاوە تاوەکو کار بکات، بەڵام چەرخەکە تەقیووە و بەو هۆیەوە ئاگر لە بەشێکی جەستەی ژنەکە بەربووە. گوتەبێژی پۆلیسی ئیدارەی ڕاپەڕین گوتیشی: ژنەکە کە تەمەنی 30 ساڵە 60%ی جەستەی سووتاوە و بۆ چارەسەرکردنیش ڕەوانەی نەخۆشخانەی سووتاویی سلێمانی کراوە. گوتەبێژی پۆلیسی ئیدارەی ڕاپەڕین ئەوەشی خستەڕوو، ڕووداوەکە ئێوارەی ڕۆژی هەینی 2019-1-4ڕوویداوە و گوتیشی لێدوان لە ژنەکە وەرگیراوە و سکاڵای دژی کەس نەبووە.

لیژنەی پشکنین و چاودێریی بازاڕ چوار شوێن دادەخات



خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: ئەنوەر کەمال کارگێڕی لیژنەی پشکنین و چاودێریی بازاڕەوە ڕونیکردەوە: ڕۆژانە لەلایەن لیژنەی قایمقامیەتی هەولێرەوە پشکنین بۆ هەموو شوێنە گشتیەکان دەکرێت. لەچوارچێوەی کارو چلاکییەکانی لیژنەی پشکنینەوە لە هەولێر 20 شوێن پشکنینیان بۆ کرا، لیژەکانی پشکنین و چاودێری بازاڕ بەسەرپەرشتی قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێرکارەکانی ئەنجام دەدات. لە بەسەرکردنەوەی ئەمجارەدا لیژنەکە سەردانی هەریەکە لە گەڕەکەکانی هەڤاڵان و سەروەرانی کردو پشکنینی بۆ سەمونخانەو شیرنەمەنی و مارکێت و خواردنگەیان کردو بەهۆی پابەندنەبوون بەڕێنماییەکان و نەبوونی مۆڵەتی فەرمی کارکردنەوە سێ خواردنگەو سەمونخانەیەک داخران.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو مستەفا ئەحمەد گوروون

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی مەزنی ئەیلول و گوڵان، کەسایەتی ناسراوی دەڤەری شاربازێڕ- ماوەت، هەڤاڵ مستەفا ئەحمەد گوروون، ناسراو بە مستەفا قیادە- مان پێگەیشت.

لەم بۆنە خەمناکەدا پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و سەرجەم خزم و کەسوکار و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی خوالێخۆشبوو و دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

سوپاس و پێزانین

ئەم بناقێ مالباتا خودێ ژێ رازی سەعید بەگ شێخ قوتبەدین شێخ بەدیع سورچی کەسایەتییێ دەڤەرا سورچیایەتیی و ئەندامێ نڤیسینگەها کومەلایەتیا لقێ9 پڕ ژ دل سوپاس و پێزانینێن خوە ئاراستەیی عەبدولموهەیمن بارزانی نوێنەرێ سەرۆک بارزانی و ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرێ مەنسور بارزانی و ئەندامێن سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ9ێ پارتی و نەوزاد هادی پاریزگارێ هەڤلێر و کارگێروئەندام و کادرێن لقێ9 و ئەندام پەرلەمانێن عیراقێ و هەرێما کوردستانێ و بەرپرس و نوێنەرێن لایەنێن سیاسی و دام و دەزگەهێن میری و حزبی و لەشکری و ریکخراوێن جەماوری و پیشەیی و رهسپی و پیاو ماقویل و هاولاتییێن کوردستانێ ب گشتی و یێن پاریزگەها دهۆک و قەزا ئاکرێ و بەردەرەش دکەین کو زەحمەتکێشایی و ل بەهیا خودێ ژێ رازی بەرهەڤبوون و ب بەرهەڤبوونا وان بۆ ئەگەرێ سڤک کرنا خەما مە و خودێ خێرا هەمی لایەکێ بنڤیسیت ، دیسان سوپاسیا تەڤان وان کەس و هاولاتیان دکەین ئەوێن کو پەیوەندی ب مەڤە کری و هەڤخەمیا خوە دگەل مە دەربری و یان ئەوێن ل تورێن جڤاکی ژی هەڤخەمێن مە بووین وجارەکا دی سوپاسیا هەمیان دکەین ....

عاسب سەعید بەگ

ل جهێ بنەمالا خودێ ژێ رازی

هونەرمەند محەمەد عەباس بەهرام:

هەر میللەتێک، هونەرکەی نەما زۆر بەئاسانی دەتوێتەوە

دیدار: کامەران حاجی ئەلیاس

زۆرن ئەو هونەرمەندانەی لەسەردەمێکدا خزمەتی هونەری کوردییان کردووە کە سەردەمێکی نەڕەخساو و نالەبار بووە و وەکو ئیستا نەبووە، چ لەڕووی ئازادیی چ وەکو توانستی تەکنەلۆژیای سەردەم. بەڵام ئەو هونەرمەندانە شاکاری وایان پێشکەش کردوە کە هەتا ژیان هەبێت ئەو شاکارانەش هەر بەزیندوویی دەمێنن.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین هونەرمەندێکی گۆرانی بێژ و ئاوازدانەرێکە کە زۆربەمان یادگاریان لەگەڵ گۆرانییەکانی هەیە، هونەرمەندێک کە توانیویەتیی لەریگەی گۆرانیەکانی وێستگەیەک بێت لە کاروانی هونەری کوردیی رەسەن، ئەو هونەرمەندە بەرێزە (محەمەد عەباس بەهرام)ـە کە خاوەنی چەندین گۆرانییە، وەکو (ئاگرێکی بێ خۆڵەمێش ، بێ وەفا بوو، تووڕەمە خۆت زیز مەکە...). دوای ئەوەی پەیوندیان پێوەی کرد و داوای گفتوگۆیەکی هونەریان لێبکرد، بەسوپاسەوە زۆر بە خۆشحاڵیی ئامادەیی خۆی نیشاندا و وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.

*** سەرەتا پێمان باشە کورتەیەک لە ژیانی هونەریی خۆت و چۆنییەتیی دەستپێکردنت بە کاری هونەریی بۆ خوێنەرانمان باس بکەیت؟**

– من هەر لە منداڵیەوە گۆرانیم گوتووە، لە تەمەنی پێنج ساڵی لەماڵەوە خزم و دۆستان هانیان دەدام هەردەم پێیان دەگووتم دەی حەمە گیان گۆرانییەکەمان بۆ بڵێ.. دەی حەمە گیان سروودێکمان بۆبڵێ... بەو شێوەیە بەردەوام بووم تا چوومە قوتابخانە، زۆریش سەرسام بووم بە دەنگی هونەرمەندان (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، مەلاکەریم ، عەلی مەردان ،سەلاح داوە). لە قوتابخانەش لە هەموو بۆنەکان گۆرانی و سروودم دەگووت، سوودێکی زۆرم لە مامۆستای هونەر وەرگرت کەناوی مامۆستا (ئەنوەر تایەر) و خەڵکی شاری کۆیە بوو، زۆریشم لەلا گرنگ بوو چونکە بۆ من وەکو برا و باوک بوو. ژنیاری کەمانچە و عود بوو، گۆرانی بێژیش بوو، گۆرانییشی لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنی بەغدا هەبوو ،زۆریش سەرسام بوو بە دەنگی من بەجۆرێک عاشقی دەنگی من بوو تا ئەو رادەی ئامێری (ئۆکۆردیۆن)ی بۆهێنام و پێیگووتم پێم باشە فێری موزیک بیت، بەمشێوەیەش زیاتر پەردم بە دەنگی خۆمدا تائەو کاتەی چوومە سەر تەختەی شانۆ، ئەو کاتە سەردەمی گۆرانیبێژان (عەلی عەزیز و جەمال جەلال و سەلاح داوده) و چەندین گۆرانی بێژی تر بوو لە کەرکووک. تا ئەو کاتەی یانەی سۆلاف دروست بوو هونەرمەند خوالێبخۆشبێت (شەوکەت رەشید) تیپی سۆلافی دامەزراند و هەرخۆیشی بەڕێوەبەری تیپەکە بوو، چەندین هونەرمەند ئەندام بوون لە کورد و تورکمان و عەرەب، منیش بووم بە ئەندامی ئەو تیپە ،هەر لەوتیپەش دەستم پێکرد کۆمەڵێ گۆرانیمان لەگەڵ هونەرمەند شەوکەت رەشید بۆ تەلەڤزیۆنی کەرکووک تۆمارکرد.

*** ئاگرێکی بێ خۆڵە مێش یەکێکە لە گۆرانیە خۆشەکانی بەرێزتان، ئایا دەتوانین بڵێین تۆ بەو گۆرانیە ناوبانگ وەرگرت، سەرگوزشتەی ئەو گۆرانیە چۆن بوو؟**

– سەبارەت بە گۆرانیی (ئاگرێکی بێ خۆڵە مێش) لە هۆنراوەی شەهید (بارزان عوسمان)ـە، داوای لێکردم کە ئاوازێک بۆ ئەم هۆنراوەیە دابنێم، دوایی لە ساڵی 1973لە رادیۆی کوردیی لە بەغدا تۆمارمان کرد. دەرهێنەری بەتوانا (بەختیار سیامەنسووری) بۆ تەلەڤزیۆنی تۆمار کرد و ناوبانگێکی زۆری وەرگرت، بەڵام پێش ئەوە من گۆرانی (بێ وەفا بوو، سورەگوڵ)م بڵاوکردەوە، بۆیە پێش گۆرانی (ئاگرێکی بێ خۆڵە مێش) من ناسرابووم بە تایبەتی بە گۆرانی (بێ وەفا بوو) ناوبانگێکی باشم وەرگرت، چونکە من یەکەمین هونەرمەندی کورد بووم لە هەرچوار پارچەی کوردستان گۆرانی بەتەنیا لەگەڵ پیانۆ بڵێت، پێشتر کەس بەو شێوەیە نەیگووتووە. ئەو دەرفەتەش لە گەڵ مامۆستای خۆم کە خەڵکی وڵاتی (چیک) بوو بۆ من رەخسا کە دابەشکردنێکی موزیکی باشی کردبوو، لە هەمان کاتدا هۆنراوە و ئاوازەکەیشی نایاب بوو بۆیە ناوبانگێکی باشی وەرگرت.

*** باشە تا چەند کلیپ بۆ گۆرانییێژ پێویستە؟**

– ئەوەی راستی بێت ئێستا جەماوەر کەمتر گوێ لە رادیۆ دەگرێت، بۆیە کلیپ گرنگە چونکە جگە لە گۆرانییێژ و ژنیارەکان سیناریۆش هەیە، بە واتایەکی تر نواندن هەیە و وەکو دیاردەیەک ئێمە ئێوارانە کاتەکانی خۆمان بە سەرکردنی ئەم ئالقە دۆبلاژکراوانەوە بەسەردەبەین. من دەخوازم لە وەزارەتی ڕۆشبیری و لاوان، لە خەمخۆرانی کوردی، کۆمەڵگاو فەرهەنگی کوردی ئەم کەنالانە بایکۆت بکەن بۆئەوەی بە خۆیاندا بچنەوە، چەندەها دراماى کوردیمان هەیە، سینەمای کوردیمان هەیە، فیلمی شاکاری کۆنمان هەیە، بەراستی تاوانە جیلی تازە ئاشنا نەبێ بە دراماکەمان، من وەک ئازاد پێنجوێنی سینەماکار لەو بارەیەوە دەڵێت: بە راستی من ئەم دیاردە خەراپەم ناوە ئەنفالی سپی بەسەر کۆمەڵگای ڕۆشبیریدا، بەسەر ئەو ئاستەی کە ئێمەی کورد خاوەنی سینەمای خۆمان نەبین، بە داخەوە کاریگەری خراپی بە جێهێشتووە. لە دوای پەخشکردنی ئەم ئالقە دۆبلاژکراوانە کوردی خراپ فەرهەنگی کوردووە، من پێموایە کۆمەڵگاش کەمتەرخەمە، چونکە ئەگەر وشیاریان ئەوەندە بەرزبێ، دەبێ کارێک بکەن کە ڕێگا نەدەن بەم کەنالانە ئەو ئالقە دوبلاژکاوانە نمایش بکەن کە نەفەرهەنگی ئێمەیە نە خزمەت بە تاکی ئێمە دەکات. تاکی کوردی بەرەو مالوێرانی بردووە، بۆ نموونە با بە راشکاوی قسە بکەین پرسی لایەنە جوانەکانی بەرەو ئاقالی خراپ بردوە، چونکە پێموایە تەنها ئەم ئالقەی دوبلاژکاوانە بەرەو لێدانی کولتووری کوردییە بۆ لێدانی فەرهەنگی کوردییە، بۆیە چیدیکە ڕێگە نەدرێ بە سەیرکردنی ئەم دراماییانە کە بەرهەمە بیانییەکان، شتی خۆمان وەلا دەنێین، ئێمە هەمیشە بێگانە پەرست بووین، هەمیشە شتی خۆمان پێ سووکە، ئەم کۆمپانیا هونەرییانە بەس ناویان هەیە، هیچ کاری فلیم و دراماى کوردییان نەکردوە، دەبێ کەرتی تایبەت دراماى کوردی بەرەو پێش بەرن، ئاوڕ لە دراماى کوردی بدەنەوە، بەڵام وەزارتی ڕۆشنبیری بە کەمتەرخەم دەزانم. ئیسماعیل تالەبانی شاعیریش لەو بارەیەوە دەڵێت : هیوادارم وەزارەتی ڕۆشنبیری یاخود کەنالە راگەیاندنەکان کە ئەم فلیم و دراما بیانییانە دەکەنە کوردی بە فلتەردا تێپەرن بە بەرپرسیاریەوە یاخود ئەو دراما یان فلیمانە پەخش دەکەن هیوادارم بەتایبەت وەرگێڕانەکەیان، یاخود دەقەکە یان کۆی فلیمەکە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێ و خزمەت بە تاکی کوردی بکات، خزمەت بە کۆمەڵگای کوردی بکات کار نە کاتە دەقە کوردییەکان، کاریگەریی نەرێنی نەکاتە سەر منداڵان بۆ ئەوەی ڕوئیای جوانیان هەبێ، دونیای جوانیان هەبێ، هەمیشە تاکی کورد بەگشتی بە ئاقاری جوان بەرن و کارنەکاتە ئاقاری خراپ و دەروونی کۆمەڵگا و هەرزو تاکی کورد هیوادارم بە ئاگاوە بە فلتەردا بڕوات.



ڕاپۆرت/شکۆ کەناری

هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی سلێمانی، نیگەرانن لە دیاردەی بێسەروبەری دۆبلاژکردنی فیلم و دراما بیانییەکان و پێیانوایە دەبێ سانسۆر لەسەر دۆبلاژکردنیان دابنرێ و بە فیلتەردا تێپەڕ بێن، چونکە زۆربەیان لەگەڵ کولتوور و پەروەردەی وڵاتی ئێمە نایەنەوە.



هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی سلێمانی داوا دەکەن فیلتەر بۆ دۆبلاژکردنی فیلم و دراما بیانییەکان دابنرێت

گوگڵ 13یاری لە کۆگای خۆی سڕیەوە کە ژمارەی دابەزاندنیان بەرز بوو



ڕاپۆرت/شکۆ کەناری

هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی سلێمانی، نیگەرانن لە دیاردەی بێسەروبەری دۆبلاژکردنی فیلم و دراما بیانییەکان و پێیانوایە دەبێ سانسۆر لەسەر دۆبلاژکردنیان دابنرێ و بە فیلتەردا تێپەڕ بێن، چونکە زۆربەیان لەگەڵ کولتوور و پەروەردەی وڵاتی ئێمە نایەنەوە.

ئازاد پێنجوێنی سینەماکار لەو بارەیەوە دەڵێت: بە ڕاستی من ئەم دیاردە خەراپەم ناوە ئەنفالی سپی بەسەر کۆمەڵگای ڕۆشبیریدا، بەسەر ئەو ئاستەی کە ئێمەی کورد خاوەنی سینەمای خۆمان نەبین، بە داخەوە کاریگەری خراپی بە جێهێشتووە. لە دوای پەخشکردنی ئەم ئالقە دۆبلاژکراوانە کوردی خراپ فەرهەنگی کوردووە، من پێموایە کۆمەڵگاش کەمتەرخەمە، چونکە ئەگەر وشیاریان ئەوەندە بەرزبێ، دەبێ کارێک بکەن کە ڕێگا نەدەن بەم کەنالانە ئەو ئالقە دوبلاژکاوانە نمایش بکەن کە نەفەرهەنگی ئێمەیە نە خزمەت بە تاکی ئێمە دەکات. تاکی کوردی بەرەو مالوێرانی بردووە، بۆ نموونە با بە راشکاوی قسە بکەین پرسی لایەنە جوانەکانی بەرەو ئاقالی خراپ بردوە، چونکە پێموایە تەنها ئەم ئالقەی دوبلاژکاوانە بەرەو لێدانی کولتووری کوردییە بۆ لێدانی فەرهەنگی کوردییە، بۆیە چیدیکە ڕێگە نەدرێ بە سەیرکردنی ئەم دراماییانە کە بەرهەمە بیانییەکان، شتی خۆمان وەلا دەنێین، ئێمە هەمیشە بێگانە پەرست بووین، هەمیشە شتی خۆمان پێ سووکە، ئەم کۆمپانیا هونەرییانە بەس ناویان هەیە، هیچ کاری فلیم و دراماى کوردییان نەکردوە، دەبێ کەرتی تایبەت دراماى کوردی بەرەو پێش بەرن، ئاوڕ لە دراماى کوردی بدەنەوە، بەڵام وەزارتی ڕۆشنبیری بە کەمتەرخەم دەزانم. ئیسماعیل تالەبانی شاعیریش لەو بارەیەوە دەڵێت : هیوادارم وەزارەتی ڕۆشنبیری یاخود کەنالە راگەیاندنەکان کە ئەم فلیم و دراما بیانییانە دەکەنە کوردی بە فلتەردا تێپەرن بە بەرپرسیاریەوە یاخود ئەو دراما یان فلیمانە پەخش دەکەن هیوادارم بەتایبەت وەرگێڕانەکەیان، یاخود دەقەکە یان کۆی فلیمەکە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێ و خزمەت بە تاکی کوردی بکات، خزمەت بە کۆمەڵگای کوردی بکات کار نە کاتە دەقە کوردییەکان، کاریگەریی نەرێنی نەکاتە سەر منداڵان بۆ ئەوەی ڕوئیای جوانیان هەبێ، دونیای جوانیان هەبێ، هەمیشە تاکی کورد بەگشتی بە ئاقاری جوان بەرن و کارنەکاتە ئاقاری خراپ و دەروونی کۆمەڵگا و هەرزو تاکی کورد هیوادارم بە ئاگاوە بە فلتەردا بڕوات.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە ئەم کارە دەکەن هیچ بەرپرسیارێتییەکیان بەرامبەر بە کولتوور و پەروەردەی وڵاتی ئێمە نییە، بۆیە پێویستە دەستبەجێ ئەم کارە ڕابگیرێت.

– بێگومان لە ئەورووپا بابەتی ماددە زۆر گرنگە و نەبوونی ماددەش گەورترین گرفتە بۆ ئێمەمانان، بۆغوونە کرێی ستۆدیۆ زۆر گرانە و گرفتی میوزیک ژنەمان هەیە، چونکە میوزیک ژنی کوردمان لێرە زۆر کەمە و ئەندازیاری دەنگ کرێی گرانە. لەهەمان کاتدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردیی لە دەرەوەی کوردستان زیاتر گرنگی بە سیاسیەت دەدەن بەداخەوە، هونەر و هونەرمەندیشیان فەرامۆش کردووە .

*** ڕەخنەگری میوزیکمان هەیە؟ ئەگەر هەیە لە چ ئاستێکدایە و چۆنیان هەڵدەسەنگێنیت؟**

– تا ئێستا ڕەخنەگری میوزیکی پڕۆفیشناڵمان نیە بەشێوەیەک کە کەسێکی پسپۆر و خاوەن ئەزموون بێت، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەخنە لە کوردستان بڤەیە. بۆیە ڕەخنەگرمان کەمە چونکە کەس لە وڵاتی ئێمە ڕەخنە قبوڵ ناکات و نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە کە ڕەخنە قبوڵ بکەین، بەڵام لەڕاستیدا ڕەخنە دەماری پێشکەوتن و سەرکەوتن و پێشڤەچوونە.

*** ڕۆڵی پەیانگا وکۆلێژەکان چۆن دەبینیت لە پێشڤەچوونی هونەری گۆرانیی و میوزیکی کوردیی؟**

–سەبارەت بە پەیانگا و کۆلێژە هونەرییەکان تا ئێستا کارێکی گرنگم نەبینیوە تا بڵێم ئاستێکی بەرزی هەیە، بەڵام دەنگ خۆشمان زۆرە کە هاوکارییی ناکرێن، هەروەها دەنگ خۆشمان زۆرە توانای تۆمارکردنی گۆرانیی نییە، دەنگ خۆشمان زۆرە بەڵام مامۆستایەکی دڵسۆز نییە هاوکارییان بکات.

*** چەند دەنگت گۆڤاوە بۆ مەقامات، ئایاپێویستە گۆرانییێژ شارەزایی لە مەقامات هەبێت؟**

– لەبارەی مەقاماتی کوردیی گوزارشتی لێبکات بۆ ئەوەی بەڕوح و ویژدان ئاوازەکە بڵێت، نەک کارێکی میکانیکی وەکو سویچی ئۆتۆمبیل بێت چونکە گۆرانی گووتن بابەتێکی هونەریی و خێزانیی و ئاستێکی هونەریی بەرزی هەبێت، نەک وێنەگرتنێکی هەڕەمەکی بێت .

*** کامەیان بۆ گۆرانییێژ گرنگترە (هۆنراوە، ئاواز، دەنگ)؟**

– بۆ هونەرمەندی گۆرانییێژ هۆنراوە زۆر گرنگە، ئینجا بۆئەوەی هۆنراوەکە بخرێتە چوارچێوەیەکی جوانەوە ئاوازەکە جوانی دەکات و بۆ ئەوەی بینەخشێنیت دەنگی هونەرمەند زۆر گرنگە بۆ ئەوەی سۆزی تێدابێت، بەجۆرێک گۆرانییێژەکە وشە بە وشە من زۆر مەقام نالێم، بەڵام لەبەر ئەوەی 3ساڵ ئۆپڕام خوێندووە شارەزاییەکی باش و ئەزموونێکی باشم لە مەقاماتی کوردیی و فارسیی و تورکیی هەیە، لە هەندێک شوێنیش مەقامم گوتووە و سەرکەوتووش بوومە.

*** ئێمە زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەم دیدار، لە کۆتاییشدا بابەتێک بتەوێت ئاماژەی پێبدەیت؟**

– زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە و پرسیارەکانم زۆر بەدڵ بوو، چەند خاڵێکیش هەیە ئەمەوێ ئاماژەیان پێبدەم:

ئومێدەوارم حکومەتی کوردستان و سیاسییەکانی کورد بۆ کلتور و هونەری کوردیی سیاسەتێکی دوورببینیان هەبێت و ئاوڕێکی باش لە هونەر بدەنەوە، چونکە هەر میللەتێک زمانەکەی یان هونەرکەی نەما زۆر بەئاسانی دەتوێتەوە، بۆیە داوا لە بەرپرسانی کوردستان دەکەم هیچ نەبێت ستۆدیۆیەک دروست بکەن بۆ ئەوەی گۆرانییێژەکانیان تۆمار بکەن، چونکە تۆمارکردنی گۆرانییەک تێچووی مادیی زۆری پێویستە. بۆ نموونە ئەگەر هەر گۆرانییێژێک 10گۆرانی هەبێت و تۆماری نەکات و کۆچی دوایی بکات، ئەوا گۆرانییەکانیش دەمرن. نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە هونەر تەنیا گۆرانی نییە، بەشەکانی تریش زۆر گرنگن، وەکو شانۆ، شێوەکاریی ، پەیکەرسازیی... داوا لە بەرپرسەکانی کوردستان دەکەم بیر لە هونەرمەندانی دەرەوەی کوردستان بکەنەوە و پەیوەندییان پێوە بکەن و ئاشتیان بکەنەوە، هەوڵیان لەگەڵ بدەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە کوردستان.

وەکو دیاردەیەک ئێمە ئێوارانە کاتەکانی خۆمان بە سەرکردنی ئەم ئالقە دۆبلاژکراوانەوە بەسەردەبەین. من دەخوازم لە وەزارەتی ڕۆشبیری و لاوان، لە خەمخۆرانی کوردی، کۆمەڵگاو فەرهەنگی کوردی ئەم کەنالانە بایکۆت بکەن بۆئەوەی بە خۆیاندا بچنەوە، چەندەها دراماى کوردیمان هەیە، سینەمای کوردیمان هەیە، فیلمی شاکاری کۆنمان هەیە، بەراستی تاوانە جیلی تازە ئاشنا نەبێ بە دراماکەمان، من وەک ئازاد پێنجوێنی سینەماکار لەو بارەیەوە دەڵێت: بە ڕاستی من ئەم دیاردە خەراپەم ناوە ئەنفالی سپی بەسەر کۆمەڵگای ڕۆشبیریدا، بەسەر ئەو ئاستەی کە ئێمەی کورد خاوەنی سینەمای خۆمان نەبین، بە داخەوە کاریگەری خراپی بە جێهێشتووە. لە دوای پەخشکردنی ئەم ئالقە دۆبلاژکراوانە کوردی خراپ فەرهەنگی کوردووە، من پێموایە کۆمەڵگاش کەمتەرخەمە، چونکە ئەگەر وشیاریان ئەوەندە بەرزبێ، دەبێ کارێک بکەن کە ڕێگا نەدەن بەم کەنالانە ئەو ئالقە دوبلاژکاوانە نمایش بکەن کە نەفەرهەنگی ئێمەیە نە خزمەت بە تاکی ئێمە دەکات. تاکی کوردی بەرەو مالوێرانی بردووە، بۆ نموونە با بە راشکاوی قسە بکەین پرسی لایەنە جوانەکانی بەرەو ئاقالی خراپ بردوە، چونکە پێموایە تەنها ئەم ئالقەی دوبلاژکاوانە بەرەو لێدانی کولتووری کوردییە بۆ لێدانی فەرهەنگی کوردییە، بۆیە چیدیکە ڕێگە نەدرێ بە سەیرکردنی ئەم دراماییانە کە بەرهەمە بیانییەکان، شتی خۆمان وەلا دەنێین، ئێمە هەمیشە بێگانە پەرست بووین، هەمیشە شتی خۆمان پێ سووکە، ئەم کۆمپانیا هونەرییانە بەس ناویان هەیە، هیچ کاری فلیم و دراماى کوردییان نەکردوە، دەبێ کەرتی تایبەت دراماى کوردی بەرەو پێش بەرن، ئاوڕ لە دراماى کوردی بدەنەوە، بەڵام وەزارتی ڕۆشنبیری بە کەمتەرخەم دەزانم. ئیسماعیل تالەبانی شاعیریش لەو بارەیەوە دەڵێت : هیوادارم وەزارەتی ڕۆشنبیری یاخود کەنالە راگەیاندنەکان کە ئەم فلیم و دراما بیانییانە دەکەنە کوردی بە فلتەردا تێپەرن بە بەرپرسیاریەوە یاخود ئەو دراما یان فلیمانە پەخش دەکەن هیوادارم بەتایبەت وەرگێڕانەکەیان، یاخود دەقەکە یان کۆی فلیمەکە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێ و خزمەت بە تاکی کوردی بکات، خزمەت بە کۆمەڵگای کوردی بکات کار نە کاتە دەقە کوردییەکان، کاریگەریی نەرێنی نەکاتە سەر منداڵان بۆ ئەوەی ڕوئیای جوانیان هەبێ، دونیای جوانیان هەبێ، هەمیشە تاکی کورد بەگشتی بە ئاقاری جوان بەرن و کارنەکاتە ئاقاری خراپ و دەروونی کۆمەڵگا و هەرزو تاکی کورد هیوادارم بە ئاگاوە بە فلتەردا بڕوات.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە ئەم کارە دەکەن هیچ بەرپرسیارێتییەکیان بەرامبەر بە کولتوور و پەروەردەی وڵاتی ئێمە نییە، بۆیە پێویستە دەستبەجێ ئەم کارە ڕابگیرێت.

زۆربەی کات ڕەخنە لە گوگڵ گیراوە بەهۆی بێهێزی چاودێری لەسەر ئەپلێکەیشنە خراپەکان لەبازاڕی گوگڵ پلەیدا، ئەمرۆش دیسانەکەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە دوای ئاشکراکردنی 13یاری پڕ لە بەرنامەڕێژی خراپ لەلایەن شارەزایانی ئاسایشیەوە، بۆیە گوگڵ هەستا بە سڕینەوەیان.

هەموو یاریەکان پێشبڕکێیی ئۆتۆمبێلن، هەندێکیشیان چالۆلێکەری یاریەکانی هەردوو گەشەپێدەر لویس و بینێتۆنن، وێنەی ئەپلێکەیشنەکان وا پێناچێت کە نایاسایی بن، وەهیچ شتێکی دیار لەنا یاریەکە نیە کە پێشانی بدات یاریەکە ئەسڵ نیە.تۆژەرەی ئەمریکی لۆکاس ستیفانکۆ لە تیمی ESETئاگاداریکردنەوە لەپاش ئەوەی توانی ئەو یارییانە ئاشکرا بکات کە زیانیان بۆ بەکارهێنەر هەیە، بەڵام دوو لەو یارییانە پلەیەکی باشیان هەبوو لەگوگڵ پلەی لە ژمارەی دابەزاندن کە گەیشتبونە زیاتر لە نیو ملیۆن دابەزاندن پێش ئەوەی گوگڵ بیانسڕێتەوە.

مەترسیە گەورەکە لەوەدایە کاتێک دایدەبەزێنیت هەرەسدێنێت لەو کاتەو کە ئەیکەیتەوەش بۆ یەکەم جار دوای ئەوە نامێنێت، پاشان ناتوانی بەئاسانی بیسڕیتەوە.ئەو یاریانەش هەوڵ دەدەن زۆرترین ڕێکلامت بۆ بێنن کە بەتەواوی بێزارت دەکەن، دواتریش داوای زۆرترین پارە لە خاوەن ڕێکلامەکان دەکەن کەگوایە بینەری زۆریان بۆ ڕێکلامەکانیان فەراهەم کردووە. هەندێک جاریش دەبنە هۆی خاوبوونەوەی ئامێرەکان.هەر چ ئامانجێکیان هەبێت، ئەوە وتەبێژی گوگڵ ڕایگەیاند بە دڵنیاییەوە یاریەکان سڕاونەتەوە لە بازاڕی گوگڵ پلەی، بەڵام دوای بەدەست هێنانی نزیکەی 560هەزار دابەزاندن دەبێتە گەورەترین خراپەکاری ئەپلێکەیشنەکان لە مێژوی بازاڕی گوگڵ پلەی، لەگەڵ ئەوەی گوگڵ هەوڵی زۆری داوە بۆ نەهێشتنی ئەو ئەپلێکەیشنە خراپانە ، لەو هەوڵانەشی سڕینەوەی زیاتر لە 700,000ئەپلێکەیشن بوو لەساڵی 2017بەتەنها.

هاوواڵاتیان گلەییان لە بەشە ئاردی بریکاری خۆراک هەیە

بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم: لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بە یەک سیستەم گەنم لە سایلۆکان وەردەگیرێت

بەڕێوەبەری دروستکراوی دانەوێڵەی هەولێر: ئەو ئاردەی دەدرێتە بریکارەکانی خۆراک دەبێتە نان و بەسەر هاوواڵاتیاندا دابەشی دەکەین



ڕاپۆرت/ فاتیح بەرزنجی

هەموو مانگێک لەرێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە بەشە ئاردی هاوواڵاتیان دابەشدەکرێ، بۆیە نرخی ئارد و نان و سەموون لە بازارەکان گراننابێت. بەگوتەی "کاکەزیاد سالح" بەڕێوەبەری دروستکراوی دانەوێڵەی هەولێر ڕوونیکردەوە: ئیشوکاری دروستکراوی دانەوێڵەی هەولێر سەرپەرشتیکردنی بەشە ئاردی هاوواڵاتیانە و ڕۆژانە هەر لە یەکەم قۆناغەوە پشکنین دەکەین، لەکاتی وەرگرتنی گەنمەکە تا دەگاتە ناو ئاشەکان و کاری ئەو 14ئاشەی کە هەیە بۆ ئامادەکردنی بەشە ئاردی هاوواڵاتیان، ڕۆژانە لەلایەن ئاشەکانەوە (ئارد) ئامادە دەکرێت، بەرلەوەی ئاردەکە دابەش بکرێت پشکنینی بۆ دەکرێت و لەناو کارگەکانی ئاشیش تاقیگە هەیە و لەلای خۆشمان پشکنینی بۆ دەکەین، دیارە ئەو ئاشانە بەپێی هەبوونی گرێبەستێک لەگەڵ (وەزارەتی بازرگانی عێراق و بەشەخۆراک و بەشە ئاردی هاوواڵاتیان) هەر لەلایەن (وەزارەتی بازرگانی عێراق)ـەوە سەرپەرشتی دەکرێت، ئێمەش وەکو (لقی هەولێری دروستکراوی دانەوێڵە) بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەولێر ئەو ئاردە دابەشدەکرێت. سەبارەت بەو بەشە ئاردەی بریکاری خۆراک وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.



نەوزاد ئەدهەم

کاکە زیاد

ئەو گەنمەی کە دەکرێتە ئارد پلە یەکە

دەربارەی جۆری ئەو گەنمەی کەدەکرێتە ئارد(بەڕێوەبەری دروستکراوی دانەوێڵەی هەولێر) گوتی: ئەو گەنمەی کە دەکرێتە ئارد گەنمی پلە یەکە، بۆئەوەی جۆری ئاردەکە زۆر باشبێت، گەنمی هاوردەی (ئوستورالی)ی لەگەڵ تێکەڵ دەکەین، بۆئەوەی ئاردەکە بەهێز بێت و یارمەتیدەربێت بۆ ئاردەکە تا نانی جوانی لێبێت و تاقیکردنەوەشمان لەسەر کردووە و سەرکەوتوو بووە، بەڵام ئاردی سێ مانگ لەمەوبەر لە کەرکوک گەمان بۆ هات و بێهێز بوو، بۆیەئەو گەنمە بۆنانکردن وەکو پێویستنەبوو، دوای ئەوە هەوڵماندا گەنمی سایلۆی خۆمان لەگەڵ گەنمی هاوردە تێکەڵ بکەین و بیکەین بە ئارد، گەنمی خۆمان زۆر شیاوە بۆ نانکردن و تاقیمان کردۆتەوە و پشکنینمان بۆ کردووە، دوای تاقیکردنەوەی ئاردەکە، ئینجا دەستبەدابەشکردنی دەکەین. بڕی ئەو ئاردەی کەمانگانە دابەشی سەر هاوواڵاتیانی دەکەین، بڕیتییەلە (20)هەزار تەن ئارد، بۆ هەموو هەولێر و دەوروبەری، ئەو ئاردەی کەئێمەدابەشیدەکەین ئاردی بریکاری خۆراک و ئاردی گەنمی خۆمانە، نەوەک (ئاردی تەندروستی) دەکەین کە لەنزیکەوە سەردانی بریکارەکان دەکەن و ئێمەشی لێ ئاگادار دەکەنەوە و لیژنەی ئێمەش سەردانی کارگەکانی ئاش دەکەن و ڕۆژانە چاودێری کارگەکان دەکەن، ئەو ئاردە لەلایەن لیژنەکەی ئێمەو لە کارگەکانیش پشکنین بۆ ئەو ئاردە دەکرێت، ئەگەر یەکێک نیازی هەبوو کە (کارگەی ئارد) دابنێت، دەبێ لەبەغدا ولەلای (وەزارەتی بازرگانی عێراق)ەوە ڕەزامەندی بدرێت بۆ کارگەی تازە.

لەپارێزگاکانی کوردستان ژمارەیەک سایلۆ هەیە بۆ کۆگاکردنی گەنم

دواتر هەردەربارەی ئەو ئاردەی کە دابەشی سەر هاوواڵاتیان دەکرێ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێمان کردو لەوێدا نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی و تەندروستی) ، جۆرێکی باشەو کاریگەری خراپی بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ نییە.

مادەی کیمیاوی تێدانییە و هەموو فەردە ئاردەکان بەر لەوەی دابەشبکرێتە سەر هاوواڵاتیان، پشکنینی بۆ دەکرێت

ئەو گوتیشی: داوا لەهاووڵاتیان دەکەین کە سەردانی بریکارەکان بکەن، بۆئەوەی بەشە ئاردی مانگانە وەربگرن، هەر بریکارێکیش دوکانەکەی داخرا و بێت ئەوا سزادەدرێت، جگە لەوەش ئاردەکە میژووەکەی بۆ شەش مانگە و نابێت هاوواڵاتیان لەدوای ئەو شەش مانگە، ئەو ئاردە بەکاربێنن و هەر بریکارێک ئەگەر هاتوو سەرپێچیەکی کرد هاوواڵاتیان دەتوانن سکاڵایان لەلای ئێمە لەسەری تۆماربکەن.

لێرەوە دەستخۆشی لە (چاودێری بازرگانی و ئەویش تاوەکو پڕلی نزیبە، بۆیە زەحمەتێکی زۆری بۆ قوتابیەکان دروست کردووە، بەمەش قوتابیەکان داوا لە دایک و باوکیان دەکەن یان ئەوەیە بچن بۆ شار یان دەبێ هاتووچۆیان پێبکرێت ئەمەش دەبێتە هۆی کۆسپێک بۆ خەڵکی گوندەکەمان.

لە درێژەی قسەکانی باسی لەوە کرد: نزیکەی (15) ماڵ بە هۆی نەبوونی ئەم خزمەتگوزاریانە گوندەکەیان چۆلیان کردووە وتا ئێستا کەرتی تەندروستیمان نییە زەحمەتێکی زۆری بۆ دروست کردووین.

ڕزگار عەلی: گەنجێکی هەرێم ڕوونیکردەوە: بەپێی یاسای بودجەی عێراقی ساڵانە بڕێک پارە تەرخان دەکرێت بۆ کڕینی گەنمی جوتیاران ئەو کاتەی کە گەنمی جوتیاران دەکڕدرێت لە هەموو سایلۆکانی عێراق بەیەک سیستەم و بەیەک ڕێنمایی وبەیەک پلانی بەبازاڕ کردنی گەنم دەکرێت دیارە ئەو نرخەی کەپێ وەردەگیرێت دووبەرابەری ئەو نرخەیە کەلەبۆرسەی جیهانی دیاری دەکرێت بۆیە لەو حاڵەتەدا حکومەت دەیەوێ پشتگیری جوتیاران بکات، بۆ ئەوەی زیاتر هان بدرێن کاری چاندن بکەن و دوور نەکەونەوە لە زەویەکانیان جگەلەوەش ئەو بڕەگەنمەی کە وەردەگیرێت دەکرێتە ئاردولەڕێگەی بریکارەکانی ئاردەوە دابەشی سەر هاوواڵاتیان دەکرێت بۆ ئەوەی نرخی ئارد لەبازاڕەکانی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانیش بەشێوەیەکی جێگیر بمێنێتەوە لەبەرامبەر ئەوەش لە وڵاتی تورکیا ساڵانە نزیکەی سێ ملیۆن تەن ئارد هاوردەی عێراق دەکرێت و کوردستان دیارە کوردستانیش وەکو سەنتەرێکی بازرگانیە بۆ هەموو کاڵاکان و ئاردیش یەکێکە لەو کاڵایانەی کە دێت بۆیە ئێمەش ساڵانە بەپێی ئەو نەخشەیەی کەلە وەزارەتی بازرگانی بەغدا دابەشی سەربەڕێوەبەرایەتی دروستکراوی دانەوێڵە لە پارێزگاکانی کوردستان کاردەکرێ بۆ کارکردن لەسەر ئەو گەنمەی کەلەجوتیارانی کوردستان وەردەگیرێت لەڕێگەکۆنترۆڵی وەزارەتی بازرگانی عێراقی فیدراڵە نەوەک وەزارەتی بازرگانیە بۆ هەرێم دیارە ڕۆڵی وەزارەتی بازرگانی هەرێم تەنها بەدواداچوونەبۆئەو بابەتانەلە حاڵەتێکدا کەئارەدەکە خراپ بێت یاخود باش نەبێت یان هەرکێشەیەک هەبێت





گوتیشی: وەزارەتی بازرگانی دەتوانێ کاری خۆی بە ئەکتیڤانە ئەنجام بدات وەکو ئەرکێکی نیشتیمانی بەپێی یاسای ژمارە 10ی ساڵی 2010سەرپەرشتیاری هەموو کارێکی بازرگانیە لە هەرێمی کوردستان بەداداچوون بۆ ئەو بابەتانە دەکات بۆئەوونە لەچەند مانگی ڕابردوو بەشەکانی مانگی پێنج و شەش ئەو گەنمەی کە سایلۆکان دەهات ولەوێشەوە بۆ ئاشە ئەهلیەکان دابەش دەکرا

جۆرەکەی زۆر باش نەبوو لە شاری کەرکوکەوە بۆ سلێمانی و بۆ شاری هەولێریش دەهات، بەڵام سەبارەت بە شاری دهۆک گەنمی خۆیان هەبوو کێشەیان نەبوو دەربارەی ئەو گەنمەی کە بۆ کەرکوک دەهات لەو شارەدا سایلۆی نییەو لەکوردستان لە هەموویارێزگاکان سایلۆ هەیەو سایلۆکان بەشی ئەو گەنمە دەکات کەسالانە وەردەگیرێت وهیچ پڕۆژەیەکی دروستکردنی سایلۆ لەکەرکوک لەلایەن حکومەتی عێراق ئەنجام نەدراوە لەکاتێکدا ئەگەر ئێمە بەراوردێک لەنێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەتایبەتیش شاری کەرکوک پارێزگایەکی کوردستانییە کەمتەرخەمیەکی زۆری تیا دیارە. سەبارەت بە کۆگاکردنی ئەو گەنمەی کە ساڵانە وەردەگیرێت لەکوردستانیش بۆ نموونە لەشاری سلێمانی تا ئێستا هیچ سایلۆیەکی تێدا نەبوو تەنها یەک سایلۆ هەبوو ئەویش لەکاتێکدا دروستکرابوو لە ساڵەکانی هەشتا دروست کرابووتا وای لێهات ئەو سایلۆیە یەک دەنکە گەنمی تێدا نەبوو لەبەر شەڕی کەنداو تەواو نەکرابوو بەنیوە چڵی مابووە دوای ماوەیەک ئەو شوێنە درایە کەسێکی وەبەر هێنەر لەبەرامبەرئەو سایلۆیەکی دیکە دروست بکات لە سەید سادق لەئێستادا لە شاری سلێمانی چوار سایلۆ هەیە وەک سایلۆی سەید سادق وپیرەمەگرون وسایلۆی ڕانیەو چەمچەماڵ ئەو چوار سایلۆیە نزیکەی 160هەزار تەن گەنمی تێدا کۆگا دەکرێت .

گوندێک لە قەزای سۆران بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاری بەرەو چۆلبوون دەچێت

ئا: حوسێن ڕەسوڵ-سۆران

گوندی ناورۆین دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ناحیەی دیانا ، ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە نزیکەی (25)ماڵ، ئەم گوندە تا ئێستا لە چەندین پرۆژەی ئاو و کارەبا و ڕێگاو کەرتی تەندروستی و لە چەند خزمەتگوزاری تر بێبەش کراوە.



قادر خەلیل عەبدولڕەحمان موختاری گوندی ناورۆین گوتی : "بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەکان دانیشتووانی گوندەکەمان شوێنەکانیان جێ دێڵن و کۆچ دەکەن بەرەو شار، هەروەها ناوبراو دەڵێ: جادەی ناو گوندەکەمان قیرتاو نەکراوە لە کاتی زستان ناتوانین پێیدا بڕۆین، چەندینجار داوامان لە حکوومەت و شارەوانی سۆران کردووە لە زۆربەی شوێن نووسراومان کردووە، بەڵام کەس بە هاناماں نەهاتووە، ئەو خزمەتگوزارییانەی بۆمان کراوە تەنیا قوتابخانەیە بووە، بەڵام ئەویش تاوەکو پڕلی نزییە، بۆیە زەحمەتێکی زۆری بۆ قوتابیەکان دروست کردووە، بەمەش قوتابیەکان داوا لە دایک و باوکیان دەکەن یان ئەوەیە بچن بۆ شار یان دەبێ هاتووچۆیان پێبکرێت ئەمەش دەبێتە هۆی کۆسپێک بۆ خەڵکی گوندەکەمان.

لە درێژەی قسەکانی باسی لەوە کرد: نزیکەی (15) ماڵ بە هۆی نەبوونی ئەم خزمەتگوزاریانە گوندەکەیان چۆلیان کردووە وتا ئێستا کەرتی تەندروستیمان نییە زەحمەتێکی زۆری بۆ دروست کردووین.

ڕزگار عەلی: گەنجێکی هەیە، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی کارەبای نیشتیمانی بەم شوێنانە لە ڕێگەی بەرێوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبا مۆلیدەکان هەڵگیراوەتەوە.

بووە، ناوبراو گوتی : ماستەر پلانەکانی ئێمە ناگاتە گوندی ناورۆین، چونکە بە حوکمی ئەوەی لە دەرەوەی سنووری سۆرانە، بەڵام ئێمە وەک شارەوانی هەوڵدەدین بەدواداچوون بکەین بۆ گوندی ناورۆین.

لای خۆشییەوە مەغدید عەریف: بەڕێوەبەری ناحیەی دیانا گوتی: گوندی ناورۆین یەکێکە لەو گوندانەی سنووری ناحیەی دیانایەو لە ساڵانی ڕابردوو لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991وە کە گوندانەکان ئاوەدان بوونەوەو حکوومەتی هەرێم بە پێی توانا خزمەتگوزاری گەیاندۆتە سەرجەم گوندەکان، ئەو دەشڵێت: گوندی ناورۆین لە پرۆژە و خزمەتگوزارییەکان بێ بەش نەبووە، قوتابخانەشی لێیە تا پڕلی نۆ تایبەتە بە خۆیان خوێندنی تێدا دەکرێت، کارەبای نیشتیمانی لێیە و مۆلیدەی تایبەت بە خۆیان گوندی ناورۆینە و قوتابییە لە زانکۆی سۆران ئەو دەڵێت :"ئێمە وەک گەنجانی گوندی ناورۆین تا ئێستا شۆێنێکمان نییە کە تایبەت کرا بێت بە گەنج، نزیکەی پێنج مانگە مۆلیدەکەمان کار ناکەت.

گوتیشی: قوتابخانەی ئامادەیی و زانیستیمان نییە چەندان قوتابی وازیان لە خوێندن هێناوە بەهۆی دووریی قوتابخانە بەتایبەتی کچ، چونکە لەبەر ئەوەی دەبێت بچن بۆ ناوندی شار بخوێنن.

ئەمیر فاخر :بەڕێوبەری شارەوانی سۆران باس لەکەمی پڕۆژە و خزمەتگوزارییەکانی گوندی ناورۆین کرد و گوتی :گوندی ناورۆین خەڵکی باش و خەمخۆری میللەتی تێدایە، ئەوان بڕێوی ژیانیان بە کاسبی و مەڕ و ماڵات بەسەر دەبەن، ئەو خزمەتگوزارییانەشی کە بۆی نەکراوە بەهۆی قەیرانی دارایی هەیە، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی کارەبای نیشتیمانی بەم شوێنانە لە ڕێگەی بەرێوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبا مۆلیدەکان هەڵگیرانەوە، بەڵام گوندی ناورۆین یەکێکە لەم گوندانە کە مۆلیدەکەی هەڵنەگیراوەتەوە.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/1/6 ژمارە (5665)
خەبات

کاری خۆبەخشی لە پەروەردە
کۆمەڵگەی بێ خۆبەخشی کۆمەڵگەیەکی بێ شارستانییەتە





بەکر کەریم حەسەن

دروشمێکی جوانە دەڵێن" بە یەکەوە خۆبەخشانە، بە یەکەوە شارستانییەتی میللەتێک بنیات دەنێین " بێگومان کاری خۆبەخشی مرۆڤەکان لە خۆیانەوە خۆبەخشانە خۆنەویستانە کارەکان ئەنجام دەدەن بێ ئەوەی لەلایەن هیچ کەسانێکەوە ناچار بکرێن بۆ ئەنجامدانیان، کەواتە ئیرادەیەکە لەناخی تاکەکان ئیرادەی چاکە و کاری باش بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی و پەرە سەندنی وواڵاتەکەیان ، شک لەوە دانییە کارە خۆبەخشەکان یەکێکن لە سەرچاوەکانی بڵاوکردنەوەی رەفتارو رەوشتی باش و بە سوود بۆ کۆمەڵگە و لە هەمان کاتیشدا بە چاڵاکیەکی مرۆڤایەتی گرنگ دەژمێردرێت و رەفتارێکی شارستانی سەردەمە بۆ پەرەپێدانی بەهاکانی هەرەوەزی و هاریکاری و تەبایی و بڵاوکردنەوەی ئاسودەیی و خۆشبەختی لە نێوان کۆمەڵگە و تاکەکان .

بێگومان پەرەپێدان و گەشەکردن لە کاری خۆبەخشی پێویستی بە پاڵپشتی کردن و هاندان و ناساندنی کارە خۆبەخشەکان هەیە و راگەیاندن بۆ هەڵمەتەکانی خۆبەخشی بکرێت لە دەزگاکانی راگەیاندن بە نوسین و بیستن و بینین بە بەردەوامی هەروەها رۆشنبیری خۆبەخشی لە نێوان تاکەکان بڵاوبکرێتەوە و کاری لەسەر بکرێت، لە هەمووی گرنگتر لە قوتابخانەکان گرنگی پێ بدرێت بە تایبەتی ئێمە لە وەزارەتی پەروەردە تا چەند گرنگیمان بەو لایەنە مرۆڤایەتیە لە پێناو و سوود گەیاندن بە کۆی کۆمەڵگە داوە؟ بۆیە گرنگە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان گرنگی بە گەشەپێدان و پەرەپێدانی بەهای کاری خۆبەخشی بدات (تیۆری و پراکتیکی) لە گۆڕەپانی پەروەردە و فێرکردن لە ناخی قوتابییە خۆشەویستەکان و مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردەیی سەرەتا لە ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکانی خوێندن بۆ خۆشەویستن و گەشەسەندن و گرنگی کاری خۆبەخشی لە قوتابخانەکان و لە کۆمەڵگەدا هەر تەنها زانیاری نەبێت، بەڵکو بەشداری پێکردنی کرداری بێت لە کاری خۆبەخشی لە ناو قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە و هەروەها ئەنجامدانی چاڵاکی وخۆبەخشی بە رادەیەک، کە خۆبەخشی وەکو رەفتار و کردارێکی سەرەمیانە لەلایەن قوتابیانەوە پراکتیزە بکرێت و لایان نامۆ نەبێت هەر لە رێگای ئەو کارە خۆبەخشانەیە پەرەپێدانی بنەمای بەخشین و دەست پێشخەری و سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتیە لای قوتابیان پێش دەرچوونیان لە قۆناغی دواناوەندی دواناوەندی دادەنرێت کە لەکاتی دەرچوونیان لەو قۆناغەدا پێویستە پرۆژەیەکی خۆبەخشی دەرچوونیان هەبێت و ئامادەی بکەن تا چەند بڕوایان بەکاری خۆبەخشی هەیە کە بۆتە بەشێک لە ژیانی رۆژانەیان، ئەگەر نمونەیەکی زیندووتر وەربگرین لە وواڵاتی ئیماراتی عەرەبی کە هیچ پێویستی بەکاری خۆبەخشی نییە بۆبنیاتنانی وواڵاتەکەیان لە رووی ئابوریەوە ، چونکە وواڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندە. بەڵام وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئیماراتی عەرەبی بەرنامەی (راچلەکین) ی راگەیاندووە بۆ کاری خۆبەخشی بۆ قوتابخانە حکومییەکان ئامانج لێی بەهای هاووڵاتی بوون و هاووونیشتمانی بوون و پەیوەست و هۆگربوون بۆ خاک و وواڵات زیاتر پەرەی پێ دەدرێت و لە هەمان کاتیشدا هاندانێکە بۆ گەشەسەندنی کەسایەتی کەسەکان و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی و پەرەسەندنی زیاتر ووشیاری کۆمەڵایەتی و خاوەنداریەتی و ئاسودەیی ویژدان و بەختەوەری تاکەکان، دەکرێ لە 5/12ی هەموو ساڵێک کە رۆژی خۆبەخشییە رێزلێنان بۆ خۆبەخشان ئەنجام بدرێت لەلایەن وەزارەتی پەروەردە، بۆیە بە پێویستی پەروەردەیی و بەرپرسیاریەتی دەزانم گرنگی بەو بابەتە سەردەمییە بدرێت کە لە زۆربەی وواڵاتانی جیهان بایەخی زۆری پێدراوە، هەر بۆنمونە لە زۆربەی قوتابخانەکانی وواڵاتانی رۆژئاوا مەرج بۆ قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی دادەنرێت کە لەکاتی دەرچوونیان لەو قۆناخەدا پێویستە پرۆژەیەکی خۆبەخشی دەرچوونیان هەبێت و ئامادەی بکەن تا چەند بڕوایان بەکاری خۆبەخشی هەیە کە بۆتە بەشێک لە ژیانی رۆژانەیان، ئەگەر نمونەیەکی زیندووتر وەربگرین لە وواڵاتی ئیماراتی عەرەبی کە هیچ پێویستی بەکاری خۆبەخشی نییە بۆبنیاتنانی وواڵاتەکەیان لە رووی ئابوریەوە ، چونکە وواڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندە. بەڵام وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئیماراتی عەرەبی بەرنامەی (راچلەکین) ی راگەیاندووە بۆ کاری خۆبەخشی بۆ قوتابخانە حکومییەکان ئامانج لێی پەرەپێدانی بنەمای بەخشین و دەست پێشخەری و سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتیە لای قوتابیان پێش دەرچوونیان لە قۆناغی دواناوەندی لەو بەرنامەیە داوا لە قوتابیان کراوە کە هەر قوتابییەک بە دریژایی ساڵ (25)بیست و پێنج کاتژمێر کاری خۆبەخشی ئەنجام بدات لە قوتابخانە لە پاک و خاوێنی و پاراستن و چاککردنی ژینگە و رازاندنەوەی قوتابخانەکان و ناخی قوتابییەکان .

بۆیە جارێکی تریش جەخت لەوە دەکەمەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستان وەزارەتی پەروەردە سوود لە ئەزموون و شارەزایی وواڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری پەروەردە و فێرکردن وەربگرێت لە بواری جیاوازەکانی پەروەردە و فێرکردن پەرەی پێ بدات هەر بۆ نمونە لە کاری خۆبەخشی لە داهاتوودا کار لە سەر پڕۆژەی جۆراوجۆری پەروەردەیی بکرێت بە ناوی (دەست پێشخەربە) یان (دەست لە ناو دەست) یان (لە پێناوکوردستانەکەمان) یان (پەروەردەمان بنیاتنانی شارستانییەتەکەمانە) یان (خۆبەخشانە و خۆنەویستانە راستگۆیانە پاراستنی کوردستان ئاواتمانە) یان (هەموومان بۆ کوردستان) جۆرەهای تر، چونکە لە بیرمان نەچێت کۆمەڵگەی بێ خۆبەخشی کۆمەڵگەیەکی بێ شارستانییە .

کاریگەری خوێندنەوە بۆ ژیانی تاک
وەرەنگدانەوەی لە کۆمەڵگادا



ڕێباز نەجات شێخ لاج

حەز و ئارەزوو و سروشتی مرۆڤ بۆ خوێندنەوە و، زانست و زانیاری و هەوڵەکانی بۆ بەرەو پێشبردنی پێشکەوتنی لایەنی مەعریفی خۆی بوو.لەچاخەکانی پێشوو چەند کەسایەتیش هەبوونە لایەنی مەعریفیان بەهێز بووە، بەڵام ئەم مەعریفەیە تەنها وەک ئاڵوگۆرکردن(نقل)بەکاردەهات، واتە لەگەڵ مردنی ئەم کەسایەتیانە معریفەکەی خۆیان، لەگەڵ خۆیان بردە ژێر گڵ، کاتێک (ئەلف و بێ)ی زمان پەیدابوو توانیان بەهۆی مەرەکەبەوە لەسەر لاپەڕەکان تۆماری بکەن، ئەمەش بووە هۆی بەرەوپێش چونێکی گرنگ کە بتوانن زانیاریەکان لە نێوان خۆیان ئاڵوگۆڕ بکەن و ببێتە هۆی سود وەرگرتن و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا ، هاندەرەکانی فێربونیش ئەمانەن:

1- پاڵنەری سەرەکی مرۆڤ زانستی مرۆڤ خۆیەتی، چونکە تا مرۆڤ ئاستی زانست و معریفەی بەرز بێت بە سروشتی خۆی حەز بە خوێندنەوە و بەرزکردنەوەی لایەنی معریفی خۆی دەدات.

2- لە ڕاستیدا مرۆڤی سەردەم، لایەنی زانستی و زانیاریەکەیان نەبەستبۆوە بە لایەنی بژێوی و ڕزق و پێداویستیەکانی ڕۆژانە، بەڵام لە سەردەمانێکی وەکو ئەمڕۆ زۆر بەیان بە پێچەوانەوە ڕەفتاردەکەن.

3- ئەقڵ و ویستی مرۆڤ هەمیشە وادەخوازێت کە لە ژیاندا چوارچێوەیەک یاخود بەرنامەیەک بۆ کار و چالاکیەکانی خۆی دابنێ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە خوێندنەوەی کتێب و ئەو سەرچاوانەیە کە ڕێگا نیشاندەری پێکانی ئامانجەکەیەتی0

_4بڵاوبونەوەی زۆر

سەرچاوەی وەک کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و تۆڕێنەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری 000هتد. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە نزیکەی50%ی سەرچاوە زانستیەکان لەماوەی 3ساڵی ڕابردودا نوێ کراونەتەوە ئەو زانیاریانەش لەماوەی (12)ساڵدا دوو ئەوەندەی لێدێت 0

پاڵنەرەکانی خوێندنەوە پێویستە مرۆڤ سوپاسی خوای پەروەردگار بکات کە دووەدست و دووقاچ و دووچاو و دووگوێی و، عەقڵی بە مرۆڤ داوە پێویستە مرۆڤیش ڕێز لەم خەڵاتەی خوا بگرێت بەباشی و لە پێناو خودادا بەکاربهێنێت، خودای گەورەش کەسی خوێندەواری خۆش دەوێت، بۆیە دەبێت ئێمەی مرۆڤ توانا کانمان لە پێناو خوێندن و خوێندەواریدا بەکاربێنین، چونکە دەبێتە مایەی سەرکەوتن و پێکانی خاڵی دیاری کراو و گەیشتن بە ئامانج، هەر کۆمەڵگایەک تاکەکانی سەرقاڵی خوێندن و خوێندنەوە و توێژینەوە بن ئەو کۆمەڵگایە، کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو دەبێت، بۆیە وەک ئەوەی کە ، دەڵێن هەر کۆمەڵگایەک پایەکانی پەرتووک بێت، ڕوخانی ئەستەمە، بەڵام جێگەی داخە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووە ، دروستکردنی ئارەزووی خوێندنەوە هەموو کارێک لە سەرەتادا قورس و گرانە، بەڵام کاتێک دەچێتە ناو پروسەکە، بە پێچەوانەوە سەرنج دەدەی، کە پرۆسەکە بەو شێوەیە نەبوو کە تۆ بیرت لێدەکردەوە بۆیە خوێندنەوەی پەرتووکیش هەر تەنها ئەوەنیە لە ژوورێک و نێوان چوار دیوار دانیشی و پەرتووک بخوێنیەوە، بەڵکو گەڕان لەناو کۆمەڵگا و سەردانی کەسایەتیە ناوادارەکان و بەشداری کردنی کۆڕ و سیمینار و وۆرکشۆپ و کۆبونەوەکان ئەمانە هەمووی بەشێکن لەبەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیر کردنی تاک.کەواتە خوێندنەوە هۆکاری بەزبونەوەی ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیری تاکە.

تەرخان کردنی کات: کە دێتە سەر باسکردنی کات زۆرجار ئەوەمان بە بیردێتەوە کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەهانە و بیانو دێننەوە بەوەی کاتیان نیە بۆ خوێندنەوەی پەرتووک، بەهۆی سەرقاڵی کار و گرفتی ژیانی ڕۆژانەیان، لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە چاوێک بە ژیانی خۆمان بخشێنین دەبینین، کە زۆربەی کاتەکانی خۆمان بەو شتانەوە خەریک کردووە، کە ئەگەر زیانیشیان نەبێت هیچ سودێکی نیە، بۆ نمونە ئەو کاتەی ڕۆژانە تەرخانی دەکەی بۆ بەکارهێنانی مۆبایلەکەت کە 20%کاتەکەت بەهەدەر دەدات، دەتوانی بەکەی بۆ خوێندنەوەی پەرتووک ئەمەش لە توانای هەموو کەسێکە دەتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات.

دابین کردنی پەرتووک: لە سەرەتا دەبێت مرۆڤ ئەو پرسیارە لە خۆی بکات کە بۆچی دەخوێنێتەوە؟ ئامانجی خوێندنەوەکەی چیە ؟ لە دوای ئەوە هەوڵبدات بۆ دابین کردنی ئەو پەرتووکانەی کە ڕێگا نیشاندەرە بۆ گەیشتن بە لەو(24)کاتژمێرەی لەبەردەستت دایە بەلایەنی کەمەوە یەک کاتژمێر تەرخان چاوەکانت لە کتێبەکە دانەبڕێن، لەهەمووان گرنگتر پێویستە ژوورەکە دوور بێت لە ژاوەژاو و دەنگی بێزارکەر، واتە شوێنەکە هێمن بێت بۆئەوەی کارنەکاتە سەر زنجیرەی خوێندنەوە و، بیرکردنەوەکانت پچڕ پچڕ نەبن 0

جۆرەکانی خوێندنەوە: -1

خوێندنەوە بەمەبەستی کات بەسەربردن لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا خوێنەر تەنیا بۆ کات بەسەر بردن کتێب دەخوێنێتەوە، لە ڕاستیدا ئەوانە هیچ سودێک لەم خوێندنەوەیە وەرناگرن، تەنها ئەوە نەبێت کە دووری دەخاتەوە لە کاری بێسوود و زیانگەیاندن .

پەرتووک دابین بکەین، پێویستە ئەم ژورەش چەند خاسیەتێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، لەوانە پیویستە ژورەکە پاکوخاوێن بێت، و هەوا گۆڕکەی تیدا بێت پلەی گەرما لە20-15تێنەپەڕێت، ژورەکە بەپێی توانا سروشتێکی جوانی هەبێت هەروەها ڕووناکی پێویست دابین بکرێت نە زۆر شەوقی هەبێت، زیان بەچاو بگەیەنێت، نەزۆر کز بێت ئازار بە چاو بگەیەنێت، دابین کردنی ئەو پێداویستیانە کە ڕۆژانە بەکاردێنیت و لەبەردەستت دابن بۆ ئەوکاتەی پێویستت پێدەبێت نەگەڕێی بەدوای ئەم پێداویستیانە بۆئەوەی سەرنج و وابەستەی ئامانجەکانی، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاوبکات:

1-دابینکردنی پەرتووکخانەیەک لەماڵەکەی خۆی کە نەک تەنها سودیی بۆ خۆی هەیە، بەڵکو سودی بۆ کۆمەڵگا بەگشتی و منالەکانی بەتایبەتی هەیە، لە کۆتایدا هەر ئەمانە دەبنە پاشخانی دەوڵەت و بەرەوپێش بردن و سەرخستنی پڕۆسە گشتیەکانی بونیات نانی دەوڵەت.

2-سازکردنی کەش و هەوایەکی لەبار بۆخوێندنەوەی پەرتووک، پێویستە هەموومان لە ماڵەکەی خۆمان ژورێکی تایبەت بۆ خوێندنەوەی تەلەفزیۆنی زیان پەروەردەییەو لەژێر دروشمی(پەروەردە، پەروەردە، پەروەردە) دەست بەهەنگاوەکانی دەکات وەک ناو و ناوەڕۆکێکی جیاواز بەو واتایەی پەروەردە بۆمن، پەروەردە بۆ تۆ، پەروەردە بۆ ئەو.. هەوڵدەدات هەموو بەرنامەو کارو چالاکییە میدیاییەکانی لەو چوارچێوەیەدابێت .

دەربارەی بەرنامەو پڕۆگرامەکانی ئەو کەناڵەش هەمزە عەباس وتی : دەربارەی هۆکارێک بۆ گرنگی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان بەلایەنی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی .

کەناڵێکی ناوخۆیی پەروەردەیی دەکرێتەوە



خەبات /ڕۆشنا عەلی

بڕیارە کەناڵێکی ناوخۆیی پەروەردەیی بکرێتەوە کە کەناڵی قوتابخانەیەکی ئەهلییە و ئامانج لێی بە وتەی خۆیان فراوانکردنی سنوری کاری پەروەردەیی دامەزراوەکە و هاندان و پاڵپشتی مەعنەویی قوتابیان و سەرکەوتنیانە، کەناڵەکە لەژێر دروشمی (پەروەردە ، پەروەردە) دەست بەکارەکانی دەکات .

لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات هەمزە عەباس فەقێ بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی دەزگای ژیاری پەروەردەیی ئاماژەی بە کردنەوەی ئەو کەناڵە پەروەردەییە داو لەم بارەیەوە وتی : لەڕوانگەی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی پەروەردەییمان و ئەو بۆشاییە گەورەیەی کە لەو بوارەدا هەیە، وای کرد بڕیاری کردنەوەی تەلەفزیۆنی ژیاربدەین، بەڵکو بتوانین ببینە میوانێکی ڕۆح سوکی ماڵەکان کە بەداخەوە بەچەندین کەناڵی تەقلیدی و ریکلامی و هەواڵی سیاسی سیخناخ کراون، لەسۆنگەی باوەڕبوونمان بە گشتگیری کاری پەروەردەیی و فراوانی چەمکی پەروەردە بڕیارماندا سنوری کارە پەروەردەییەکانمان فراوانبکەین تا لانی کەم ببینە ڕۆشنبیری و پەروەردەیی .



پڕۆگرامەکانی خوێندن و گرنگیدان بەو بوارە و هاوکاری دەرونی و هاندان و پاڵپشتی مەعنەوی بۆ قوتابیان لە پێناو سەرکەوتنیان لە پڕۆسەی خوێندن یەکێک دەبێت لە کارە لەپێشینەکانمان، هاوکات هۆشیاری پەروەردەیی بۆ دایباب و خێزان و دەرخستنی ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەدا بەئامانج گیراوە و هەوڵەکان بۆ پەروەردەو پێگەیاندنێکی ڕەسەنی کوردەواریانەیە و بڕیارمان کۆکردنەوەی ئەزموونی مامۆستایان و پێشەنگانی خوێندەوارو سود لێوەرگرتنیانە .

پەیامی تەلەفزیۆنی ژیار(شکۆمەندی تاک، خێزانی بەختەوەر، کۆمەڵگەی پێشەنگ) بەم شێوەیەش هەرڕێگەیەک شیاوو شایستەبێت بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە دەیگرینەبەر، ئەم تەلەفزیۆنە لەلایەن ستافێکی هونەری و پەروەردەییەوە لە ژێر سەرپەرشتی بەشی ڕاگەیاندن لە دەزگای ژیار بەڕێوەدەچێت.

بەڕێوەبەری ئەکادیمیای ABC Chess لە دیمانەیەکی خەباتدا:

ئەلبیرتۆ ریناتۆ: ئامانجی سەرەکی ئەکادیمیاکەمان پێگەیاندنی نەوەیەکی دروستە لە ڕێگای شەترەنجەوە

هەماهەنگیمان لەگەڵ پاڵەوانەکانی ئیکوادۆر و ئەکادیمیاکان هەیە لە ئاڵۆگۆڕکردنی زانیاری



دیمانە: هاوار مورتکەی

ئەکادیمیای ABC Chess کە ئەکادیمیایەکی ئیکوادۆری تایبەت بە شەترەنجەو ئامانجی سەرەکی فێرکردنی منداڵان و لاوانە، تا ئێستاش چەندین یاریزانی پێگەیاندووە کە توانیویانە نازناوی ئیکوادۆر بەدەست بهێنن، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئیدواردۆ ریناتۆ بەڕێوەبەری ئەکادیمیاکە ئەنجامدا، کە تیایدا تیشکی خستە سەر ئامانج و پرۆگرامی ئەکادیمیاکە و هەروەها ئەوانەی لەو ئەکادیمیایەدا کاردەکەن.

گەشەی مێشکی منداڵ

ئیدواردۆ ریناتۆ بەڕێوەبەری ئەکادیمیای ABC Chess لە سەرەتادا گوتی: بێگومان ئامانجی سەرەکی ئێمە لەو ئەکادیمیایە ئەوەیە کە منداڵان فێری شەترەنج بکەین، دیارە هەموو ئەو ڕاستیەش دەزانین کە شەترەنج یارمەتیدەری منداڵانە بۆ گەشەکردنی مێشکیان، شەترەنج یارییەکە لە زۆر ڕووەوە سوود بە مرۆڤ دەگەیەنێت، دیارە کارکردنیش لەگەڵ منداڵان پیشەیەکی زۆر پیرۆزە.

پیشەگەرین زیاتر لەوەی کەهەن

دواتر بەڕێوەبەری ئەکادیمیای ئەی بی سی چێس گوتی: نزیکەی 10 ساڵە ئەو ئەکادیمیایەمان دامەزراندووە، چەندین بەهرەمان پێگەیاندووە کە توانیویانە لە شەترەنجدا ببنە پاڵەوان لەسەر ئاستی ئیکوادۆر، ئامانجی ئەکادیمیاکەمان فێرکردنی منداڵ و لاوانە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر، فێرکردنی قییەم و ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ کچ و کوڕە منالەکان، ڕەوشتیکی جوانیان بۆ ژیان هەبێت، بۆ ئەمەش شەترەنج زۆر هاوکارە کە بتوانین منداڵان بەو ئامانجانە بگەیەنین، شەترەنج فێرە ئەوەت دەکات کە بڕیاری تایبەت بدەیت، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوە بڕیارەهەلەکانت و چۆنیتی دەرباز بوون لێیان، ئامانجی ئێمە لەم ئەکادیمیایەدا هەر ئەوە نییە فێرە شەترەنجیان بکەین، بەڵکو دەمانەوێ پیشەگەر بن زیاتر لەوەی کە یاریزانێکی شەترەنجن دەتوانم بڵێم ئامانجی سەرەکی ئەکادیمیاکەمان پێگەیاندنی نەوەیەکی دروستە لە ڕێگای شەترەنجەوە.

شارەزایی 31 سال ڕاهێنەرایەتی

لە کۆتاییدا ئەلبرتۆ ریناتۆ گوتی: بەو پێیە من شارەزاییەکی تەواوم لە ڕاهێنانی شەترەنج هەیە و 31 ساڵە لەنێو ئەو بوارەمدام، هەروەها ژمارەیەک لە پاڵەوانەکانی شەترەنجی ئیکوادۆر لەگەڵمن و هاوکارمن لە پێدانی زانیاری، لەگەڵ ئەوەشدا کۆنتاکتمان لەگەڵ زۆرێک لە ئەکادیمیا و سەنتەرەکانی شەترەنج هەیە لە ئالوگۆڕکردنی زانیارییەکان، سەبارەت بە سپۆنسەریش ئەوا بێگومان کاتێک ئەکادیمیاکەمان ئەنجامی باشمان دەبێت دەتوانین سپۆنسەر پەیدابکەین بۆ ئەوەی زیاتر کارەکانمان پەرەپێ بدەین و پێشی بخەین و زۆرترین ژمارە لە قوتابیان لەدەوری ئەکادیمیاکەمان کۆبکەینەوە.



سۆلاری جەنگ بەرپا دەکات

سۆلاری ڕاهێنەری یانەی ریال مەدرید ڕایگەیاند کە بۆ ئەوەی سەرکەوێتە پلەکانی پێشەوە پێویستیان بە بەرپاکردنی جەنگ هەیە، ئەم ڕاگەیاندنەی سۆلاری لەپەراوێزی کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی هات بەر لە یاریی ریال سۆسیداد کە ئەمشەو بەیەک دەگەن.

سۆلاری گوتی: ئەرکمان هێندە ئاسان نییە، لەچەندین پاڵەوانێتی یاریان هەیە، دیارە یاریزانیش مرۆڤە و ماندوو دەبێ، ئەوەی گرنگە بەلامانەوە کۆڵ نەدەین و بجەنگین بۆ ئەوەی بەئاستێکی باشتر دەربکەوین و هەڵکشێین بۆ ڕیزەکانی پیشەوە.



یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا 2019

یەکشەمە:

ئوستڕالیا- ئوردن کاتژمێر 2

تایلاند- هیند کاتژمێر 4

سوریا- فەلەستین کاتژمێر 7

دووشەمە:

چین- قیرغستان کاتژمێر 2

کۆریای باشور- فلپین کاتژمێر 4

ئیران- یەمەن کاتژمێر 7

سێشەمە:

عێراق- ڤیێتنام کاتژمێر 4:30

سعودیە- کۆریای باکوور کاتژمێر 7



یاریەکی دۆستانە لە ڕەواندز

لە یاریگای گەردەگەرد، ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕەواندزی بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر، میوانداری تیپی لاوانی سروشتی کرد، پاش لێدانی فیکەی ناوبژیوان لەلایەن لێوار ڕەسول و دەستپێکردنی یاریییەکە، تیپی لاوانی سروشت توانی ئاستێکی بەرز لە گێمی یەکەم نیشان بدەن و لەچەند هەڵەیەکی بەرگریکاراندا، هێرشبەرانی تیپی بەرامبەر توانیان 3 گۆڵ لە گێمی یەکەمدا تۆمار بکەن، لە کاتی پشووی گێمەکان ڕاهێنەر فەرهاد سالح هەندێک ڕێنمایی دا بە یاریزانەکان و هەندێک گۆڕانکاری و دەستپێکردنەوەی گێمی دووەم ، پاش نیشاندانی ئاستێکی باش و لەدەستدانی چەند هەلێکی گۆڵکردن تیپی ناوەندی وەرش و لاوانی ڕەواندز توانیان 2 گۆڵ تۆمار بکەن و یاریەکە لەبەرژەوەندی تیپی لاوانی سروشت کۆتایی پێ بهێنن.

ڕێبوار هەورامی



لەیاریيەکانی خولی نایابی کوردستاندا:

پێشمەرگەی هەولێر پێشەنگی بەدهۆک چۆڵکرد

دهۆک و دەربەندیخانیش لەگەڵ هەندرێن وگازی باکوور یەکسان بوون

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین- فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

لەیاریيەکانی گەڕی یازدەهەمینی خولی پلە یانە نایابەکانی کوردستان بۆ وەرزەکانی 2018-2019 ئەم هەفتەیە لەرۆژانی پێنجەشەمە وهەینی چەند یاریيەکی گرینگ ئەنجامدران، لەوانە ئەم پێنجەشەمەیە لەنێو یاریگا فرەنسۆ هەریری 2 یانەی هەولێر و یانەی ئاکرێ ڕووبەرووی یەکتر بوونەوە، یانەی هەولێر دوای تێپەڕبوونی شەست حەوت ڕۆژ تامی سەرکەوتنی نەکردبوو لەسەر دەستی یانەی ئاکرێ دوای ئەم ماوە زۆرە یەکەم سەرکەوتنی تۆمار کرد، یاریيەکە لەبەرژەوەندی یانەی هەولێر بەئەنجامی 1-2 گۆڵ بەکۆتایی هات ، یەکەم گۆڵیش لەلایەن یاریزانی ئاکرێ ڕەیان عەبدولقادر تۆمار کرا، هەردوو گۆڵەکەی یانەی هەولێریش لەلایەن هەردوو یاریزانان هۆگر حسێن و عەلی سەڵمان تۆمار کران، بەم ئەنجامە یانەی هەولێر هاتە پلەی دەیەم بەکۆکردنەوەی 13 خاڵ، و یانەی ئاکرێش بەکۆکردنەوەی 5 خاڵ هەر لەدواوەی خولەکە مایەوە.

لەیاریيەکی دیکەدا هەر ئەم پێنجەشەمەیە لەیاریگای یانەی زێرەڤانی ، یانەی زێرەڤانی پێشوازی لەیانەی نەورۆز کرد، یاریيەکە لەبەرژەوەندی تیپی میوان بەکۆتایی هات، دوای ئەوەی یانەی نەورۆز توانی بەئەنجامی 1-3 گۆڵ لەیانەی زێرەڤانی بباتەوە و 3 خاڵی گرینگی دوور لەیاریگای هاندەرانی خۆی لەسەر دەستی زێرەڤانی دەستەبەر بکات.

لەرۆژی دوایی واتە ئەم هەینی یە لەنێویاریگای یانەی پێشمەرگەی هەولێر لەپیرمام ، هەردوو یانەی پێشمەرگەی هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی لەکەشێکی ساردا ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یاریيەکە لەبەرژەوەندی تیپی خاون یاریگا بەکۆتایی هات دوای ئەوەی پێشمەرگەی هەولێر توانی بەئەنجامی (2-1) گۆڵ لەپێشمەرگەی سلێمانی بباتەوە.

لەدەستپێکی گێمی یەکەم یانەی پێشمەرگەی هەولێر لەڕێگەی یاریزان محەمەد سامی گۆڵی یەکەمی بۆ تیپەکەی خۆی تۆمار کرد، دوای ئەم گۆڵەیش یاریزانانی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ هاوسەنگ کردنی ئەنجامی یاریيەکە لەبەرژەوەندی تیپی مەترسیان هێنایە سەر تیپی خاوەن یاریگا، بۆ گۆڵ تۆمار کردن، ئەوەبوو پێش کۆتایی گێمی یەکەمی یاریيەکە یاریزانی پێشمەرگەی سلێمانی جوتیار جەزا توانی گۆڵی یەکەم و یەکسانبوون لەتیپی بەرانبەر تۆمار بکات، گێمی یەکەم بەم ئەنجامەو بەیەکسانبوونی هەردوولا بەتاکە گۆڵێک بەکۆتایی هات.

گێمی دووەم دەستیپێکرد و هەردوو ڕاهێنەران بۆ باشترکردنی ئاستی تیپەکەیان و گۆڕینی ئەنجامی یاریيەکە چەندین گۆڕانکاریيان لەڕێزی پێکهاتەکە ئەنجام دا، بەڵام هەردوو یانە نیازی گۆڵ تۆمارکردنیان هەبوو، بەتایبەتی تیپی خاوەن یاریگا کەهەموو هەوڵێکی خۆی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی سەرکەوتن لەیاریيەکە بەدەست بهێنێت، هەر لەدرێژەی یاریيەکەدا یاریزانی پێشمەرگەی هەولێر عومەر سەدام گۆڵی دووەم وسەرکەوتنی بۆ تیپەکەی خۆی تۆمار کرد ، تاکۆتایی یاریيەکە ئەنجامەکە هەر وەک خۆی مایەوە بەپێشکەوتنی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بەسەر پێشمەرگەی سلێمانی بەئەنجامی دوو گۆڵ بەرانبەر بەگۆڵێک، بەمشێوەیە پێشمەرگەی هەولێر دوای سەرکەوتنی لەیاریيەکەدا توانی 3 خاڵی گرینگ لەسەر دەستی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بەدەست بهێنێت و هاتە پێشەنگی ڕێزبەندی یانەکان.

لەیاریيەکی دیکەدا هەردوو یانەی دهۆک و هەندرێن لەیاریگا یانەی دهۆک بەیەکگەیشتن، یاریيەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەگۆڵێک بەکۆتایی هات، گۆڵی یەکەم لەخولەکی 7دا لەلایەن یاریزانی هەندرێن راشد ماجید تۆمار کرا، گۆڵی یەکسانبوونیش لەلایەن یاریزانی دهۆک عەبدولباسیت جاسم تۆمار کرا، ئەگەر چی یاریزانانی دهۆک لەگێمی دووەمدا چەندین هەڵی زیرینیان لەدەستدا، بەتایبەتی لەدوو هێرشی مەترسیداردا ستوون بووە ڕێگر کەیانەی دهۆک پێش بکەوێت، بەم ئەنجامە هەردوو یانە بەخاڵێکی یاریيەکە ڕازی بوون و یانەی دهۆکیش بەکۆکردنەوەی 21 خاڵ پێشەنگی بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر چۆڵکرد وهاتە پلەی دووەمی ڕێزبەندی خولەکە.

ئەنجامی یاریيەکانی دیکە بەمشێوەیە بوو:

برایەتی * 0 زاخۆ 1

شێروانە * 3 ئارارات 0

دەربەندیخان * 1 گازی باکوور 1

بەمشێوەیە ئەم هەفتەیە گەڕی یازدەمینی خولی نایابی کوردستان سەرکەوتووانە بەکۆتایی هات و ڕێزبەندی خولەکەیش لەپلەی یەکەم تاپلەی پێنجەم بەمشێوەیە دەبێت:

1-پێشمەرگەی هەولێر 22 خاڵ

2-دهۆک 21 خاڵ

3-نەورۆز 19 خاڵ

4-پێشمەرگەی سلێمانی 17 خاڵ

5-شێروانە 17 خاڵ.

جیانۆ: ئامادەم باشترین ئاست لە جامی ئاسیا پێشکەش بکەم

ئەپۆستۆلۆس جیانۆ هێرشبەری هەڵبژاردەی ئوستراليا لەبارەی بانگهێشتکردنی ئەمجارەی بۆ ریزی هەڵبژاردەی ولاتەکەی رایگەیاند کە ئامادەیە باشترین ئاست لە پالەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئاسیا پێشکەش بکات کە دوێنی لە ولاتی ئیمارات کرایەوە. جیانۆگوتی: زۆر خۆشحالم ئەمرۆ لێرەم لەگەڵ هەڵبژاردەی ولاتەکەم، ئەمە سەرەتایەکی باشە لە سالی نوێدا ئاستێکی باش پیشکەشبکەم، هەستیکی باشم لا هەیە کە لەم پالەوانێتییەدا بە ئاستیکی بەرز دەربکەوم، بەتایبەتیش لەوەی کە باش دەزانم ڕاهێنەرەکەمان چ جۆرە یاریيەکی لە ئیمە دەوێت.

هاوکار کەلهوری





سبەی دیاز وەک یاریزانێکی ریال دەناسرێنرێت

تەلەفزیۆنیکی ئیسپانی کاتی پێشکەشکردنی ئیبراهیم دیازی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاشکرا کرد کە لە یانەی مانچستەر سیتییەوە ڕووی کردۆتە یانەی ریال مەدرید.

کەنالی لاسیسکتا بڵاوی کردەوە کە یانەی ریال مەدرید ئەمڕۆ دووشەمە ئیبراهیم دیاز لە هۆڵی ناساندنی یاریزانەکان لە ستادیۆمی سانتیاگۆ برنابیۆ، وەک یاریزانێکی یانەکەی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەناسێنێت.

دیازی تەمەن 19 سالان کە کۆتایی ئەم وەرزە وادەی خۆی لەگەڵ مان سیتب تەواو دەبێت، بەرامبەر بە 15 ملیۆن یورۆ پەیوەندی بە ریال مەدریدەوە کرد.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 6. Jan. 2019 No: (5665)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



گەواهیدانێک لەسەر شاعیر و راگەیاندکارێکی کوردی مەغریبی (عەبدولحەق بن ڕەحمون)

عەبدولحەق بن ڕەحمون، ناوێکی پرشنگدار، گەرۆک وەک تەیرێکی کۆچڕەو، نیشتیمانەکەی هێندەی قەسیدەکەی گەورەیە، ئەو مرۆڤە کوردەی عیشقی بۆ هەر وڵاتێک هەبێت وەک نیشتیمانی خۆی تەماشای کردووە. عەبدولحەق بن ڕەحمون، شاعیرو ڕۆشنفکرێکی ئینسکلۆپیدیاییە، لەهەر شارو وڵاتێکدا گیرساپێتەوە ئەو شوێنەی پڕ کردووە لە خۆشەویستی و ئاشتی، ئەو باڵیۆزی کوردەکانە و بۆ هەخەر شوێنێک کۆچی کردبێ بە ئەدەب و ئافراندنی ڕەسەنی کوردی ئاشنای کردوون. عەبدولحەق بن ڕەحمون، سەردانی هەر شوێنێکی کردبێ زانیاری لە بارەیانەوە بڵاو کردۆتەوەو وەکو بازێکی بەرزە فرە هەمیشە لە لوتکەی چیاکان گیرساوەتەوە. ئەو وەکو سوفیەکی عاشق ڕەشمااڵی لە پشتی خۆی هەڵداوەو هەر کوێیەک بۆنی زێدی ئەوی لێ بێت، تێدا دەحەسێتەوە. بۆیە عەبدولحەق بن ڕەحمون، دۆستایەتی لەگەڵ هەموو ئەو خاوەن هزرو قەڵەمانەدا هەیە کە وەک گەریدەیەک گەشتی بۆ کردوون، ئەو هەرگیز لە سەختی ڕێگاو کەش و هەوا نەسڵمێتەوە، بۆیە نوسین و گوزارشتەکانی وەک بۆنی خاک، بۆنی حەقیقەتیان لێ دێ. ئەوەی دەربارەی گوتراوەو دەگوترێ هێشتا هەر مەبەستی تەواوی خۆی ناپێکێ، چونکە لەگەڵ هەر دانیشتنێکیدا نەهێنی زیاتر لە دنیای جوانیی ئەو زاتە زیاتر کەشف دەبێت.

خانمە هونەرمەندی جیهانی
(لارا فابیان Lara Fabian)



خانمە هونەرمەندی جیهانی خاتوو (لارا فابیان Lara _ Fabian) ، دەنگێک پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی ، ئەو دەنگەی کێشوەری ئەورووپای هەژاندووە ، ساڵی 1970لە بروکسلی پایتەختی بەلجیکا لە دایک بووە ، ئەورووپیەکان هەریەکەو بەهی خۆیانی دەزانن چونکە خاتوو لارا بە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیتاڵی و ئیسپانی و پورتوگاڵی و ڕوسی گۆرانی دەڵێت و لە هیچ کامێکیاندا هەست ناکەی لەو نەتەوەیە نییە ، زیاتر لە (18) ملیۆن کۆپی بەرهەمەکانی کراوەتەوە .. لارا خاتوون ئاوازەکانی پڕن لە حەسرەتی خۆشەویستی و ئازارەکانی ژیان ، گۆرانیەکانی بەگشتی هێمن و خاون .. خاتوو لارا ڕۆحیەن لەگەڵ جەماوەرەکەی تێکەڵ دەبێت (ئاخر جەماوەرەکەی هەموو گۆرانیەکانی ئەویان لەبەرە) بۆیە زۆرجار ئەم بێدەنگ دەبێت و تەنها بەرامبەر جەماوەرەکەی فرمێسکی خۆشەویستی دەڕژێت ... تەمەن درێژی بۆ ئەو خاتوونە ئازیزە ...

ڕێبوار هەورامی

ڤیان بێتووشی: من بەجەستە لە باوەشی غەرییدا دەژیم، بەڵام بە دڵ و فیکر نیشتیمانەکەم لە باوەشی منداید



د. کەیفی ئەحمەد

(ڤیان مەجید محەمەد سالح بێتووشیم) ناسراوم بە (ڤیان بێتووشی) لە نێو باوەشی خانەوادەیەکی کۆیی و لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، چونکە باوکی لە سالی پەنجاکان بۆ خوێندن چووە بۆ سلێمانی و دوایە چۆتەوە بۆ کۆیە و لەوێ ژنی هێناوە و پاشان لە سلێمانی نیشتەجێ بوون، هەر لە سلێمانی چۆتە بەر خوێندن و هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لەو شارە تەواو کردووە، کە دەرچووی پەیمانگای تەندروستی بالایە، هەر چەند خۆی زۆر حەزی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا دەکرد، بەڵام بە هۆی خۆشەویستی خێزانەکەی بۆی و هەڵنەکردن بەبێ ئەو، خواستەکەی لە گۆڕنا. (خاتوو ڤیان) ئێستا لە دەرەوە نیشتەجێیە، کەسێکی چالاکیی بواری کاری ڕێکخراوەیی و چالاکییە مەدەنییەکانیشە، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە کار و توانا و پرۆژەکانی، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەکرد:

*** دەستپێک و سەرەتای چوونت بۆ نێو دنیای ئەدەب چۆن بوو؟**

دەستپێکی نووسینم دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ناوەندیم، زۆر ئارەزووی خوێندنەوەم دەکرد، هەمیشە پشتی دەفتەرەکانم کردبوو بە مەخزەنی کۆپڵە شیعرەکانم، بەس بۆ خۆشی خۆم دەمنووسی، ڕۆژێ لە ڕۆژان بە تەمای ئەوە نەبووم ئەو شیعرو بەرهەمانەم بڵاوبکەمەوە

*** لە کوردستان یان لە هەندەران دەستت بە هۆزانەوەی شیعر کرد؟**

ئەوەی زیاتر کاری تێکردم، پەرە بە بەهرەکەم بدەم هەندەران بوو، کە ڕەشە با لە بنی هەڵکێشام و بارانی غەریبی تەڕی کردم و ئازاری غەریبی لوولیدام و کردمیە داری سەرکەلی هەندەران، دەریایەکی قوواڵە مەلە نەزانی تێیدا دەخنکێیت، دەبێت زۆر لێزانانە مەلەی تێدا بکەیت، بۆ ئەوە لە نێوەڕاستدا گیر نەخۆی و بۆ لێوار بڕۆی و لەنگەر بگری.

*** پاڵنەری ڕووکردنە ئەو بواڕە چی بوو؟ کۆمەاڵیەتی، نیشتیمانی، نەتەوەیی، یان حەزو ئارەزووی خۆت بوو؟**

من شیعر وەک کانیەک دەبینم، کە لەناخەوە هەڵدەقوڵێت. چرایەکە لە ناخمدا دادەگیرسێت و هەست بە ئارامی دەکەم، بە وشەکانی ناخم پەڕەی سپی پێ ڕەش دەکەمە وە، دەبێت لەو کاتانەی شیعرم بۆدێت وەرەقەو قەڵەمم لابێت، بۆ ئەوەی بینووسمەوە، ئەگینا لە بیرم دەچێتەوە، هەموو شیعرێکم کاردانەوەی کارساتەکانە، کە ڕوو دەدەن، یان ڕوویانداوە، جا خۆشی بێت یا ناخۆشی، هەندێ شیعرم هەیە واقعیە، هەمە لە سەر ژیان و ژانی ژنە، هەمە لە سەر نیشتیمان و ژانەکانی نیشتمانە. لە سەر خۆشەویستی ... تاد

*** لەو سەرەتایەدا تێڕوانینی خەڵک و دەوروبەر چۆن بوو؟ هەڵوێستی خانەوادەکەت چۆن بوو؟**

هەموو خێزانێکی ڕۆشنفکرو شیعر دۆست بە تاکید خوشحاڵ دەبن و باوەشی خۆشەویستیت بۆ دەگرنەوە و هاندەریشت دەبن، منیش بێبەش نەبووم لەو دۆخ و واقیعە.

*** لە نارنیشان و نێوەرۆکی شیعرەکانتدا باسی مۆسیقا و هەستی مۆسیقی دەکەی، ئایا هیچ شارەزاییت لە بواری مۆسیقادا هەیە؟**

بەداخەوە! من کەمێک شارەزایم هەیە لە بواری مۆزیک . بەڵام زۆرم حەز لە گوێگرتنی هەندێک مۆزیکە، چونکە دڵ و دەروونم ئارام دەکاتەوە، بە تایبەتی هەندێک مۆزیکی کلاسیکی، کە تامو چێژێکی تایبەتم پێدەبەخشێ.

*** شیعر بە لای تۆوە چی دەگەیەنێت ؟**

شیعر هەڵقوڵانی هەست و نەستە لە ناخی دڵ و دەروونەوە دەڕەچێت بۆ سەر پەڕەی سپی و بە نۆتەکانی دەینەخشێنێ، شیعر گلۆپێکە لە دڵەوە هەڵدەگرێت و هەست بە ئارامی دەکەیت، ئیتر نیشتمانی بێت یا کۆمەاڵیەتی یان هەر لایەنێکی دیکە بێت.

*** ئایا شیعر گوزارشتی ناخی خودی شاعیرە یان گوزارشتە لە کۆمەڵگەو دەوروبەرو سرووشت؟**

شیعر تەنها گوزارشت لە ناخی خودی شاعیر ناکات، بەڵکو گوزارشت لە دەورو بەرەکەشی دەکات، کاردانەوەی ڕووداوەکانە، تا ڕووداوێک کارت تێنەکات، کاردانەوەت نابێ و ناتوانی بنووسی.

*** تۆ زیاتر ڕێبازێکی ئەدەبی لە هۆزانەکانتدا پەیڕەو دەکەی؟ بۆچی؟**

وەک پێشتر باسمکرد، من زۆر حەزم لە هۆنراوەی کلاسیکییە. سەرەتای دەستپێکرنیشم زیاتر شیعری کلاسیکی بوو، لە هەمانکاتدا شیعری نوێشم دەنووسین. هەروەها هەموو شاعیرێکیش شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

*** سوودت لە ڕێبازی کلاسیک و شاعیرانی کۆن وەرگرتووە؟**

من شیعر بە زۆر ڕێکناخەم وەک باسمکرد، بەڵکو لە ناخەوە دەردەچێت، جا کات و ساتی بۆ نییە، هەر ئەو کاتانەی لە ناخەوە دێت نەیخەمە سەر پەڕەی سپی و نەینووسم لە فکرم دەچێتەوە و بار دەکات.

*** چۆن لە کلتوور و داب و نەریتی کۆمەاڵیەتی دەروانیت؟**

من شانازی دەکەم بە داب و نەریتە کۆمەاڵیەتییەکانی خۆمەوە، بە مەرجێک گۆڵبژێر بکرێت، ئازاردان و ژنکوشتن و تووندو تیژییەکانی تێدا قەدەغە بکرێت.

*** ئایا گرنگ و پێویستە، کە شاعیر سوود لە کلتووری نەتەوەکەی وەربگرێت؟ بۆچی؟**

بە دڵنیاییەوە.. پێویستە ئێمە سوود لە کەلتووری نەتەوە پێشکەوتووەکان وەربگرین، وەک هەر هەموو نەتەوەیەکی دیکەی پێشکەوتووخواز پێویستمان بە نوێخوازی هەیە، پێویستە شتە جوانەکانیان وەربگرین، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای ئێمەش وەک هەموو کۆمەڵە پێشکەوتووخواز ەکانی دیکەی لێبێت و لە پێشکەوتن بێبەری نەبین.

*** زیاتر سوود لە کلتوور و داب نەریت و واقیعی ناوچەکەت یان نەتەوە نیشتیمانەکەت وەر دەگری؟ بۆچی؟**

من وەک کوردێک داب و نەریتی کوردەواریی خۆم لە دەستنەداوە و زۆر ڕێزم لێگرتووە و پاراستوومە. سوودم لێوەرگرتووە بۆ خۆم و منداڵەکانم و هەوڵی زۆرم لە گەڵدا داون، تا ڕادەیەک لە سەر داب و نەریتی کوردەواریی خۆمان ڕامهێناون . لە وڵاتی غەریبیدا زۆر قورسەو زۆر پێبانەوە هیلاک دەبم . چونکە منداڵەکانم لە کۆمەڵگەیەکی جیاواز و کەلتورێکی جیاواز و داب و نەریتێکی جیاوازدا دەژین، هەر لە سەرەتای ژیانیانەوە، لەگەڵ کەلتوری ئەوروپی گەورە بوون. بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستە سوود لە داب و نەریتی وڵاتەکانی دیش وەربگرن کە سوودمەند بن و ئیستیفادەی هەبێت بۆ نیشتمانەکەم .

*** ئەگەر لە بەرهەمەکانی داهاتوودا، هەر بەتەمای لە سەر ئەو شێوازە بەردەوام بیت، یان گۆڕانکاری لە شێوازدا دەکەی؟**

بە تاکید ئەگەر هەر بەردەوام بم لە نووسین لەگەڵ ڕۆژگاردا گۆڕانکاری بە سەر نووسینەکانیشمدا دێت و شتی جوانترو باشتر دەنووسم.

*** تۆ ئەزموونێکی بە ناکام ئەگەیوت لە بوارێکی دیکەی گرنگی ئەدەبدا هەیە، ئەویش ڕۆماننووسیە، ئەگەر باسێکی ئەو ئەزموونەشت بکەی؟**

هەر چەندە من تازە وردە وردە دەستم کردۆتەوە بە نووسین، من ماوەیەکی دوورو درێژ بەداخەوە لە نووسین کەوتبوومەوە. ئەویش هۆکاری زۆری لە پشتەوەیە ناوترێت. هەروەها هۆکارێکیش دەگەڕێتەوە بۆ سووتانی ماڵەکەم و بەرهەمی نووسینی چەند ساڵەمی کرد بە سووتوو، بوو بە زووخاو لە دڵمدا، بە ڕاستی زۆر کاری تێکردم و وازم لە نووسینی هەموو شتێک هێنا... چونکە چەند ساڵێک بوو خەریکی نووسینی ڕۆمان بووم و زۆر دڵم پێیخۆش و ئاسوودە بوو زۆریش لەگەڵی ماندوو بووم و هەنگاوی زۆرم نابوو و زۆرم نووسیبوو، چونکە هەر جارەی هەندێکم دەنووسی و زۆر پەلەپرووکێم لێی نەدەکرد و هەنگاوی باش و لەسەرەخۆ و پتەوم دەنا.

*** چەند ڕۆمانت لە نێو چوون؟**

کاتێ ماڵەکەم سووتا، من دوو ڕۆمانم نووسیبوو، کە بەداخەوە هیچ شتێکم بۆ دەرنەچوو، هەمووی سووتا لەگەڵ چەندەها شیعرم کە هیچیانم بڵاونەکردبوونەوە، چونکە ماڵ سووتانەکەم بە جۆرێک بوو هیچم بۆ دەرنەچوو، بە شێوەیەک ببوە جێی باس لە سۆشیال میدیاکان، لە تەلەفزیونی ئەڵمانیا باسیان لێوە دەکردو ڕۆژنامەکان لە سەریان نووسینی نەو ڕۆمانانەو چەندین شیعری بڵاونەکراوە، کە بەرهەمی چەند ساڵەم بوون، زۆر نیگەرانیان کردم و زۆر بەداخەوەم بۆیان، کە لە چاو تروکانێکدا ئەو ڕەنجانە لە نێو چوون.

*** ئاتوانی دووبارە بیاننووسیەوە یان بە شێوازێکی دیکە دایانڕێژێتەوە؟**

بەڕاست من ئەگەر بە ئارەزووی دڵی خۆم بێت حەز دەکەم باقی تەمەنی خۆم بە نووسین تەرخان بکەم ، بەڵام وەک دەزانین لەم وڵاتەدا کەمی کات و زۆری کار بوارت پێنادا بە دڵی خۆت بنووسی، چونکە مرۆڤ هەموو کاتێک ناتوانێت بە ئازادی ئیشی خۆی هەڵبژێرێت، جاری واهەیە بە بێ خواستی خۆت کارێکت بە سەردا دەسەپێت، کە ناچاری پەیڕەوی بکەیت. بەڵام گەر کاتم بۆ ڕەخسا هەوڵدەدەم دووبارە تێهەڵبچمەوە بیانخەمەوە سەر پەڕە و بیاننووسمەوە.

کاریگەری ڕۆنی زەیتوون بۆ ڕێگری کردن لە تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە



سوودەکانی زەیتوون و بەرهەمە سروشتییەکانی پەیوەست بە ڕۆنی زەیتوون چەندین ساڵە لە چوارچێوەی ڕژێمی خۆراکی دەریایی نوێن دەستنیشانکراون .. زانایان جۆرێک پێکهاتەیان لە نێو ڕۆنی زەیتوون دۆزیوەتەوە کە ڕەنگە یارمەتی جەستەی بەشدار بدات بۆ دروستکردن و بڵاو کردنەوەی ئەنسۆلینی زیاتر، کە ڕێگە لە تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە دەگرێت و ئەوش تێچوویەکی کەمترە بۆ ڕووبەرو بوونەوەی ئەو جۆرە نەخۆشییە .تویژەرانی زانکۆی ویلایەتی ڤیرجینیا لە ئەمەریکا بۆیان دەرکەوتووە کە پێکهاتەی" ئۆلیڤرۆپین"ی نێو زەیتوون یارمەتی زیاتربوونی ئەنسۆلین دەدات ،ئەنسۆلین مۆلکۆلی سیگناڵدەری ناوەندی جەستەییە کە دەتوانێت متابۆلیسم کۆنترۆڵ بکات. هەروەها پێهکاتەی هاوشێوەی ئەو مولکۆڵە کە بە "ئامیلین "ناسراوە دەسرێتەوە ،ئامیلین مولکۆلێکە کە لە نێو نەخۆشی شەکرە زۆرتر بەرهەم دێت . بۆیە پێکهاتەی "ئۆلیڤرۆپین ڕێگری لەو نەخۆشییە دەگرێت .بۆیە ،بەکارهێنانی ڕۆنی زەیتوون دەتوانێت هەنگاوێکی ستراتیژی بێ بۆ ڕووبەرووبوونەوەی نەخۆشی شەکرە و چارەسەری.

چاپکراوی نوێ



زەینەب خان لەنووسینی عوسمان موفتی بە زمانی عەرەبی کەوتە بەردیدی خوێنەران، ئەم کتێبە باس لەژیانی زەینەب خان دەکات، کەلە ساڵی (١٩٠٠بۆ ساڵی١٩٦٣) لە قەڵای هەولێر ژیانی بەسەر بردووە،کتێبە لە ٤٠ لاپەڕەپێک هاتوە، ناوەڕۆکی کتێبەکە باسی ژیانی زەینەب خان دەکات کە ژنێیک بوە، حەزی لەهونەر بووە ژنێکی کۆمەاڵیەتی بووە.